پێشەکی

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا یەکێکە لە رووداوە مێژوویە گرنگەکانی سەدەی رابردوو، کە زۆر لە مێژوونوسانی جیهان شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەمە جۆریان لەسەر کردووە. لێ جێگای داخە ئێمەی کورد، هەتاوەکوو ئەمرۆش هیچ کتێبێک یان لێکۆڵینەوەیەکی وامان دەربارەی ئەم رووداوە گرنگە نییە . کاتێک کە چوومە کتێبخانەی گشتی(مانهایم)، بەجارێک سەدەیا کتێبم لەسەر شەری ناوخۆی ئیسپانیا بەرچاوکەوت، ئەم حالەتە تووشی گریانێکی زۆری کردم، مرۆڤ هەتا چاوی بە کتێبخانە ئەوروپییەکان نەکەوێت، نازانێت کتێبخانەی کوردی چەندە لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەژارو داماوە. راستە ئەم حاڵەتەش پەیوەندی بە داگیرکردن و کۆلۆنیالیزمی کوردستانەوە هەیە، لێ لەهەمان کاتیشدا، زۆرجار خۆشمان بەرامبەر بەم حاڵەتە تاوانبارین. گەورەتری هیوای من ئەوەیە، کە وا لە کتێبخانەی کوردی بکرێت، کەبەلایەنی کەمەوە، لەسەر هەربابەتێکی (سیاسی، ئابووری، زانستی، ئەدەبی، مێژوویی،،،،،). کتێبێک یان نامیلکەیەکی هەبێت .

شەری ناوخۆی ئیسپانیا تەنها شەرێکی ئاسایی نێوان دوو گرووپی ناو وواڵاتێک نەبووە، بەڵکە ئەم شەرە، سنووورەکانی ئیسپانیای بەزاندووەو سیمایەکی جیهانی

بەخۆوەگرتووە. دەبینیت بەهەزاران کەس، لەووڵاتانی جیهانەوە هاتوون و بەشداری ئەم شەڕەیان کردووە. کاتێک لایەنێک سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت، تەنها لە ئیسپانیا شایی نەگێراوە ، بەڵکو لە وولاتانی تریش شایی گێراوە. بەپێچەوانەوە، گەر لایەنەکەی تر، شیوەنی کردبێت، لەووڵاتانی تریش شیوەن کراوە. بە گشتی شین و شایی هەردوولاکە، شین و شایی هەزاران کەسی جیهان بووە.

ئەم حاڵەتە تایبەتیە وامان لێدەکات، کە زۆرتر بەدوای ئەو فاکتەرو سەرچاوانە بگەڕێن، کە ئەم حاڵەتە جیهانیەی دروست کردووە. بەهەزاران گەنج و لاوی جیهان، هاتوون بەپیری مەرگەوە، هەزاران کیلۆمەتر، لەووڵاتاکانیان دووركەوتوونەتەوە، هاتوون لەم خاکەدا نەمامی تازەپێگەیشتووی ژیانیان دەسووتێنن. لێرەوە ئاشنای ئەو راستیە دەبین، کە ئایدۆلۆژیا ئەو پردە بەهێزە ئەفسووناویە بووە، کەتوانیویەتی رۆحی هەزاران کەس لەجیهاندا بەیەکتری ببەستێتەوە. لەو سەردەمەدا بەشەریەت بەسەر دوو ئایدۆلۆژیای ئێجگار دژ بەیەک دابەشبووە، کەئەویش (کۆمۆنیزم وفاشیزم) بووە. لەپاش هەڵگیرساندنی شۆرشی مەزنی رووسی، خوێنی کۆمۆنیستەکانی جیهانی سوورتر کردووە، بۆتە گەورەترین ووزە، بۆ پێشخستنی ئەم ئایدۆلۆژیایە لەجیهاندا. بەهەمان شێوەش ، کاتێک مۆسۆلینی و پارتەکەی لەئیتالیادا دەست بەسەر حوکم دا دەگرن، بوونەتە

گەورەترین پاڵپشتیکەری، هەموو فاشیست و راسیزمەکانی جیهان. بەسەرکەوتنی فاشیزم لە ئیتالیا، هێندەی تر بەنزینی بە بیری فاشیزم و راسیزم لەجیهاندا کرد.

گەلی ئیسپانیاش وەکوو هەموو گەلانی تری سەر ئەم ڕووی زەمینە، ئەم دوو ئایدۆلۆژیایە کاری تێکردووە. ئەم شەرە شەری دوو ئایدۆلۆژیا ، دوو جەمسەری دژ بەیەک ، دوو چینی دژ بەیەک ، شەری کۆمەڵێک زلهێزی جیهانی بووەو، گەلی ئیسپانیاش بەوەکالەتی ئەوان ئەم شەرەی کردووە.

تراژیدیاکانی ئەم شەرە،(و ناپاکی و خوێنمژی و براکوژی و دەربەدەری ومااڵوێرانی و جاشایەتی و سووتاندن،،،،) هەموویان مێژووی خۆمانم بیردەخاتەوە . من کاتێک تەمەنم گەیشتە هەژدەساڵ، حیزبە کوردیەکان، بۆ ڕۆژی لەدایک بوونم، ئاگری شەری براکوژیان کردە دیاریم . هەربۆیە ، بەدواچوون و باسکردنی شەری ناوخۆ، لەهەرکوێ یەکی جیهان بێت ، ترسێکی ئێجگار گەورە دەخاتە ڕۆح و ویژدانمەوە . جاران وام دەزانی تەنها ڕۆلەکانی کوردن ، دەستیان دەچێتە خوێنی براکانیان ، لێ پاش ئەوەی خوێندمەوە ، خەڵکم بینی ، گوێم گرت ، زانستی نوێ فێربووم ، تێگەیشتم ، بەڵی زۆرباش تێگەیشتم، کە خۆ تەنها ئێمەی کوردنین، کەئەم کارەنەگریسەمان لەدژی یەکتری کردووە، بەڵکە گەلانی تری جیهانیش(ڕووسی ، ئیسپانی ، فەرەنسی ، چینی، لوبنانی، ئەفەریکی ، ئەڵمانی،،،،) ، هەمان تاڵی

و ناخۆشیان چەشتووە . هیوادارم ، هەرگیزاوهەرگیز، ئەو چرکە خوێناویانە، ئەو سەعاتە ترسناکانە، ئەو ڕۆژە ڕەشانە، ئەو شەوە زرنگانە، ئەو وەرزە بێ بەهار و بێ سەوزیانە ، ئەو دیمەنە ناشرین و جەرگبڕانە ، ئەو ووشکەساڵانە ، هیچ کات ،هیچ سەردەمێک ، تووشی هیچ گەلێک یان ووڵاتێک نەبنەوە . بەراستی کارەساتی شەری ناوخۆ، ئێجگار جەرگ بڕن. گەلی ئیسپانیاش سەردەمانێکی زۆر، تووشی هەمان دەردی کوشندەی کوردی بووە . هیوادارم، کە لەڕێگای ئەم کتێبەوە ، توانیبێتم، کەمێک لەو خەرمانەی شەری ناوخۆی ئیسپانیا، بۆ ئێوەی بەڕێزوخۆشەویست باسبکەم . دیارە ئەم کتێبەی من، هەوڵێکی بچووکە بۆ تێگەیشتنێکی گشتی دەربارەی ئەم ڕووداوە. هیوادارم، کە خەڵکانی تر لەم کارەی من چاکتر بکەن و، زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم شەرە ، بەخوێنەری کوردی بدەن .

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ئەڵمانیا / مانهایم .

24/04/2006

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا

بەشی یەکەم

سەرەتا

مێژووی ئیسپانیا وەکوو مێژووی گەلانی تری جیهان ، بە چەندین تاڵی و ناخۆشیدا تێدەپەڕێت. ئیسپانیا بۆ ماوەی هەشت سەدە، تاڵی و زووخاوی کۆڵۆنیالیزمی عەرەبی بینی. ماوەی چوارسەدەش ، تاڵی و زووخاوی کرد بەقوورگی گەلانی تری جیهاندا. هەر لە (ئەمەریکاوە بۆ ئەفەریکا) دەستی تاڵانی و دزی ئیسپانیایان پێگەیشتووە . ئیسپانیا ، یەکەمین وواڵاتی داگیرکەری ئەوروپی بوو، کە کیشوەرە نوێکەی ئەمەریکای دۆزیەوە، بەمەش سەردەمی دزی و تاڵانی لە ئەوروپا بەگشتی و ئیسپانیا بەتایبەتی دەستی پێکرد .

رووداوە مێژوویەکانی پێش شەری ناوخۆ

ساڵی 1492 ئیسپانیا ،پاش هەشت سەدە لەداگیرکەری و بەربەریەتی عەرەبی ڕزگاری بوو[1]. هەر لەگەڵ

1- 501 سنة الغزو مستمر ، نعوم تشومسكى ، ترجمة مى النبهات ، دار المدى،ديمشق/ سوريا ل9

ڕزگاربوونی، سەردەمی (دادگاکانی پشکنین ، محاکم التفتیش) دەستی پێکرد. ئەم قۆناغە بە قۆناغی ڕاونانی جوولەکەو مۆرەکان بە موسڵمانەکانیان دەووت(مۆر). هەر لەو ساڵەشدا کەشتیەوانی ئیتالی (کریستۆف کۆڵۆمبۆس*)، کیشوەری ئەمەریکای بۆ ئیسپانیا و جیهان دۆزیەوە.بە دۆزینەوەی ئەم کیشوەرە نوێیە، قۆناغی بەربەریەتی ئیسپانی دەستپێدەکات. هەر یەکسەر لەو ساڵەدا، بەزۆر جوولەکەکانیان بۆ ئەم کیشوەرە نوێیە نارد. هەر بەدۆزینەوەی ئەم کیشوەرە ،ئیسپانیاکان بە دڕندەترین شێوە کەوتنە گیانی خەڵکی ڕەسەنی ئەم کیشوەرە. بە ملیۆنەها درەخت و مرۆڤیان بەپیسترین شێوە لەناو برد. دیارە ئەوروپیەکانی تریش، لە ئیسپانیەکان خراپتریان کرد، بۆ نموونە تەنها لە ئەمەریکادا 30 ملیۆن مرۆڤیان کوشت. لەناوبردنی خەڵکی ڕەسەنی ئەمەریکا، ڕەشترین خاڵە بەرووی گەلانی ئەوروپییەوە. ئیسپانیەکانیش بەشی شێریان لەم چەتەگەریە بەرکەووت. بەشێکی زۆری ئەم کیشوەرە لەلایەن ئیسپانیاوە داگیرکرا. لێ ئەم وەزعە درێژی نەکێشا، چونکە هەر لەم کیشوەرەدا، بزووتنەوەی

* Christopher Columbus ، کریستۆف کۆڵۆمبووس(1451 /1506) کەشتیوانێکی ئیتالی بوو ساڵی 1492 کاتێک هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگایەکی نوێی بۆ هیندستان دەدا ، گەیشتە کیشوەری ئەمەریکا. ئەم کەشتیارە کاری بۆ پاشانشینی ئیسپانیا دەکرد .

ڕزگاریخوازی تەشەنەی کرد. ئەم بزووتنەوەیە لە باکووروەوە بۆ باشووری کیشوەرەکە دەستی پێکرد .

سەرکەوتنە یەک لەدوایەکەکانی سیمۆن پۆلیڤار*، تەنگی بە ئیسپانیا هەڵچنی و، بەشێکی زۆری ئەو کیشوەرەی لەژێردەستی ئیسپانیا ڕزگار کرد. هەروەها کێشەیەکی تری بۆ دروست بوو، ئەویش رزگاربوونی بەشی باکووری کیشوەرەکەو دروستبوونی وولاتێکی بەهێزی ئەمەریکی. دیارە ئەم وولاتەش لە ئیسپانیەکان دڕندەو بەربەری تر بوون. ئەمەریکیەکان پاش ڕزگاربوونیان یەکسەر لەگەڵ ئیسپانیاکان کەوتنە شەرەوە. دیارە ئەم شەرەش لە سەردەمی سەرۆکی ئەمەریکی جیمس مۆنرۆ ** گەیشتە لووتکە.

* Simon Bolivar سیمۆن پۆلیڤار (1783 – 1830) . سیاسی و شۆڕشگێڕێکی ئازای ڤێنزوێلی بوو، لە خێزانێکی دەوڵەمەند لەدایک بووە. لە ئەوروپا خوێندنی تەواوکردووە، ساڵی 1807 دەگەڕێتەوە و هەموو ژیانی خۆی بۆ ڕزگارکردنی کیشوەری ئەمەریکای لاتین لەژێر دەستی ئیسپانیا دادەنێت . یەکەمین سەرکەوتنەکانی کۆلۆمبیا بوو ساڵی 1819 ڕزگاری کرد . پاشان ساڵی 1821 ڤێنزوێلاو ئێکوادۆری ڕزگار کرد . هەر لە وساڵەشدا ئەو سێ وولاتە یەکیان گرت و وولاتێکی یەکگرتوویان دروست کرد . پاشان توانی وولاتێکی تر ڕزگار بکات کەئەمڕۆ پێی دەڵێن پۆلیڤیا ، هەر لە وولاتەشدا کۆچی دوایی کرد .

** James Monro جیمس مۆنرۆ(1758 -1831) سەرۆکی پێنجەمی ئەمەریکایە ساڵانی 1817 -1825 حوکمی ئەمەریکای دەکرد . ساڵی 1821 پرۆژەیەکی دانا کەبە پرۆژەی مۆنرۆ دەناسرێت . بەپێی ئەم پرۆژەیە داواکاربوو،کە ئەمەریکا دەست بە سەر ئەمەریکای لاتین دا بگرێت و ئەم کیشوەرە لە ئەوروپیەکان پاکبکاتەوە و نەهێڵێت ئەوان هیچ ڕۆڵێکیان لەم کیشووەرە هەبێت . بەکوردیەکەی دەیوویست ئەمەریکا بکاتە کەڵەگای ئەو ناوچەیە و هەر ئەم چەتەیە بوو ، کە سیاسەتی داگیرکەرانەی بۆ سەرکردە

ساڵی شکست

گەر سەیری مێژووی هەر گەلێک بکەیت ، دەبینیت ساڵێک یان رووداوێکی تایبەت ، کاریگەری تەواو لە سەر گۆڕانکاریەکانی ئەو گەلە دادەنێت،بەتایبەت شکست و دۆراندنی شەرەکان، کاریگەری زۆر لەسەر گەلان دادەنێن. ئێمەی کوردیش بەداخەو مێژوومان پریەتی لە شکست و نووشست، لێ شکستی 1975 و گرتنی عەبدوولا ئوجئالان، بەشکستە گەورەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی دەژمێرێت و کاریگەری زۆریشی لە سەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای کوردی داناوە. دۆڕاندنی گەلانی عەرەب لەساڵی 1967 بەرامبەر بە ئیسرائیل کەبە ساڵی (شکست، النکسة) دەناسرێت. ئەم رووداوە یان ئەم شکستە، کاریگەریەکی زۆری بەسەر تەواوی کۆمەڵگای عەرەبی داناوە، ئەم شکستە هەموو بوارەکانی ژیانی گرتەوە (سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کەلتووری،،) .

ساڵی 1898، بەساڵی شکستی ئیسپانی دەژمێرێت[2] . ئالەم ساڵەدا ئیسپانیا دواکۆڵۆنیای خۆی بە ئەمەریکا دۆڕاند، ئالەم شەرەدا، ئیسپانیا کوبای لەدەستچوو، بەم

چەتەکانی تری ئەمەریکا داڕشت، گەلانی ئەمەریکای لاتینیش چەندین ساڵە بە دەست ئەم سیاسەتەی ئەمەریکاوە دەنالێنن . بەکوردیەکەی لە دەست ئەوروپیەکان ڕزگاریان نەبوو ، ئەمەریکایان بۆ پەیدا بوو .

2- Katalanische Frage und Spanische Autonomien, Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh,1988.S46

شێوەیەش ئیسپانیا هەموو شتێکی دۆراند. ئەم دۆڕاندنە کاریگەریەکی زۆری لەسەر کۆمەڵگای ئیسپانیا دانا. ئەم شکستەکاریگەری خۆی بەسەر هەموو بوارەکانی کۆمەڵگای ئیسپانی (سیاسی وفکری وئابووری وکۆمەڵایەتی،،،) دانا . هەر لەپاش ئەم شکستە ، توێژە رۆشنبیرەکانی ئیسپانیا داوای ئیسپانیایەکی تریان دەکرد . هەموو بە شێوەیەکی زۆر خراپ سەیری پادشا و حکومەتیان دەکرد . لەرووی فکریشەوە، چەندین بزووتنەوەی هزری جۆربەجۆر دروست بوو. هەر لەم سالانەشدا بوو، کەبزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنستی تەشەنەیەکی گەورەیان کرد.

سالانی ئازاوە

لە مێژووی ئیسپانیادا سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەسالانی ئازاوە دەژمێرێت. هەر لەم سالانەدا چەندین شۆرش و ڕاپەڕینی جووتیاری و کرێکاری بەرپادەبێت. کەمە نەتەوەکانی ئیسپانیا(کەتەلۆنیەکان و باسکەکان) چەندین شۆرشی ڕزگاریخوازی بەرپادەکەن.
لەساڵی 1830 وەتا ساڵی 1936ڕووداوەکان بەم شێوەیە بوون:

_ 11 ڕژێم گۆڕاوە و لەناوبراوە .
_ 3 شەڕی ناوخۆ بەرپابووە .

_ 109 حکومەت ڕووخاوە و لەکار لابراووە.
_25 شۆڕش و ڕاپەڕینی گەورەو خوێناوی ڕوویداوە .
_ 3 پادشا لابراوەو لە وواڵات دەرکراوون .
_ 4 جار هەوڵی کوشتنی پادشاکان دراوە .
_ 4 سەرۆک وەزیر کوژراوە. [3].

ئالەم سالانەدا وەزعی گشتی ئیسپانیا تەواو تێکچووبوو، زۆربەی گەل، باوەڕی بەحکومەت و پارتەسیاسیەکان نەمابوو. لەشکری ئیسپانیا تاکە دەزگای دەوڵەت بوو، کە خاوەنی ڕێکخستنێکی تووندوو تۆڵ بوو. ئەم دەزگایە زۆڕ لەدوای زۆڕ بەگومانەوە سەیری وەزعی ناوخۆی دەکرد. هەر لەم کاتانەشدا، باری ناوخۆی ئیسپانیا بە شیوەیەکی زۆر خراپ دەگوزەرا. زۆژانە کرێکاران مانیان دەگرت. پۆلیسیش بەدڕندەترین شێوە پەلاماری مانگرتنەکانی دەدا، جووتیاران بە وەحشیترین شێوە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێنرانەوەو زۆر نائینسانانە شۆرشە جووتیاریەکان سەرکەوت دەکران. گرووپە ئانارشیستەکانی ئیسپانیاش، زۆژانە مانیان دەگرت و کاری تیرۆرستیان ئەنجام دەدا. هەر ئەم وەزعە وای لە سووپای ئیسپانیا کرد، کە بە

.Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. -3
Entwicklungsaspekte einer autoritären Diktaur ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977. S5.

گومان وبێ باوەرییەکی زۆرەوە، بڕوانێتە سیستەمی دیمۆکراتی و ئازادی سیاسی و حیزبییەوە. [4]

یەکەمین حکومەتی فاشستی دیکتاتۆری

ڕووداوە ناوخۆییەکانی ئیسپانیا وای لە پادشای ئیسپانیا ئالفۆنAlfons XIII کرد، کە بۆ ڕاگرتنی باری ناوخۆی ئیسپانیا جەنەرالێکی خوێنمژی ئیسپانی پریمۆ دو ریڤێرا Primo de Rivera، بەکاربهێنێت. ئەم جەنەرالە خوێنمژە یەکەمین حاکمی دیکتاتۆری ئیسپانیایە[5].

پریمۆ دوو ریڤێرا Primo de Rivera کێیە ؟

4- . هەمان سەرچاوە . ل5

5- Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. Entwicklungsaspekte einer autoritären Diktaur ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977. S5.

ڕیڤێرا جەنەرالێکی خوێنمژی ئیسپانی بوو، ساڵی 1870 لە ناوچەی کادیزCadiz لەدایک بووە، ساڵی 1930 لە پاریس/فەرەنسا مردووە. لەکاتی شەڕی ئەمەریکا و ئیسپانیا وەکو ئەفسەر بەشداری شەرەکانی کردووە، هەروەها بەشداری شەری ڤلیپینیشی کردووە. ساڵانی 1909/ 1913 لەمەڕۆکۆ (مەغریب) شەڕی لەگەڵ ڕزگاریخوازانی مەڕۆکی کردووە. لەساڵی 1915 تا 1917 سەرۆکی سەربازی ناوچەکەی خۆی (کادیز Cadiz) بووە[6].

ئەم پیاوە خاوەنی مێژوویەکی خوێناوی و **تاڵە**، هەموو ژیانی لەکوشتن وپەلاماردان و تاڵانی گەلان بردۆتەسەر. ڕێڤیرا لەساڵی 1923 تاساڵی 1930، حکومەتێکی دیکتاتۆری و سەربازی دامەزراند. هەر بەگەیشتنی بەدە سە لات، یەکسەر کەوتە گیانی پارت وگرووپە سیاسیەکان بەگشتی و کۆمۆنیستەکانیش بەتایبەت. ڕێڤیرا گەورەترین دوژمنی چەپ و بزووتنەوە کرێکاریەکان بوو.

لێ چینە دەرەبەگ و بازرگان وسەرمایەدارەکان نزیکترین دۆستی بوون، ئەمانە گەورەترین پشتگیریان پێشکەش کرد، هەربۆیە ئەویش زۆر پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی ئەوانی دەکرد و بە درندەترین شێوەش پەلاماری چینی جووتیاروکرێکارانی دەدا [7].

6- Microsoft Encarta Profissonal, 2003, Primo de Revira

7- Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien,S5.

کاتۆلیکی ڕۆڵێکی سەرەکی لە کۆمەڵگای ئیسپانی گێراوە. بیری ڕێنانسازی ئەوروپیش، دژی دەسەڵاتی کەنیسە و پادشاکان بوو. هەروا ئاسانیش نەبوو ئەم دوو دەسەڵاتە،واز لەدەسەڵاتی سیاسی و ئابووری خۆیان بهێنن. هەر بۆیە،کەنیسەو پادشاکان هەمیشە هەوڵیان دەدا، کە ئیسپانیا لە شۆرشێ ڕێنانساز دووربخنەوە و لە گۆڕانکاریە فکری و سیاسیەکانی ئەوروپای بێئاگا بمێننەوە. ئەم دوورەپەرێزیەش کاریگەری خۆی پاشان دەرخست.

کێشەکانی کۆمەڵگای ئیسپانی

لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا کۆمەڵگای ئیسپانی تووشی کۆمەڵێک کێشەی ئابووری و سیاسی وفکری وکۆمەڵایەتی بووبووە، ئەم کێشانەش چارەسەرکردنیان هێندەی بەرزی چیاکان زەحمەت بوو. هەوڵ دەدەم بەکورتی کەمێک باسی ئەو کێشانە بکەم .

1 / باری ئابووری

ئیسپانیا ووڵاتێکی دواکەوتوو بوو . کشتوکاڵ وسامانە سروشتیەکان وبازرگانی بەشێکی زۆری داهاتی ئیسپانیای پێکدەهێنا[9]. ئیسپانیا جگە لەکەمێک کارگەی

9- هەمان سەرچاوەل

ڕستن وچنین هیچ کارگەیەکی گەورەی نەبوو . دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت ،کەئیسپانیا ووڵاتێکی کۆڵۆنیای گەورە بوو، لەبەر ئەوە دزی وتاڵانیەکانی ئەودیوو سنووریش ،ڕۆڵێکی سەرەکیان لەداهاتی ئیسپانیا دەگێڕا ، بەتایبەت کۆڵۆنیاکانی کیشوەری ئەمەریکا بەشێکی سەرەکی داهاتی ووڵاتی پێکدەهێنا. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ووڵاتانە هەر وەکوو بازاڕێکی گەورەش وابوون بۆ شمەکەکانی ئیسپانیا.جگەلە دزینی زۆربەی سامانە سروشتیەکان (زێر ، زیوو،ئاسن ، پلاتین، نەوت ، گازی سروشتی،،) و بەرووبومە کشتوکاڵی و ئاژەڵیەکان ، بەتایبەت ئەوانەی کەلە پیشەسازیدا بەکاردەهێنران وەکوو(لۆکە و پەموو) کەدوو ماددەی سەرەکی پێشەسازی ڕستن وچنین پێکدەهێنن. لێ پاشان ئەم وەزعە گۆڕاو زۆربەی ئەو ووڵاتانە لەژێردەستی ئیسپانیا خۆیان ڕزگارکرد، ئەم وەزعەش کاریگەری ئێجگار زۆری لەئابووری ئیسپانیا کرد و بەجارێک باری ئابووری بەرەو خراپتر دە برد .

2 / چینەکۆمەڵایەتیەکان

کۆمەڵگای ئیسپانیا بەحوکمی ئابووریە دواکەوتووەکەی ، نەیتوانی چینێکی گەورەوبەهێزی سەرمایەداری دروست بکات . بەڵکو کۆمەڵگای ئیسپانی زیاتر کۆمەڵگایەکی دەرەبەگی و فیئودال بوو. راستە

هەندێک کارگەی بچووکی ڕستن وچنین هەبوون، لێ کاریگەری وایان بەسەر کۆمەڵگای ئیسپانیاوە نەبوو . جووتیار وکرێکاران و زەحمەتکێشی ئیسپانیا بەشێ زۆری کۆمەڵگای ئیسپانیای پێکدەهێنا . کرێکاران کەزۆربەیان کرێکاری کشتوکاڵی بوون ، ئەوکات ژمارەیان زیاتر لە 2 ملیۆن بوو[10]. ئەم کرێکارانە زۆربەیان لەلادێکان دەژیان و هیچکامیان خاوەنی بستێک زەوی نەبوون . جووتیاران و کرێکارانی لادێ وشار ، لەلایەن دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکانەوە بە پیسترین و دڕندانەترین شێوە دەچەوسێنرانەوە . جگە لەوەی لە هەموو ماقێکی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی بێ بە شبوون،هەر ئەم چەوسانەوەیەش بوو وای کرد، کەهەموو کات بە چاوێکی ڕق وکینەیەکی زۆرەوە، سەیری چینە دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکان بکەن .

گەرچی چینە دەرەبەگ ودەوڵەمەندەکانیش لەخۆشترین ژیاندا بوون . 50 هەزار دەرەبەگە خاوەنی زۆربەی زۆری زەوی ئیسپانیا بوون ([11]) . ئەم نایەکسانییە درێژەی کێشا و هەموو کاتیش ئەم چینە هەوڵی پارێزگاری بەرژەوەندیەکانی خۆی داوە و زۆر نائینسانانەش هەڵسووکەوتی لەگەڵ چینەکانی خوار خۆی کردووە. دیارە ریفۆرمی زەوی * لەئیسپانیا زۆر

10- هەمان سەرچاوە ل 6

11- هەمان سەرچاوە ل 6

* مەبەست لەڕیفۆرمی زەوی ، واتە لێسەندنەوەی زەویە کشتوکاڵیەکان لە دەرەبەگەکان و دابەشکردنی بەشێوەیەکی

دواکەوت و بگرە هەر نەشکرا ، ئەمەش کۆمەڵێک کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی دروست کرد و ئەم نایەکسانییەش بووە هۆی درستبوونی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناوی ، لەهەمان کاتیشدا بووە هۆی دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی تووندڕەوتیرۆریستی ڕاست وچەپ[12].

3 / کەنیسە

کەنیسەی کاتۆلیکی لەئیسپانیا رۆلێکی سەرەکی لە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووریش بینیووە. کەنیسە لەکاتی داگیرکردنی ئیسپانیا لەلایەن عەرەبەوە هەتاوەکوو ئەمڕۆش رۆڵی سەرەکی دەبینێت . کەنیسە هەموو کات پشتگیری پادشاو دەرەبەگەکانی کردووە و ئەمەش بۆتە کولتووری سەرەکی ئەم دەزگایە . کەنیسە لەرۆژانی دادگاکانی پشکنینەوە(محاکم التفتیش) بەشداری هەموو پرسە سیاسی وکۆمەڵایەتی وفکریەکانی ناو کۆمەڵگای کردووە. دەتوانم بڵێم خراپترین ڕۆڵی لە پێش شەڕ و پاش شەڕیش هەبووە. جگە لەوەی لەکاتی شەڕەکەشدا لایەنێکی سەرەکی شەڕەکەی پێکهێناوە.

عادیلانە بەسەر جووتیاران . جووتیاران هەمووکات دابەشکردنی زەوی ، ئامانج و داواکاری سەرەکیان بووە. هەر بۆ ئەم ئامانجەش چەندین شۆرش و ڕاپەڕینیان لەجیهاندا بەرپاکردووە.

12- Wikipedia, der freien Enzyklopädie, Spanische Bürgerkrieg.

کەنیسەش بەشێکی زۆری زەوی ئیسپانیای بۆ خۆی داگیرکردبوو ، واتە رۆڵێکی خراپی ئابووریشی هەبوو .

4 / لەشکر و جەنەڕاڵە گەورەکانی

لەشکری ئیسپانیا تاکە دامەزراوی تۆکمەو تووندوتۆڵی ناو کۆمەڵگا بوو . ئەم دەزگایە خاوەنی دیسیپلینێکی تووندوتۆڵی سەربازی بوو ، بەچەکی هەمەجۆری جەنگی ئامادەکرابوو. لەلایەکی ترەوە خاوەنی ئەزموونێکی باشی جەنگ و سەربازی بوو ، ڕاستە لەچاو لەشکرەکانی تری ئەوروپا، لاواز بوو ،بەڵام لەناوخۆدا زۆر بەهێز بوو . جگە لەوەش ئەم لەشکرە مێژوویەکی خوێناوی درێندەی جەنگی هەبوو . هیچ کات لەکوشتار ولەناوبردن سڵیان نەدەکردەوە . زۆربەی شۆڕشە ڕزگاریخوازەکانی وواڵاتانی ژێردەستی ئیسپانیا، بەم لەشکرە درێندەیە سەرکووت دەکران . ئەم لەشکرە خاوەنی هیچ بیروباوەڕێکی ئینسانی یان شۆرشگێری نەبوو . بەڵکو تەنها وتەنها بە بۆچوونێکی بەربەری بەخێوکرابوو. هەمووکات ئەم لەشکرە کارەسات ومەرگەساتی کوشندەو خوێناوی بۆ گەلانی ژێردەستەی ئیسپانیای خوڵقاندووە. هەر ئەم چەتەگەریەشی بوو وای کرد کە سڵ نەکاتەوەو گەورەترین مەرگەسات بۆ گەلی ئیسپانی بخوڵقێنێت .

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەشکر باوەڕی بە ژیانی دیمۆکراتی و ئازادی سیاسی کزتر دەبوو، هەموو کات بیریان لە

ناوبردنی ئەم وەزعەکردۆتەوە[13]. هەموو کاتیش لەناو جەنەڕاڵەکاندا بیر لەدروستکردنی حکومەتێکی دیکتاتۆری و سەربازی دەکرایەوە، بەتایبەت پاش ئەوەی ماوەی 10ساڵێک حوکمی دیکتاتۆری ریڤێرا بەردەوام بوو، جەنەڕاڵەکان دەیانوویست هەمان حوکم بگەڕێنەوە و جارێکی تر لەشکر، ژیانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی ووڵات بەڕێوەببات. لەهەمانکاتیشدا لێدان و لەناوبردنی خۆپیشاندان وراپەرینە کرێکاریەکان، هێندەی تر ڕۆڵی لەشکریان زیاد کرد [14].

5 / باری سیاسی

13- Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. Entwicklungsaspekte ein autoritären Diktaur ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977. S5.

14- www. Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg

ئیسپانیا بە حوکمی ئەوەی وولاتێکی کشتوکاڵی و فیئودال بوو، نەیتوانی سیستەمێکی سیاسی وەکوو فەرەنسا و ئینگلتەرا دروستبکات . بۆرجوازی ئیسپانی لە کۆمەڵێک بازرگان و خاوەن گارگەی بچووک پێکهاتبوو، وە ئەم چینەش لەچاو چینی دەرەبەگەکان دا، چینێکی بێ هێز بوو نەیدەتوانی ڕژێمێکی تایبەت بەخۆی دروست بکات، بەواتایەکی تر سیستەمێکی وەکوو فەرەنسا بۆ ئەم چینە کارێکی مەحاڵ بوو ، هەر بۆیە هەمووکات خۆی خستبووە دوای چینی دەرەبەگەکانەوە، چونکە تەنها بەو شێوەیە پاڕێزگاری لەبەرژەوەندی خۆی دەکرد و دژایەتی چینی کرێکارانی پێدەکرا . ئەم حالەتەش لەزۆربەی وولاتانی جیهانی سێ یەم دا هەیە . چونکە بۆرجوازی تەنها بیری لەبەرژەوەندی خۆی کردۆتەوە ، خۆشیان دەزانن کە پێویستیان بە هاوپەیمانی چینی دەرەبەگ هەیە . بۆرجوازی تەنها لە حالەتی فەرەنسا شۆڕشگێڕ بووە و دژی چینی دەرەبەگ شۆڕشی بەرپا کردووە ، هەرچەندە پاشان لەگەڵ هەمان چین لەدژی کرێکاران و جووتیاران یەکیان گرتەوە . دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، کەبۆرجوازی تەنها لەو کاتەی بەرژەوەندیەکانی دەکەوێتە مەترسیەوە ، ئینجا بیر لەشۆڕشی بۆرجوازی دەکاتەوە، دەنا هەموو کات ئامادەیە ،پشتگیری لە بۆگەنترین و دڕندەترین دواکەوتووترین دەسەڵات بکات . هەر لەبەر ئەوە نابێت ئەزموونی فەرەنسا بکرێتە پێوانە بۆ ئەم چینە .

سااڵنی پێش شەڕی ناوخۆ، باری سیاسی ئیسپانیا ئێجگار خراپ و پەشێو بوو. ڕۆژانە خەڵکی سیاسی تیرۆر دەکران، شەڕوپێکدادانی بەردەوام، لەنێوان خەڵکی هەژارو پۆلیس ڕوویدەدا. مانگرتنە کرێکاریەکان بە درندەترین شێوە سەرکوت دەکران، راپەرینە جووتیاریەکان بە وەحشیترین شیوە لەلایەن لەشکرەوە سەرکوتدەکران. ڕۆژانە شەرو پێکدادان لەنێوان گرووپە چەپڕەو راستڕەوەکان ڕووی دەدا. جگە لەوەش هیچ پارتێکی سیاسی نەبوو، کەباوەڕی تەواوی بە بیرورای جیاواز و دیمۆکراسی و ئازادی سیاسی و وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەشێوەی ئاشتیانە هەبێت .

پارت و گرووپە سیاسیەکان

پارت و گرووپە چەپەکان

1/ ئانارشیستەکان*

* ئانارشیزم، ئەم ئایدۆلۆژیە لە سەدەی نۆزەدەهەمەوە لە ئەوروپا سەری هەڵدا. ئانارشیستەکان باوەڕیان وایە کە مرۆڤ شایستەی ڕێزێکی گەورەرەیەو نابێت بەهیچ شێوەیەک لەلایەن هیچ دەسەڵاتێکەوە (ئایینی و سیاسی و ئابووری و کولتووری)وە بچەوسێنرێتەوە. هەر بۆیە ئەوان هەموو جۆرە دەسەڵاتێک ڕەتدەکەنەوە. ئانارشیستەکان گەورەترین دوژمنی حکومەت و دەزگاکانی(لەشکر، پۆلیس، حیزب، ،،) ئەوان هەموو ئەم دەزگایانە بە سەرکووتکەری مرۆڤ دادەنێن . یەکەمین بیرمەندیان ماکس شتیرنەر Max Stirner بوو. ساڵی1584 کتێبێکی بەناوی تاک وماڤەتاییەتیەکانی Der Einziege und sein Eigentum) نووسی. لەم کتێبەیدا هەوڵی داوە ، ئازادی و پیرۆزی ماڤە تاییەتەکانی مرۆڤ بخاتە ڕوو ، بەگشتی هەوڵی داوە بیسەلمێنێت کە مرۆڤ تەنها موڵکی خۆیەتی و موڵکی کەسی تر نییە . پاشان بیرمەندی گەورەی فەرەنسی پرۆدۆن Pierre Joseph Proudhon . کەئەمیش بە

کاتێکسالّی 1864 یەکەمین ئینتەرناسیۆنالی یەکەم دروست بوو**. **یەکسەر** جیاوازی ئایدۆلۆژی لەنێوان مارکس و باکۆنین دا پەیدا بوو. ئەمەش وای کرد کە ئانارشیستەکان لەم رێکخراوە دەربچن و خۆیان جیابکەنەوە. لەئیسپانیا، بەشێکی زۆری چەپەکان کەوتنە ژێر کاریگەری ئانارشیستەکانەوە. ئانارشیستەکان هەمووکات دژی دەسەلّات بوون. لەهەمان کاتیشدا، زۆرجار هانایان بۆ کاری تیرۆر و تووندوتیژی سیاسی و سەربازی دەبرد.

مامۆستاکانی ئانارشیزم دەژمێرێت . پرۆدۆن گەورەترین ڕەخنەی لەو ئابووریە گرت ، کە لە ئەنجامی (سووخواردن ، بازرگانی) دروست دەبێت. بەبراوی پرۆدۆن، ئەم ئابووریە هیچ کارێکی تێدا ئەنجام نادرێت ئەو مرۆڤانە هیچ هیلاک نابن و پارەی زۆریشیان دەستدەکەوێت . لێ باوکی ئانارشیزم میشێل باکۆنینە Michial Bakunins . ئەم پیاوە لە ئینتەڕناسیۆنالی یەکەمەوە دژی هەموو بۆچوونەکانی مارکس وەستایەوە ، هەموو دەسەلّاتێکی بە چەوسێنەر دادەنا. زۆر دژی بیری حیزبی و دەوڵەتی بوو . ئەو دەوڵەتی وەکوو دەسەلّاتێکی سەرکووتکەر دادەنا . هەر بۆیە بە مارکسیەکانی دەووت (بیرۆکراتە سوورەکان) . لە پاش باکۆنینەوە ئانارشیزم بوو بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت و لە مارکسیزم خۆیان جیاکردەوەو هەموو کات لە هەر کوێیەک بن دژی بیری مارکسیزم ولینیزم و کەپیتالیزم کاردەکەن .

** لە 28 سێپتەمبەری سالّی 1868 لەشاری لەندەن. بۆ یەکەمینجار لەمێژوودا ، کۆنگرەیەکی گەورەی کۆمۆنیستەکان کرا . لەم کۆبوونەوەیەدا یەکەمین کۆمەلّەی تایبەت بەکۆمۆنیستەکانی جیهان پێکهێنرا . ئەم کۆنگرەیە ناوی (ئەنتەرناسیۆنالی کرێکارە کۆمۆنیستەکان) لێنرا و زیاتر بە ئینتەرناسیۆنالی یەک ناودەبرێت . ئەم کۆنگرەیە بەرابەری مارکس و ئەنجلس و باکۆنین بەرێوەچوو . لێ پاشان هەر زوو جیاوازی ئایدۆلۆژی کەوتە نێوان هەردوو بالّەکەوەو، ئانارشیستەکان لەم کۆنگرەیە جیابوونەوە .

ئەم کارانەش هێندەی تر ڕۆڵی پۆلیس ولەشکری لە کۆمەلّگای ئیسپانیدا زیاتر دەکرد. جگە لەوەش بەشداری نەکردن لە هەلّبژاردن و پەرلەمان و حکومەت، هێندەی تر قوڕەکەی خەست تر کردەوە، چونکە ئەمان ڕێگایان بۆ حوکمی دیکتاتۆری و سەربازی خۆش دەکرد. جگە لەوەی ئەمان بەهیچ شێوەیەک باوەڕیان بە ڕێفۆرم نەبوو، بەلّکو هەموو جۆرە ریفۆرمێکی سیاسی و ئابووریان ڕەتدەکردەوە. لە هەمانکاتیشدا باوەڕیان بە خەباتی ڕۆژانە و مانگرتنی ئاشتیانەی کرێکاران نەبوو، بەلّکە ئەمان تەنها باوەڕیان بە شۆڕشی کرێکاری سەرتاسەری هەبوو. جگە لەوەش هەموو بەرەیەکی سیاسیان ڕەتدەکردەوە و لایەنەکانی تریان بە لادەرو ریفۆرمیست لە قەلّەم دەدا.[15]

2 / تڕۆتسکیستەکان*

15- **Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien,S7.**

* تڕۆتسکیستەکان، واتە ئەو کەسانەی هۆگری ئایدۆلۆژیای بیرمەندی گەورەو مەزنی کرێکاری لیۆن تڕۆتسکین . هەر لەگەلّ سەرهەلّدانی شۆڕشی ڕووسیدا ، ئەم ناوە دەرکەوت . تڕۆتسکی یەکەمین ڕابەری کرێکارانی ڕووسیا بوو، سەرکردەی شوراکانی پیترسبۆرگی دەکرد و دامەزرێنەری لەشکری سوور بوو. تڕۆتسکی باوەڕی بە شۆڕشێ بەردەوامی کرێکاران هەبوو. لەهەمان کاتیشدا باوەڕی بە دامەزراندنی سۆسیالیزم لەووڵاتێکدا نەبوو ، بەلّکو ئەو باوەڕی بە جیهانی بوونی کۆمۆنیزم هەبوو . هەروەها یەکەمین ئۆپۆزسیۆنی ڕووسی لەدژی حوکمی چەتەگەری و دیکتاتۆری ستالینی پێکهانی . تڕۆتسکی وهاوڕێکانی بەر هەلّمەتێکی نامرۆڤانەی ستالین کەوتن ، کە بە دادگا خوێناویەکانی مۆسکۆ

ساڵی1935 دوو گرووپی جیاواز یەکدەگرن و پارتێکی نوێ و کۆمۆنیستی بەناوی (پارتی کرێکاران وجووتیاران) POUM. ئەم پارتە لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو گرووپی (بلۆکی کرێکاران و جووتیاران) گرووپی (ئیسکیرداکۆمنیستا) (Izquierda Comunista) دروست دەبێت. ئەم پارتە بە سەرۆکایەتی بیرمەندو رووناکبیری ئیسپانی ئەندریاس ناینAndres Nin دروست دەبێت. ئەم پارتە زۆرجار بە پارتێکی ستالینی لەقەڵەمدراوە و زۆر کەمیش بە تڕۆتسکی دانراوە. هۆکەشێ ئەوەیە کە جیاوازیەکی فکری دەکەوێتە نێوان ناین و تڕۆتسکیە وە. هەر یەکە بە جۆرێک بۆ ریفۆرم و شۆڕش، شیکردنەوەی تایبەتی هەبووە. بەڵام لە هەمووی زیاتر جیاوازی فکریان دەربارەی سۆسیال دیمۆکراتەکان بووە و چۆنێتی هەڵسووکەوتکردن لە گەڵ ئەم گرووپە، بووە هۆی جیابوونەوەی ناین و پارتەکەی لە تڕۆتسکی[16] .

3 / پارتی سۆسیالیست PSOE

ساڵی 1879 پارتی سۆسیالیستی ئیسپانیPSOE دروست دەبێت. ئەم پارتە لەڕووی ئایدۆلۆژیاوە باوەری بە بیری (سۆسیال دیمۆکراتی) هەیە . هەر لەسەرەتاوە

ناوەبرێت . تڕۆتسکی پاشان ئینتەرناسیۆنالی چوارەمی پێکهانی . ئەمرۆ ئەم رێکخراوە لەتەواوی جیهاندا لق و لاینەگری هەیە. دیارە گەورەترین وبەهێزترین لقیان لەووڵاتی فەرەنسایە .

16- **هەمان سەرچاوە ل 8**

باوەڕیان بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردن و پەرلەمان هەبوو . هەموو کات ئەندامیشی لە پەرلەمان دا هەبوو . لێ لەسەردەمی ریڤێرادا بەناچاری ئەمانیش دەستیان بە کاری ژێرزەمینی کرد، لێ لەهەموو کات دژی بیری تیرۆریستی وئاژاوەگێری بوون ، هەر بۆیە هەمووکات لەگەڵ ئانارشیستەکان گێرمەوکێشەی زۆریان بۆ دروست دەبوو. ئانارشیستەکان ئەمانیان بە ریفۆرمیست و دژە کرێکاری ناودەبرد، ئەمانیش ئانارشیستەکانیان بە ئاژاوەگێرو سەرلێشێواو ناودەبرد. ئەم پارتەش خۆی بەپارتێکی کرێکاری دادەناو بەرنامەی حیزبیشیان لەسەر بنەمایەکی کرێکاری دانابوو. هەروەها بەشداری ئینتەرناسیۆنالی دووەم و سێ یەمیش بوون . لەکۆتایی سەدەی نوزدەهەمدا یەکەمین سەندیکای کرێکاریان دروست کردکە بە(UGT) دەناسرێت . زیاترئەم سەندیکایە، لەژێر کاریگەری سەندیکاکانی فەرەنسا دروست بوو و هەمان پێڕەو پرۆگرامیان هەبوو. بەشداریەکی چالاکیان لە خۆپیشاندان و مانگرتنە کرێکاریەکان دەکرد . رۆڵیکی سەرەکیان لە مانگرتنەکەی شاری (بیبلاو)Biblao گێرا [17] .

4 / پارتی کۆمۆنیست (ستالینی)

لەئیسپانیا زۆربەی پارت و رێکخراوە چەپەکان دووربوون لەبیری بەلشەفی و ستالینیەوە. ئەم دووورە دەستیەش بۆ مۆسکۆ زەحمەت بوو. ئەوەبوو ستالین هەوڵیدا سوود لە کۆمەڵێک کۆمۆنیستی تەقلیدی

17- **هەمان سەرچاوە ل 4**

وەربگرێت، کەژمارەیان ئێجگار کەم بوون و زیاتر کەسانی رۆشنفکری ناوشار بوون، هیچ پەیوەندیەکی ئەوتۆیان بە چینی کرێکارەوە نەبوو، زیاتر لەناو تویژی خوێندکاران و وورەبۆرجوازی ناوشاردا چالاک بوون. ئەم گرووپە بچووکە کە (یوواخین مۆرین)(Joaquin Maurin)، سەرۆکایەتی دەکردن و، دینەمۆی فکری ئەم گرووپەبوو. جگە لەمان ستالین توانی سوود لە جیاوازی فکری نێوان (ناین) و(تڕۆتسکی) وەربگرێت و (ناین) لە(تڕۆتسکی) جیا بکاتەوە، ئەوەبوو(ناین) و (مۆرین) پێکەوە پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانیا PCE دامەزراند. لێ ئەم پارتە لەناو چینی کرێکاراندا تاکاتی شەڕی ناوخۆش هیچ ڕۆلێکی سیاسی گەورەی نەبوو، هەروەها لەناو چینی کرێکارو جووتیاران و خەلکی زەحمەتکێشی شارولادێدا هیچ ڕۆڵی نەبوو، تەنانەت تاماوەیەکی زۆریش خەڵکی ناوی ئەم پارتەیان نەبیستبوو. بەڵام لەکاتی شەری ناوخۆدا بەهۆی یارمەتیەکانی مۆسکۆ، توانی ڕۆلی لەژیانی سیاسی دا هەبێت. هەر چەندە ڕۆڵێکی ئێجگار خراپیان گێڕا. ئەمانە زیاتر چەقۆکێشی ستالین بوون لەئیسپانیا و، هەمووکات پەیڕەوی سیاسەتە سەقەتەکەی ستالینیان دەکرد و، هەر ڕۆژەی دەیکردن بەگژ حیزبێک دا بەتایبەت(ئانارشیستەکان) و (سۆسیال دیمۆکراتەکان). ئەم حیزبە بەشداری هەڵبژاردن و پەرلەمانی نەدەکرد. دژی حکومەت و دەزگاکانی دەوەستایەوە. جگە لەوەش هەموو حیزبەکانی تری بە خائین و دوژمنی خۆی دەزانی.

بە سۆسیال دیمۆکراتەکانیان دەووت (فاشستەکان)، دیارەئەم (وەحیەش) لەستالینەوە بۆیان هاتبوو. هەموو کاتێکیش لەدژی ئانارشیستەکان شەریان دەکرد وئەوانیان بە بە دوژمنی خۆیانیان دەزانین[18].

5 / پارتی کۆماری

ئەم پارتە یەکەمین پارتی مەدەنی ئیسپانی بوو. زیاتر باوەڕیان بە کۆمەڵگای مەدەنی و (سڤیلیزاسیۆنی) ئەوروپی هەبوو. ئەمان خەونیان بە ئیسپانیایەکی فەرەنسی یە وە دەبینی. زیاتر کەوتووبونە ژێر سیاسەت و فکری فەرەنسیەوە، باوەریان بە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی بوو. هەوڵی لەناوبردنی رژێمی پادشایەتی و دروستکردنی کۆماریان دەدا. لەهەمان کاتیشدا هەوڵی کەمکردنەوەی رۆلی ئایین و کەنیسەیان دەدا، ئەمان دەیانوویست ئایین و کەنیسە لەسیاسەت جیابکەنەوە و کۆمەڵگایەکی (سیکولار) دروستبکەن. ئەم پارتە لەگەڵ پارتە چەپەکانی تری ئیسپانیا بەرەیەکی بەرینی سیاسیان پێکهانی و توانی لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1931 سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

18- هەمان سەرچاوە ل 5

پارتە سیاسیەکانی کەتەلانیا و باسک

باسک و کەتەلانیەکان، دوو کەمە نەتەوەی جیاوازن کە چەندین ساڵە لەژێردەستی ئیسپانیا ڕزگاریان نەبووە . ئەم دوو کەمەنەتەوەیەش، گەورەترین بەشیان لە چەتەگەری ریقێرا و فرانکۆ و ڕژێمەکانی تریش بەرکەوت . وەکوو هەموو کەمە نەتەوەکانی تری جیهان، زیاتر ئەمانیش بیری کۆمۆنیستی بەسەریان زاڵ بوو، بەشداریەکی ئێجگار گەورەیان لەبزووتنەوەی چەپی ئیسپانی کردووە. لێ هەموو کات ماقەرەواکانی گەلەکەیان لەبیر نەچووە و هەوڵی باشکردنی وەزعی خەڵکی و ڕێگە چارەسەری بۆ کێشە ڕەواو پیرۆزەکەیان داوە.

یەکێتی ناوچەی کەتەلانیا(Liiga Regionalista)

ئەم پارتە ساڵی 1898 دامەزراوە، کاری تەنها بۆ ڕزگاریخوازی گەلی (کەتەلانیا) بووەو، دژی ژێر دەستی ئیسپانیا بوون. هەموو کارو چالاکیەکانیشیان هەر لە ناوچەی کەتەلانیا بووە[19].

19- Katalanische Frage und Spanische Autonomien,Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh,1988,S47

یەکێتی دیمۆکراتی کەتەلانیا Unio Democraica de Cataluna UDC

ئەم پارتە ساڵی 1932 دامەزراوە . بەرنامەکەی لەسەر بنەمایەکی چەپ و کرێکاری دامەزراندووە. زیاتر ئەمانیش خۆیان بە پارتێکی چەپ داناوە. بەڵام زیاتر بە پارتێکی ناسیۆنالیستی کە تەلانیا ناسراون. خەباتیان بۆ کێشەی ڕەوای ناوچەی کەتەلانیا کردووە[20]. ئەمانیش کەوتنە بەر هێرشی دڕندانەی فرانکۆوە، ئەمان دووجار دەچەوسێنرانەوە، جارێکیان لە بەر بۆچوونی سیاسیان، جارێکیش لەبەر بیری نەتەوەییان.دیارە ناوچەی کەتەلانیا بەپێتەختی شۆڕشگێرانی ئیسپانیا ناسراوەو پێتەختی کۆماڕە شۆڕشگێرەکەش بووە. جگە لەم پارتەش چەندین پارت و گرووپی ترلەکەتەلانیا هەبوون، لەوانە پارتی سۆسیالیستی کۆمۆنیستی PSOE کەئەوانیش ڕۆلێکی سەرەکیان لە کۆماڕەکەدا بینی، بەڵام ئەم پارتە زیاتر هەوڵی لەناو ئیسپانیا دەدا، واتە زیاتر ئیسپانی بووە تا کەتەلانی ، لێ ئەمیش کاری بۆ کێشە ڕەواکەی کەتەلانیا کردووە. جگە لەم پارتانەش چەندین پارتی تر هەبوون، وەکوو (ئانارشیستەکانی کەتەلانیا و ، پارتی چەپی کۆمۆنیستی کەتەلانیا و پارتی یەکێتی کەتەلانیا) . ئەمانیش بەشی خۆیان بەشداری ژیانی سیاسی وفکری کەتەلانیایان کردووە .

20- هەمان سەرچاوە ل 171

پارتە باسکیەکان

پارتی نەتەوەیی باسک EAJ-PNV

لە 31 ،06 ، 1895 دامەزراوە . ئەم پارتە لەلایەن نووسەر و رۆژنامەوانی مەزنی باسکی سابینۆ ئارانا Sabino Arana دادەمەزرێت. ئارانا پێشتر سەرنووسەری گۆڤاری باسکایترا Batzkaitarra بوو . هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم پارتەوە ، کارو چالاکیەکانی بۆ ڕزگاری گەلی باسک بووە . هەموو ئامانجی ئەم پارتە ،ڕزگاربوونی گەلی باسک بووە لەژێر دەستی ئیسپانیا . ئەم پارتە چالاکترین و بەهێزترین ڕۆڵی پیرۆزیان لەشەری ناوخۆی ئیسپانیا گێڕاوە . هەروەها گەورەترین قووربانیان لەڕێگای کۆماری ئیسپانیا داوە . فرانکۆ زۆر بە وەحشیانە هەڵسووکەوتی لەگەڵ ئەندام ولایەنگرانی ئەم پارتە کردووە[21].

دیارە لەوڵاتی باسک ، چەندین پارت و گرووپی بچووکتر هەبوون ، لێ هیچ ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە ڕووداوە سیاسی و گشتیەکاندا نەگێڕاوە .

Baskische Geschichte in Grundzügen , Michael -21
Kasper,Wissenschaftliche Buchgesellschaft, Darmstadt, 1997 , S128

پارتە راستڕەوەکان

لەگەڵ هێرشەکەی ناپلیۆن بۆ ئیسپانیا، بیری ناسیۆنالیزمی ئیسپانی گەشەی سەند. ئەم گەشەسەندنەش لەدوو ڕووەوە بوو[22].

1 / لەلایەک ئیسپانیەکان هەستێکی زۆریان بە زەلیلی و چەوسانەوە دەکرد، چونکە ووڵاتەکەیان لەلایەن فەرەنساوە داگیرکراوە.

2 / بەهاتنی ناپلیۆن بۆ ئیسپانیا، کولتوور و مۆراڵە فەرەنسیەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنا. دیارە وەکوو هەموو کاتێک داگیرکەر، کولتوور و شارستانیەتی خۆی بەسەر گەلە ژێردەستەکەدا دەسەپێنێت. لەلایەکی ترەوە گەلانی ژێر دەستە دەکەونە ژێر کاریگەری شارستانی گەلە داگیرکەرەکە، ئەم حالە ڕووناکبیری عەرەبی ئێدوارد سەعید بە (کولتووری ئیمپریالیزم) ناوی دەبات[23] .

هەر لەوکاتەوە توێژی ڕۆشنبیری فەرەنسی کاریگەری تەواوی بەسەر ڕۆشنبیرە ئیسپانیاکانەوە هەبووە. هەموو داوای دەوڵەتێکی هاوشێوەی فەرەنسایان دەکرد. بیری دیمۆکراتی و حوکمی سیکۆلارو پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و ئابووری فەرەنسی زۆر کاری تێکردبوون.

Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der -22
Zweite Republik(1931-1936), Manfred Böcker, www.Fundus.de
23- الثقافة و الامبريالية، ادوارد السعيد،

لەلایەکی ترەوە لەناو ئیسپانیادا کۆمەڵێک گەلی نا ئیسپانی هەن، (باسک و کەتالانیا) کان. ئەم کەمە نەتەوانەش لەوەتی ئیسپانیا هەیە کێشەکەیان چارەسەرنەکراوە. ئەم گەلانە خۆیان بەژێر دەستەی ئیسپانیا دەزانن و داگیرکردنی وولاتەکەیان لەلایەن ئیسپانیاوە، بۆ زۆربەیان قبووڵ نادەکرا. هەر ئەم کەمە نەتەوانەش وای کردووە، هەموو کات بیری ناسیۆنالیزم و تووندڕەوی لای ئیسپانیاکان دروست ببێت[24]. ڕێڤیرای دیکتاتۆر هەموو کات دەیووت(کاتێک کەتالانیا ڕزگاری دەبێت، کە هەموو گەلی ئیسپانیا رازی بێت. هەتا یەک نەفری ئیسپانیش مابێت، ڕازی نابێت کەتالانیا لە ئیسپانیا جیابکرێتەوە).

هەروەها ماوەی حوکمی دیکتاتۆری ڕێڤیرا گەورەترین ئێنەرجی بە بیری نەگریسی ناسیۆنالیزم و راسیزمی ئیسپانی دا. ڕێڤیرا زۆر هۆگری بیری فاشیزمی ئیتالی بوو، دەیووست ئیسپانیاش بەهەمان شێوە بەرێوبەرێت. هەر ئەمەش وای کرد کە پاش چەند ساڵێکی تر کورەکەی ڕێڤیرا یەکەمین پارتی فاشیستی ئیسپانی دابمەزرێنێت . دەبێت ئەوەش بڵێم، کەگەلی ئیسپانی و ئیتالی زۆر لە یەکەوە نزیکن. چ لەڕووی ئایین و زمان و تەنانەت لەرووی مێژووشەوە زۆر نزیکن. هەردووگەل زۆر باش لەیەکتری تێدەگەن . زۆرجار زۆر زەحمەتە زمانی ئیتالی و ئیسپانی لەیەکجیابکەیتەوە، هەردوو کیان لەسەر یەک قۆنەتیکن.

24- Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der Zweite Republik(1931-1936), Manfred Böcker, www.Fundus.de

پارتی فەلانگا (فەلانگایستەکان)

فەلانگا یەکەمین پارتی فاشیستی ئیسپانیایە. ئەم پارتە لەلایەن کورەکەی دیکتاتۆری پێشووی ئیسپانیا (ڕێڤیرا) دامەزرا . ساڵی 1933 بۆ یەکەم جار ژۆسێ ڕێڤیرا Jose Antonio Primode Revira ،پارتێکی بەناو(فەلانگا ئیسپانیۆلا تراديسیۆن Fanlanga (Espanola Tradicionalista دامەزراند . ئەم پارتە هۆگری بیری راسیزم و ناسیۆنالیزمی تووندرەو فاشیزم بوو. هۆگری تەواوی بیری فاشیزمی ئیتالی بوون.مۆسۆلینی گەورەترین مامۆستا و پێشرەویان بوو.

گەورەترین دوژمنی بیری دیمۆکراتخوازو ئازادی و کۆمۆنیزم بوون. وەکوو هەموو گرووپە فاشیەکان، بەخوێنی کۆمۆنیزم تینوێتیان دەشکاند. لەهەمان کاتیشدا

گەورەترین دوژمنی کەمە نەتەوەو ئایینیەکانی ئیسپانیا بوون ، بەتایبەت (کەتەلانی و باسک)[25].

ئەم گرووپە هەر لەسەرەتاوە دۆستی نزیکی کەنیسەو مۆنارشی(ئەرستۆکرات) و لەشکر بوون . هەموو کات داوای حوکمی سەربازیان دەکرد . لەکاتی شەری ناوخۆشدا گەورەترین دۆستی فرانکۆ بوون و دژی کۆماریەکان شەڕیان دەکرد. ئەم گرووپە لەکاتی فرانکۆ ،بەشێکی زۆری دەسەڵاتی سیاسی کەوتەدەست، بەشێکی گەورەی حوکمەتەکەی فرانکۆیان پێکدەهێنا، دەتوانم بڵێم بڕبڕەی پشتی حکومەتەکەی فرانکۆ بوون. ئەم پارتە هەر لەسەرەتاوە دەیوسیت حوکمێکی فاشی هاوشێوەی ئیتالیا دابمەزرێنێت. وە ئەم پارتە ڕۆڵێکی سەرەکیان گێرا، لە نزیککردنەوە و بەستنی پەیوەندی ستراتیژی نێوان فرانکۆ و مۆسۆلینی و هیتلەر. هەر ئەمانیش بوون وایان کرد کە هەردوو حکومەتە دڕندەکەی ئیتالیای فاشی و ئەڵمانیای نازی، گەورەترین پاڵپشتی وهاوکاری فرانکۆ بکەن، ودژی کۆماریەکان بووەستنەوە گەورەترین یارمەتی ماددی و سەربازی و تەکنیکی بە فرانکۆ بدەن.

Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg, Falangalisten . -25

کارلیستەکان Carlisten

ئارمی کارلیستەکانی ئیسپانیا

کارلیستەکان بزووتنەوەیەکی ئەرستۆکراتی و کاتۆلیکی و کۆنەپەرستی ئیسپانییە . کە لە سەدەی هەژدەهەمەوە لەناو چینی ئەرستۆکراتی ئیسپانیا سەریهەڵدا . ئەم بزووتنەوەیە هەڵگری بیرێکی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆری و ئەپسلوتیزمە . زۆر دژی بیری کۆماریخوازو کۆمۆنیزم و لیبرال بوو. بەهەموو شێوەیەک هەوڵی داوە کە ئیسپانیا لە بیری نوێی ئازادی و دیمۆکراسی ئەوروپا دووربخاتەوە. ساڵی 1808 ناپلیۆن ئیسپانیا داگیردەکات ، ئەمەش بەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بیرە دادەنرێت[26]. فێردیناند Ferdinand VII ، خەونی بە ئیسپانیایەکی کاتۆلیکی و تووندووتۆڵ دەبینی . لەبەر ئەوە بەهەموو شێوەیەک دژی بیری دەستووری و

Wikipedia, der freien Enzyklopädie, Karlisten in Spanien -26

کۆماریخوازی ولیبرالْ بوو . بەهەموو شێوەیەک دەیووسیت ئیسپانیا لە ئەوروپا بەگشتی و فەرەنسا بەتایبەت دووربخاتەوە . ئایدۆلۆژیای شۆرشێ فەرەنسی ترسی گەورەی ئەم پیاوە دروستکردبوو .

هەر لەگەڵ حوکمی ئەم پادشایەدا بزووتنەوەی (ئەپسلوتیزم) (Abslutisem)، گەشەی سەند. لێ هەر لەناو خێزانی پادشایەتی دا، ناکۆکی لەنێوان فێردیناند و جێگرەکەی کارلۆس دوو باربۆن Carlos de Borbonدروست بوو. لەپاش لابردنی کارلۆس شەری کارلیستەکان دەستپێدەکات.

کارلۆس دوو باربۆن Carlos de Borbon

شەڕەکانی کارلیستەکانی

کارلیستەکان بۆ یەکەمینجار شەری ناوخۆیان لە ئیسپانیا دروست کرد. ئەم شەرەش کاریگەری خراپی لەسەر مێژووی ئیسپانیا کرد، هەر ئەمانیش بوونە هۆی دروستبوونی کولتووریکی شەڕنگێزی ، لەناو کۆمەڵگای ئیسپانیا . هەموو شەرەکانی کارلیستەکانیش لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و داگیرکردنی زەوی و دژایەتی بیری لیبرال و دیمۆکراتخوازی بووە. کارلیستەکان دەیانووویست حوکمی موتلەقی خۆیان بە سەر ناوچەکانی (باسک و ڤەلێنسیا وکەتەلانیا و نێڤیرا دا بسەپێنن) .

کارلۆس و لەگەڵ چەکدارەکانی ساڵی 1871

<u>شەڕی یەکەم .</u>

لە 5 ئۆکتۆبەری ساڵی 1835 دەستی پێکرد و تا ساڵی 1839 ی خایاند .

<u>شەڕی دووەمی</u>

1860 دەستی پێکردوو تاساڵی 1866 ی خایاند .

شەڕی سێیەم

1872 تا ساڵی 1876 ی خایاند[27] .

ئەم بزووتنەوەیە زیاتر بۆ سەپاندنی حوکمی پادشایەتی و کەنیسە بوو . کارلیستەکان کۆمەڵێک چەقۆکێشی پادشابوون ، لەدژی زەحمەتکێش و ئازادیخوازی ئیسپانی بەکاریان دە هێنان .

کارلیستەکان گەورەترین دۆستی فرانکۆ بوون بەشداری تەواوی شەری ناوخۆیان کرد. زۆر لە شوێنە سەرەکی و گرنگەکانی حکومەتەکەی فرانکۆیان پێکدەهێنا . ئەم بزووتنەوەیە هەتاوەکوو ئەمرۆش ماوەبەتایبەت لەناو چینی ئەرستۆکراتی ئیسپانی ، جێی ئاماژەیە ، پادشای ئەمڕۆی ئیسپانیاش ، نەوەی ئەم کارلیستانەیە .

ناسۆنالیستە کاتۆلیکەکان

ناسیۆنالیستە کاتۆلیکەکان پارتێکی کۆنەپەرست و تووندڕەوی ئیسپانی بوو . مانوێل ئازانا Manuel Azana ، ئەم پارتەی دروست کرد . ئەم پارتەش هاوکارو دۆستی نزیکی فرانکۆ بوون و بەشێک بوون لە حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ . بەشێکی زۆری ئەم پارتە، ئێستا لەناو پارتی گەلی ئیسپانی کاردەکەن ، بگرە ئەم پارتە(پارتی گەلی ئیسپانیا) ، هەڵگری فکری پارتی

27- هەمان سەرچاوە

ناسۆنالیستە کاتۆلیکەکانە. ئەزنار سەرۆک وەزیری پێشووی ئیسپانیا ، زۆر هۆگری بیری ئەم پارتە بوو[28].

پارتی CEDA

ئارمی CEDA ساڵی 1935

ئەم پارتە (CEDA ، Confederationa Espanola de Derechas Autonomas). گرووپێکی فاشستی و راسیزمی ئیسپانی بوو. ئەمانیش زۆر بەتووندی دژایەتی بیری کۆماریخوازی و لیبراڵ و کۆمۆنیستیان دەکرد . زۆر خۆیان بە کەنیسەو مۆنارشیزمی ئیسپانیەوە دەبەستەوە. بیری کاتۆلیکی و مۆنارشیزم تەوەری سەرەکی بیرکردنەوەیان بوو. ئەمانە وەکوو هەموو فاشستەکان باوەریان بە زیندووکردنەوەی ئیسپانیا و مۆدێرنیزمکردنی هەبوو. باوەڕیان وابوو،کە پێویستە

28- Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg

کۆمەڵگا لەسەر بنەمایەکی کاتۆلیکی ڕەسەنی ئیسپانی زیندووبکرێتەوە [29].

ئەم پارتەش وەکوو هەموو پارتە فاشستەکانی ئەم جیهانە، گروپێکی چەقۆکێش بوون. هەموو کات لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی تردا(بەتایبەت کۆمۆنیستەکان) لەشەروپێکداداندا بوون. لەشەڕی ناوخۆدا دەچنە پاڵ فرانکۆو شەر لەدژی کۆماریخوازەکان دەکەن. (گیل ڕۆبلێس) (Gil Robles)، سەرکردایەتی ئەم پارتە دەکات و بەشداری حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ دەکەن. ئەم پارتەش بەشێکی گەورەی حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ پێکدەهێنن. ئەمانیش هەموو ئاواتیان ئەوەبوو، کە جەنەرالە سەربازیەکان حوکمی خۆیان و ئیسپانیاش بکات. هەمووکات دەهۆڵیان بۆ ئەم سیاسەتە لێدەدا.

چینی کرێکاری ئیسپانیا و سەندیکاکانی

بۆ یەکەمجار پرۆسەی پیشەسازیکردن لە کەتەلۆنیاوە دەستی پێکرد . هەر لەگەڵ سەرەتای شۆرشی پیشەسازی لە ئینگلتەرا ، کەتەلۆنیاش تەوژمی ئەم شۆڕشەی بەرکەوت. هەر زوو پیشەسازی ڕستن وچنین گەشەی سەند. ساڵی 1765 کارگەکانی ڕستن وچنین لەهەموو

29- Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der Zweite Republik(1931-1936), Manfred Böcker, www.Fundus.de

کەتەلۆنیا "31284" کرێکاری خستۆتەسەرکار[30]. لە ساڵی 1784 تەنها لە بەرشەلۆنە 60 کارگەی هەبوو، کەزیاتر لە 2000 کرێکاری خستۆتەسەرکار[31]. لەساڵی 1808 ژمارەی کارگەکانی ڕستن و چنین لەبەرشەلۆنە گەیشتە 300 کارگە. هەرچەندە بەداگیرکردنەکەی ناپلیۆن، پرۆسەی پیشەسازیکردن ڕادەوەستێت و تاماوەیەک بەرەو کزی دەڕوات. لێ پاشان قۆناغێکی بووژانەوە دەستپێدەکات. لە ساڵی 1841 ژمارەی کارگەکان بەم شێوەیەی خوارەوە بووە[32].

428 ,Berga
227,Manresa
274,Barcelona
413,Igualada
136,Vic
66, Mataro
52,Reus
48,Santa Coloma
9, Arenys

لەهەمانکاتدا بەرهەمی لۆکە و ووتن زیادی کرد. ساڵی 1850 بەرهەمی لۆکەو کووتن 15000 تەن بوو ، لی

30- Katalanische Frage und Spanische Autonomien,Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh,1988,S35

31- هەمان سەرچاوە

32- هەمان سەرچاوە

ساڵی1860 گەیشتە 25000 تەن[33]. ژمارەی کرێکارانی پیشەسازیش بەرەو زیادبوون چوو. تا ژمارەیان گەیشتە 125000. هەروەها چەندین کارگەی جیهانیش دەستی بە سەرمایەگوزاری کرد. بۆ نموونە کۆمپانیایاکانی، Telephon&,Telegraph,Siemens,I.G.Farben, Pirelli، کارگەی خۆیانیان دامەزراند . هەر لەو کاتەشدا یەکەمین کۆمپانیای ووزە La Canadiense دروست بوو. پاشان لەساڵی 1873 یەکەمین کۆمپانیای کارەبا پەیدا بوو. لەساڵی 1875 یەکەمین هێڵی شەمەندەفەری بەرشەلۆنەو فەرەنسا دەستی بەکار کرد[34]. لەگەڵ دروستبوونی پارتی سۆسیالیستی PSOE، ساڵی 1879یەکەمین سەندیکای کرێکاری(UGT) دامەزراند. بەمەش قۆناغی سەندیکالیزمی کەتەلۆنی وئیسپانی دەستی پێکرد. ئەم سەندیکایە، بەشداری هەموو خۆپیشاندانەکان دەکات و ڕۆڵێکی سەرەکی ،لە مانگرتنە بەناوبانگەکانی ساڵانی 1917، 1918 دەگێڕێت. ئەم سەندیکایە، زۆر بەهێز دەبێت و، ژمارەی ئەندامانی دەگاتە 200 هەزار ئەندام. پاش ماوەیەکی تر، ئانارشیستەکانی بەرشەلۆنا، سەندیکایەکی کرێکاری نوێ CNT دروست دەکەن . لێ حکومەت زۆر دژایەتیان دەکات و ئەندامان و لایەنگرانی دەستگیر دەکات. لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕووسیش، ئینتەرناسیۆنالی سێیەم دروست دەبێت. هەر لەگەڵ ئەمانیش، سەندیاکای سووری

33- هەمان سەرچاوە
34- هەمان سەرچاوە

جیهان دروست دەبێت RGT. لەپێشدا، سەندیکای UGT ترسی دەبێت و بەشداری ناکات، لێ پاشان پەشیمان دەبنەوەو دەبنە ئەندامی سەندیکا سوورەکانی جیهان. بەمەش هێندەی تر دەکەونە بەر تیرۆری حکومەت و لەشکرەوە[35]. چونکە ئەو کات هەموو پەیوەندیەک لەگەڵ ڕووسیا، بە کارێکی سیخووری و خیانەت دادەنرا. هەر پاش ماوەیەک پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانی دروست دەبێت. لێ کرێکاران زۆر دوورن لە بۆچوون و سیاسەتی ئەم حیزبەوە. کرێکارانی ئیسپانیا کەژمارەیان دەگەیشتە ملیۆنێک، بەڵام بەشی هەرەزۆریان کرێکاری کشتوکاڵ بوون و لە لادێکاندا دەژیان. بەشی زۆری کرێکاران، کەوتبوونە ژێر کاریگەڕی بیری ئانارشیستەکانەوە. ئانارشیستەکانیش لەجیاتی هەوڵی ڕێکخستنیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بدات، لێ بەداخەوە ڕۆڵیکی زۆرخراپیان لە ژیانی کرێکاران و شۆرشی ئیسپانیاش بینی، کەپاشتر باسی لێوە دەکەم. چینی کرێکاری ئیسپانی هێشتا نەگەیشتبووە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری ،چونکە هەروەکوو ووتم، بەشێکی زۆریان کرێکاری کشتووکاڵ بوون و زۆربەیان نەخوێندەوار بوون. هەربۆیە ڕێکخستنشیان زۆر زەحمەت بوو. ئەمەش ڤاکتەری سەرەکی بوو، بۆ ئەوەی بچنە ژێر باڵی بیری ئانارشیستەکانەوە.

35- **Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien,S9.**

سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

1. Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der Zweite Republik(1931-1936), ManfredBöcker, www.Fundus.de

2. Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg.

3. Wikipedia, der freien Enzyklopädie, Karlisten in Spanien.

4. Baskische Geschichte in Grundzügen, Michael Kasper,Wissenschaftliche Buchgesellschaft Darmstadt, 1997, S128

5. Katalanische Frage und Spanische Autonomien,Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh,1988,S47

6. Der Spanische Bürgerkrieg, 1936 bis 1939, Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert, Korpf,Wien,.

7. www. Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg .

8. Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. Entwicklungsaspekte ein autoritären Diktaur,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977. S5

9. 501 سنة الغزو مستمر ، نعوم تشومسكى ، ترجمة مى النبهات ، دار المدى،ديمشق/ سوريا ل9

10. www . arte tv. de,Spanische Bürger Krieg.

بەشی دووەم

سەرەتای تراژیدیاکان

هەروەک لەبەشەکانی تردا باسم کرد ، کۆمەڵگای ئیسپانی رۆژ لەدوای رۆژا بەرەو نائارامی و پشێوی سیاسی دەچوو . هەموو کەسێکیش دەیزانی،کە ئەم بارە نائاساییە نابێت تا سەر بکێشێت. چونکە هیچکام لە چین و تۆێژەکانی ناو کۆمەڵگا ، بەرژەوەندیەکانی خۆی لەم بارەدا نەدەبینیووە. هەموو خۆیان بە زەرەر مەندی سەرەکی ئەم بارە سیاسیە دەبینی .

چینی ئەرستۆکرات ودەسەڵاتداران هەستیان دەکرد، کەئەم بارە ترسێکی گەورەی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانیان هەیە، چونکە رۆژانە ئەو مانگرتن و خۆپیشاندان و راپەرینانە ، ترسی هەرسهێنان و لەناوچوونی لێدەکردن . هەرلەبەر ئەوە بەهەموو شێوەیەک دەیانوویست ،ئەم هەموو نارەزایەی خەڵکی سەرکووت بکەن . تاکە ڕێگاش لەبەر دەمیان ، بەکارهێنانی تووندوتیژی و لەشکرە دڕندەکەیان بوو . بەم شێوەیەش بیریان کردەوە ، کەباشترە سکی برسی خەلکی زەحمەتکێش بدڕن، بۆ ئەوەی لە دەمیانەوە هاوار نەیەتەدەرەوەو ئەم بەرێزانە

بێ تاقەت بکات ، لێ نەیانزانی زەحمەتکێشان و کرێکاران هەروا بەئاسانی تەسلیمیان نابن .

گەرچی چینی جووتیار و کرێکاران بوو ، خۆیان بە زەرەرمەندی سەرەکی ئەم بارە سیاسیە دەبینی. چونکە لە بارێکی ئێجگار خراپدا ژیانیان بەسەر دەبرد . بە پیسترین شێوەش لە لایەن دەرەبەگ و خاوەن کارەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. بچووکترین ناڕەزایشیان بکردبایە ، پۆلیس و لەشکر و چەقۆکێشەکانی پادشا ، بە دڕندانە ترین شێواز سەرکووتیان دەکردن . برسێتی و گرانی و نەخۆشی و بێدرامەتی ، تەواو تەنگی بە چینە هەژارو زەحمەتکێشەکە هەڵچنیبوو .

گەرچی چینی بۆرجوازی بوو، بەهەمان شێوە ئەمانیش، مانەوەی ئەم بارە سیاسیە ئالۆزە ، زەرەی گەورەی لێدەدان . چونکە هەموو کات سەرمایەدار، پێویستی بە ئاسایش و ئارامی هەیە تا سەرمایەگوزاری خۆی بکات. لەهەمان کاتیشدا مانگرتنی کرێکاران و تەشەنە کردنی بیروباوەری چەپ، ترسێکی گەورەی بۆ ئەم چینە دروست کردبوو. لەبەر ئەوە بەهەموو شێوەیەک دەیانوویست ئەم بارە سیاسیە بگۆڕێت و، کۆمۆنیست وچەپ لەژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی دووربخەنەوە. هەر لەبەر ئەوە بەماڵ و بەگیان، پشتگیری زۆری فرانکۆیان کرد .

وردە بۆرجوازی ناوشاریش ،خۆی بەزەرمەندی گەورە دەزانی ، چونکە باری ناوشارەکان بەتەواوی تێکچوو بوو. رۆژانە پۆلیس وسەرباز پەلاماری خەڵکی کرێکارو

جووتیارانی دەدا، مانگرتن و خۆپیشاندان وەکوو رۆتینێکی رۆژانەی لێهاتبوو. لەهەمان کاتیشدا ئەم چینە زۆر پەراوێزخرابوون، دەسەڵاتی سیاسی وئابووری لەدەست نەبوو، رۆژانەش لەلایەن چینە دەسەڵاتدارو سەرمایەدارەکانەوە ئیهانەیان دەکردن. لەبەر ئەوە زۆر هەوڵی گۆرانی بارەسیاسیەکەی دەدا. وەکوو پیشەی هەموو جارێکی ئەم چینەش، سەرەتا لەگەل شۆرشەکانن، لێ کاتێک ئەسپی شۆرش تاوی خۆی بەرەو لێژی نابێت، یەکسەر خۆیان کشاندۆتەوەو خۆیان خستۆتە باوەشی دوژمنانی شۆرشەوە. لە کاتی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیشدا بەهەمان شێوە بوون. لەسەرەتای شەڕەکەدا لەگەڵ کۆماریخوازەکان بوون، لێ کاتێک زانیان فرانکۆ بەرەو سەرکەوتن دەچێت، گورج خۆیان لە سەنگەری کۆماریەکان دەرهێنا و چوونە ناو سەنگەری فرانکۆوە و ناپاکیەکی زۆریان لەدژی کۆماریەکان کرد.

هۆکارەکانی شەری ناوخۆ

هۆکارە ناوخۆییەکان

/ باری ئابووری

لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی ،ئابووری جیهان بەگشتی تووشی دوریانێکی ترسناک بوو . بەتایبەت کێشەی رامانی بۆرسەی نیۆرک (کە بە یەکێک لەرۆژە رەشەکانی سەدەی پێشوو دەژمێرێت) ، کە ئیتر کێشەکەی هێندەی‌تر تەقاندەوە. ئەو کات هەموو جیهان بەدەست بێکاری و هەژاری و نەخۆشیەوە دەینالاند. دیارە ئابووریە گەورەو بەهێزەکانی جیهان (ئەمەریکا وفەرەنسا وئەڵمانیا و بەریتانیا)هەموو لەگێژاوێکی گەورەدا بوون. ئیسپانیاش کە هەرە بەشەدواکەوتووەکەی ئەوروپابوو،ئەم وەزعە جیهانیە کاری زۆری تێکردبوو. ئابووری ئیسپانیا پێکهاتبوو، لە کشتوکاڵ و بازرگانی و سامانی سروشتی ،کەلەکۆڵۆنیالەکانیەوە بەدەستی دەکەوت. لێ زیاتر وەزعە سیاسیەکە، باری ئابووریشی خراپتر کردبوو. گەلی ئیسپانی ئەم وەزعە ئابووریە خراپە، زۆر ئازاری دەدا.

/ باری کۆمەڵایەتی

کۆمەڵگای ئیسپانی هێشتا کۆمەڵگایەکی فیئودال وکشتوکاڵی بوو. چینی دەرەبەگ، کەژمارەیان دەگەیشتە 50 هەزار ، زووربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی ئیسپانیایان داگیرکردبوو[36]. کە نیسەش بەهەمان شێوە، بەشێکی زۆری زەویە کشتوکاڵیەکانی داگیرکردبوو. جووتیاران کەخاوەنی هیچ پارچە زەویەک نەبوون ، بەخراپترین شێوە لەلایەن دەرەبەگەکانەوە دەچەوسێنرانەوە. کرێکاران کەزووربەیان کرێکاری کشتوکاڵی بوون ژمارەیان دەگەیشتە 2 ملیۆن ، لە بارێکی ئێجگار خراپ و دژواردا ژیانیان بەسەر دەبرد[37]. نەبوونی ریفۆرمی زەوی و خراپی باری کرێکاران ، وای کرد کەرۆژانە شەروپێکدادان و خۆپیشاندان وراپەرین ئەنجام بدرێت . هەر ئەم وەزعەش بوو، کە هەموکات دەبووە چەغماخەی هەموو شۆرش راپەرینێکی دادەگیرساند.

36- **Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien,S5.**

37- **هەمان سەرچاوە**

/ باری سیاسی

پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکەی ئیسپانیا، بەهیچ شێوەیەک ڕێگای نەدەدا کۆمەڵگایەک لەسەر بنەمایەکی دیمۆکراتی دروستبێت. هەموو چین و توێژەکان، زۆر ئەگرەسیڤانە پارێزگاری بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانیان دەکرد. چینی دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ کەنیسەشدا پێیان وابوو تەنها لەشکر دەتوانێت چارەسەری کێشەکان بکات، هەربۆیە هەمووکات بە ڕێگای لەشکرو تووندوتیژیەوە، وەڵامی ماقەڕەواکانی کرێکارو جووتیارانیان دەدایەوە. لەبەرامبەردا ، چینی کرێکارو جووتیارانیش خۆیان لەچەندین ڕێکخراوی تووندڕەوی چەپ دا بەتایبەت (ئانارشیستەکان) ڕێکخستبوو. ئەم ڕێکخراوانەش باوەڕێکی زۆریان بە تووندووتیژی هەبوو . هەموو کارەکانیشیان دەچووە قاڵبێکی ئاژاوەگێریەوە کەهیچ خزمەتی بەرژەوەندی کرێکاران وجووتیارانی نەدەکرد . بگرە بە پێچەوانەوە هێندەی تر لەشکری و سووپای هان دەدا ، کە بەگژ هەموو خۆپیشاندان و مانگرتنێکدا بچن .

/ هۆکارە دەرەکیەکان

ئەوکات هەموو جیهان بە پەڵەیەکی ڕەشی سیاسی داپۆشرابوو. لەهەموو شوێنەکاندا حوکمی تووندرەو

دیکتاتۆری سەریهەڵدابوو . دەتوانین بڵێین سەردەمی سەرهەڵدانی دیکتاتۆری جیهانی بوو . لە پاش رووخانی ئیمپراتۆریەتە دڕندەو وەحشیەکەی ئوسمانی، کۆمەڵێک وەحشی و دڕندەی تر حوکمیان گرتە دەست. پەیدابوونی مستەفا کەمالی خوێنمژ، کە هەتا توانی خوێنی گەلانی بەڵقانی مژی، ئینجا کەوتە وێزەی گەلی کورد و بە وەحشیترین شێوە پەلاماری خەڵکی کوردستانی داو، یەکەمین حوکمی شۆڤێنی وفاشیزمی لە جیهاندا دروست کرد . بۆ یەکەمینجار لەمێژووی بەشەریەتدا ،گەلێک جینۆسایدی گەلێکی تر بەرەسمی دەخاتە دەستووری وولاتەکەیەوە. ئەو سیاسەتە شۆڤێنی وفاشیستەی مستەفاکەمال، هەتاوەکوو ئەمرۆش وەکوو دەقی قورئان پیرۆزن وکاریان پێدەکرێت . لەرووسیاش پیاوێکی وەحشی هاوشێوەی مستەفا کەمال پەیدا بوو، کە بە ستالینی خوێناوی دەناسرێت. ئەمیش بەئاگروئاسن حوکمی گەلانی شۆرەوی دەکرد . دڕندەیی ئەم پیاوە هەموو جیهانی تۆقاندبوو. لەئەمەریکاش ویلسۆن کۆمەڵێک یاسای دژ بە کرێکار و کۆمۆنیست دەرکردبوو، کەئەم سالانە بە سالّی (ڕاوەکۆمۆنیست دەژمێرێت[38]). هەموو ئەوروپاش یاسای دژە کۆمۆنیستی وکرێکاریان دانابوو ، هەتا دەهاتیش خۆپیشاندان و مانگرتنەکرێکاریەکان ، خوێناوی تر دەبوون . تەوژمێکی گەورەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ،

38- Noam Chomsky, Media Control,Europa Verlag,Hamburg, 2003,S29

گەلانی ژێر دەستەی ئاسیاو ئەفەریکاو ئەمەریکای لاتینی گرتبووەوە . وولاتە کۆلۆنیالیستەکانیش بە وەحشیترین شێوە ئەم شۆرش وراپەرینانەیان سەرکووت دەکردەوە.

هێزەگەورەکانی جیهان و شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا

دەتوانم بڵێم یەکێک لەو فاکتەرە سەرەکیانەی کە ڕۆڵێکی سەرەکی لەشەری ناوخۆی ئیسپانیا بینی. دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەو کاتەبوون. هەموو کات دەوڵەتە زلهێزەکان دەیانەوێت سیاسەت وبەرژەوەندیەکانی خۆیان بەسەر تەواوی جیهاندا بسەپێنن. هەر بۆیە بۆ شیکردنەوەی هەر ڕووداوێک یان کارەساتێک، دەبێت ڕۆڵی دەوڵەتە زلهێزەکان لەبیر نەکەین . چونکە هەموو کات دەوڵەتە زلهێزەکان هەوڵیان داوە، شەڕەکانی خۆیان لە وڵاتە پاشکەوتووەکان بکەن. هەروەک بیرمەندی ئەمەریکی ساموێل هینگتۆن دەڵێت:(شەڕی ئەمەریکا وسۆڤێت لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دا ڕوویدا . چونکە ئەو وڵاتانە هەژارو دواکەوتوو بوون ، لەڕووی سیاسیشەوە نائارامی پەشێوی زۆرتر تێدا ڕوودەدات [39]) .

بە دڵنیایەکی زۆرەوە ، شەری ناوخۆی ئیسپانیاش، شەڕی نێوان دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بوو . هەر یەکە لەلای خۆیەوە هەوڵی دەدا، ئیسپانیا بکاتە گۆڕەپانێک و ماسوولکەکانی خۆی بۆ دەوڵەتەکانی تر دەربخات. جێگای

39- صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمی ، صموئیل هنتنغتون، نقله ال العربیة. د.مالک عبید ابو شهیوة
د. محمود محمد خلف. دارالجماهیریة للنشر والتوزیع والاعلان . بنغازی . 1999 . 73

داخە ئەم سیاسەتە نەگریسەی وڵاتە زلهێزەکان، هەتاوەکوو ئەمڕۆش بەردەوامە. هەموو گەلانی پاشکەوتوو دەبنە قووربانی سیاسەتی زلهێزەکانی جیهان. ئەوکاتەش ئیسپانیا لەچاو وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوروپا، وولاتێکی پاشکەوتوو و دواکەوتوو بوو. ڕۆژئاوایەکان تا درەنگانێک بە ئیسپانیا وپورتووگال وێژنانیان دەووت (جیهانی سێی ئەوروپا).

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، گۆڕەپانێک بوو بۆ(ئەڵمانیا و ئیتالیا) بۆ ئەوەی ماسوولکەکانیان پیشانی وڵاتانی (سۆڤێت و فەرەنسا و بەریتانیا) بدەن. چونکە هەر پاش تەواوی بوونی شەری ناوخۆی ئیسپانیا، یەکسەر جەنگی دووەمی جیهانی دەستی پێکرد. فرانکۆ لە مانگی چواردا ئیعلانی کۆتایی پێهاتنی شەری ناوخۆی کرد . هەر پاش ئەو هیتلەر لە مانگی نۆدا(سێپتەمبەری) هەمان ساڵدا، پەلاماری پۆلۆنیای داو، بەمەش ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرساند.

بە دڵنیایەوە شەری ناوخۆی ئیسپانیا ، سەرەتای سیاسەتێکی ئیمپریالی بوو کە ناوی (جەنگی سارد*) یان

* شەری سارد . ئەو شەڕەبوو کە لەنێوان ئەمەریکا وسۆڤێت دروستبوو. ئەم شەڕە بۆیە ناویان لێنا شەری سارد ، چونکە هیچ کات شەڕوپێکدادانی سەربازی لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتە ڕووی نەدا . بەڵکە ئەم دوو زلهێزە شەڕەکانی خۆیان خستە ناو وڵاتانی جیهانی سێیەم . ئەم دوو زلهێزە هەموو جیهانیان کردبووە گۆڕەپانی شەری خۆیان ، لێ هیچ کات وولاتەکانی خۆیان، شوختێکی بچووکیشی جەنگیان بەرنەکەوت . ئەم دوو زلهێزە هەر یەکە بە جۆرێک ڕۆژانە ماسوولکەکانی خۆی پیشانی لانی بەرامبەری دەدا . ئەم شەڕە لەپاش جەنگی دووەمی جیهانەوە دەستی پێکرد و هەتا کۆتایی هەشتاکان بەردەوام بوو. ئەم

لێنابوو. ئەم سیاسەتە نەگریسە، گەلانی جیهانی سێیەمی کردە سووتەمەنی ئەم جەنگە نەگریسەی سۆڤێت وئەمەریکا. ئەو میتۆدو تێزانەی لەئیسپانیا بەکارهێنران، پاشتر لە(شیلی ونیکاراگۆا وکۆلۆمبیا وئەندەنووسیا وکۆنگۆ وئەنگۆلا وڤێتنام و شوێنانی تریش) بەکارهێنران .

پەیدابوونی مۆسۆلینی و فاشیزم لەئیتالیا

شەرەش بە سەرکەوتنی ئەمەریکا و ژێرکەوتن ودۆڕاندن و ڕووخاندنی سۆڤێت کۆتایی پێهات . ئەم شەرە بەردەوامی ئەو شەرە بوو کە پێشتر لە ئیسپانیادا دەستی پێکرد . لێ تەنها پاڵەوانەکانی ئەم شەرە گۆران ،ڕووخان وژێرکەوتنی ئیتالیا وئەڵمانیا، سەرکەوتن و دەرکەوتنی ئەمەریکا کە جێگەی ئەو دووزلهێزەی پێشووی گرتەوەو بەردەوامی بە شەری سارد لەگەڵ سۆڤێتدا .

Benito Mussolini، بینۆتۆ مۆسۆلینی کەبە باوکی فاشیزم دەناسرێت* . ساڵی1922 یەکەمین حکومەتی فاشی لە ئەوروپا دادەمەزرێنێت. ئەم حکومەتە فاشیە کەلەسەر بنەمایەکی ڕەگەزپەرستانەو شۆڤێنایانە دامەزراوە ، دەبێتە مەکۆی هەموو گروپ وپارتە فاشیەکانی ئەوروپا . مۆسۆلینی گەورەترین یارمەتیدەرو پشتگیریکەری حکومەتە فاشیەکەی فرانکۆ بوو. هەر زوو

* بێنیتۆ مۆسۆلینی ساڵی 1883 لە Predappio سەر بە هەرێمیForli لەئیتالیا لەدایک دەبێت . باوکی سیاسیەکی سۆسیالیستە و ئەندامی شارەوانی دەبێت . هەر زوو دەچێتە بواری سیاسیەوە ،ساڵی 1900 دەبێتە ئەندامی پارتی سۆسیالیستی ئیتالیا . پاش ساڵێک دەبێتە مامۆستا و تاماوەیەکی کوورت بەردەوام دەبێت . ساڵی 1902 بڕیاری کۆچکردن دەدات و بەرەو وواڵاتی سویسرا بەرێدەکەوێت . لێ لەم وواڵاتەش زۆر نامێنێتەوە و ساڵی 1904 بە زۆرەملێ دەریدەکەن . مۆسۆلینی جارێکی تر سەرلەنوێ تێکەڵ بە ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئیتالیا دەبێتەوە. ساڵی 1911 وەکوو سەرباز بەشداری شەڕی ئیتالی وتووركی (ئوسمانی) لە لیبیا دەکات . ئەمەش سەرەتایەک بۆ بیری تووندڕەوی و شۆڤێنی لا دروست دەکات . پاشان دەگەڕێتەوەو جارێکی تر تێکەڵاوی ژیانی سیاسی دەبێتەوە. پاش ماوەیەک دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (Avanti) کە ئۆرگانی پارتی سۆسیالیست دەبێت. لە ساڵی 1917 بەشداری شەری جیهانی یەکەم دەکات و هەر لەو ساڵەشدا بریندار دەبێت. پاشان بیری مۆسۆلینی تەواو دەگۆڕێت . هەتا دێت بیری ناسیۆنالیستی و ڕەگەزپەرستی بەسەریدا زاڵ دەبێت ، هەر لەبەر ئەمەش پارتی سۆسیالیست بڕیاری دەرکردنی دەدات. ساڵی 1919 مۆسۆلینی کۆمەڵەیەک بەناوی Fasci di Combatimeto دروست دەکات .کەئەمە یەکەمین کۆمەڵەی فاشی یە لەجیهان دا . ساڵی 1921 پارتی ناسیۆنالیستی فاشی دروست دەکات . هەر لەو کاتەوە مۆسۆلینی و پارتەکەی ، دەبنە قووتابخانەیەک بۆ هەموو گرووپە فاشیەکانی جیهان . هیتلەر هەموو کات مۆسۆلینی بەمامۆستای خۆی دەزانی . بەهەمان شێوەش فرانکۆ ومستەفا کەمال و فاشیەکانی تری جیهان، سوودیان لە بەرنامەو تێزەکانی مۆسۆلینی وەرگرتووە. مۆسۆلینی لە 31 ئۆکتۆبەری 1922 دەبێتە سەرۆکی وەزیران و بەم شێوەیەش حوکمێکی دیکتاتۆری وفاشی لەئیتالیا دروست دەکات و هەتا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام دەبێت.

دەستی دەگاتە فەلەنگالیستەکانی ئیسپانیا و بە هەموو شێوەیەک یارمەتی یان دەدات. هەزاران ئەندامیان دێنێتە ئیتالیا وبەشداری خوێندن و دەورەی تایبەتی دەبن. مۆسۆلینی گەورەترین دوژمنی کۆمۆنیستەکان بوو . بەهەموو شێوەیەک دژایەتی دەکردن، هەربۆیە زۆر دوژمنایەتی کۆماریەکانی کرد و، باشترین دۆستی فرانکۆش بوو. ئیتالیا بەهیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبوو کۆماری کۆمۆنیستی لەئیسپانیا دروست ببێت . لە هەمان کاتدا مۆسۆلینی بڕوای وابوو، کە دەتوانێت حوکمێکی هاوشێوەی خۆی لەئیسپانیا دروست بکات. لەبەر ئەوە هەتا توانی یارمەتی فرانکۆی دا و بەهەموو شێوەیەکیش دژایەتی کۆماریەکانی کرد .دەتوانم بڵێم مۆسۆلینی وهیتلەر،

فاشیەکانی ئیتالیا

گەورەترین هۆکاری دروستبوونی شەری ناوخۆی ئیسپانی بوون. چونکە ئەوان لەیەکەم رۆژەوە دەرگایان

بۆ فاشیستە ئیسپانیەکان کردەوەو باشترین یارمەتیان پێشکەشکردن. فرانکۆش زۆر خەونی بە کۆماریێکی هاوشێوەی ئیتالیاوە دەبینی . هەر بۆیە زۆربەی سیاسەتەکانی، پشتی بە قووتابخانەی فاشیزمی ئیتالی دەبەست[40].

ئەڵمانیای نازی و هتلەرەکەی

لە 30 یانوەری 1933 هیتلەرو پارتەکەی دەبنە حاکمی یەکەمی ئەڵمانیا . هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە، هیتلەر هەوڵی دروستکردنی

40- Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der Zweite Republik(1931-1936), ManfredBocker, www.Fundus.de

دەوڵەتێکی (تۆتالیتاری ودیکتاتۆری وسەربازی وراسیزم) دەدات . ئەم چەتەیە بۆ یەکەمجار لەمێژووی ئەڵمانیا و ئەوروپا ، درندەترین شێوەی راسیزمی کردە سیاسەتی سەرەکی دەوڵەت[41] .

Nationalsozialismus 1 , Informationnen zur politischen Bildung , -41
251 bpb. S11-15

هیتلەرو حکومەتەکەی*، گەورەترین دۆستی فرانکۆو بوون. بەهەموو شێوەیەک پشتگیری زۆریان پێشکەش بە حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ کرد. فرانکۆ هەموو کات هیتلەری بەمامۆستای خۆی دەزانی. ئەڵمانیا هەستی دەکرد ،کە ئیسپانیا شوێنێکی ستراتیژی گەورەی لە ئەوروپادا هەیە. ئیسپانیا وەکوو دەرگایەکی دەریای سپی

* Adolf Hitler ئادۆلف هیتلەر . لەساڵی 1889 لەبراوناوBraunaua لەنەمسا لەدایک بووە . باوکی پۆلیسی گوومرگ بووە. ساڵی 1905 باوکی دەمرێت . دایکی هەوڵ دەدات بە هەتیوویی بەخێوی بکات . خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی دەخوێنێت . ساڵی 1907 دەچێتە قیەنای پێتەختی نەمسا ، دەیەوێت لە پەیمانگای هونەرەجوانەکان بخوێنێت . لێ دووجار تاقیکردنەوە دەکات و دەرناچێت . ساڵی 1907 دایکی دەمرێت و پاشان لەساڵی 1908 وە تا1913لە یەکێک لە شوێنی بێماڵەکان (فەقیرخانەکان) دەژی . وەکوو خۆبەختکەرێک بەشداری جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات و لە بایەرن(میوونخ) دەبێتە سەرباز . جەنگی جیهانی یەکەم زۆرکای تێدەکات و ژێرکەوتنی ئەڵمانیا ونەمسا ، زۆرئازاری دەدات . لە ساڵی 1919 دەبێتە ئەندامی پارتی کرێکارانی ئەڵمانی DAP پاشان لەگەڵ کۆمەڵێک گرووپی رەگەزپەرستی تر پارتێکی نوێ دادەمەزرێنێت. لە 21 ،06، 1921 دەبێتە سەرۆکی پارتی ناسیۆنالیستی سۆسیالیستی ئەڵمانی NSDAP . ساڵی 1923 هەوڵی کودەتایەکی سەربازی لەمیوونخ دەدات ، لێ سەرناکەوێت . پاشان دەگیرێت 5 ساڵ سزا دەدرێت ، بەڵام پاش ساڵێک ئازاد دەکرێت. ساڵی 1930 دەگاتە لووتکەی سەرکەوتن ، کاتێک پارتەکەی لە هەڵبژاردنەکاندا 18،5 بەدەست دەهێنێت . ئەمەش سەرەتای گەشەسەندنی نازیەکانە لەژیانی سیاسی ئەڵمانیدا . لە 30 یانوەری 1933 بە زۆرینەی دەنگ ئەڵمانیەکان ئادۆلف هیتلەر هەڵدەبژێرن و دەبێتە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا . هەر پاش ئەم هەڵبژادنەش ،یەکسەر هیتلەر هەموو ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی ئەڵمانیا دەگۆڕێت ، حکومەتێکی دیکتاتۆری وسەربازی و راسیزم دروست دەکات . لە مانگی نۆی هەمان ساڵدا پەلاماری وواڵاتی پۆڵەندا دەدات و بەمەش ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی هەڵدەگیرسێنێت . هیتلەر لە ساڵی 1945 پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانەکان و داگیرکردنی بەرلین بە دەستی سۆڤێتەکان ، کۆتایی بەخۆیی و حکومەتەکەی خوێناویەکەی دەهێنرێت

ناوەراست وایە. هەر بۆیە ئەویش هەوڵی دەدا، کە کلیلی ئەم دەرگا گرنگە بکەوێتە ژێردەستی خۆیەوە. لەڕووی فکریشەوە هیتلەر، کۆمۆنیزمی بە گەورەترین دوژمنی خۆی دەزانی. لەهەموو شوێنێکی جیهانیش هەوڵی لەناوبردنی کۆمۆنیزمی داوە. جگە لەوەش هیتلەر دەیوسیت سیستەمێکی هاوشێوەی خۆی لەئیسپانیا دروست بکات . هەر بۆیە بێ ئەندازە پشتگیری فرانکۆی کرد[42] .



42- Wikipedia, der freien Enzyklopädie, Spanische Bürgerkrieg

هەروەها سەیری

Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977. S9

فەرەنسا

هەمووکات فەرەنسا ئاگاداری وەزعی ئیسپانیای کردووە . هەمیشە ویستوویەتی رۆلێکی باشی لە ناو ژیانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووری ئیسپانیا بگێڕێت. لەسەردەمی ناپلیۆنیش پەلاماری داو، بۆ ماوەی چەندین ساڵیش ئیسپانیایان داگیرکرد . فەرەنسا رەسمیەن وای پیشان دەدا کە خۆی تێکەڵی شەری ناوخۆناکات و بێ لایەنی خۆی ڕاگەیاند[43]. لێ فەرەنساش دەیویست کلیلی دەرگاکەی دەریای سپی ناوەراست بکەوێتە ژێر دەستی خۆیەوە ، بەڵام بۆی نەدەکرا . لەلایەکی ترەوە ئەمانیش دژی کۆماریەکان بوون و حەزیشیان بە حوکمی فرانکۆ نەبوو . لێ لە هەموو حالەتێکدا، فرانکۆیان پێ باشتر بوو لە کۆمۆنیستەکان. هەر ئەم سیاسەتی بێلایەنەشیان، وەکوو پشتگیریەک وابوو بۆ فرانکۆ. هەر چەندە فەرەنسا لاقی دیمۆکراتی و لیبرالیزمی لێدەدا، کەچی لە شەری ناوخۆدا رۆڵێکی ئێجگار نێگەتیڤی گێڕا. سەیر لەوەیە زۆربەی رۆشنبیرو نووسەرانی ئیسپانیا هەتاوەکوو ئەمرۆش ، هۆگری بیری فەرەنسین. هەموو نووسین وکتێبەکانیان، لە سەرچاوە فەرەنسیەکانەوە ئاوو دەخۆنەوە . کەچی فەرەنسیە ئازادەکان ، یارمەرتی ئیسپانیە ئازادەکانیان نەدا .

43- Wikipedia, der freien Enzyklopädie ,Spanische Bürgerkrieg

بەریتانیا

بەریتانیا هەموو کات حەزی بەدەوڵەتێکی بەهێزی ئیسپانی نەدەکرد، چونکە لەلایەکەوە بەشێکی گرنگی ئیسپانیای داگیرکردبوو(چیای طارق، جبل طارق)، کە شوێنێکی ئێجگار ستراتیژی گرنگە و بە کلیلی دەریای سپی ناوڕاست و زەریای ئەتلەسی دەژمێرێت. ئەم شوێنە وەکوو پردێک وایە هەردوو لا بەیەکەوە دەبەستێتەوە. لەلایەکی تریشەوە بەریتانیا حەزی نەدەکرد ئیسپانیا رۆڵی زیاتری لەناوچەکەدا هەبێت. لەبەرئەوە بەریتانیا لەم شەڕەداخۆی بە سوودمەند دەزانی. هەر بۆیە هەڵوێستی ڕەسمی بەریتانیا بێ لایەنی بوو لەم شەڕەدا[44]، دژی کۆمۆنیستەکان بوو ، لەهەمان کاتیشدا حەزیان بە فرانکۆش نەدەکرد. هەربۆیە حەزیان دەکرد ئەم شەڕە بەردەوامی بکێشێت ، تا بە شێوەیەکی ئێجگار ترسناک و خراپ ، ئیسپانیا بێ هێز بێت. چونکە بەریتانیا حەزی بە ئیسپانیایەکی لاواز و بێ هێز دەکرد.

ستالین و سۆڤێتەکەی

شۆڕشی ڕووسی یەکێک بوو لەو ڕووداوەگرنگانەی سەدەی رابردوو. ئەم شۆڕشە کاریگەری خۆی لە سەر تەواوی جیهان بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی دانا. هەر لەسەرەتای هەڵگیرساندنی شۆڕشەکەوە ، هەتا

44- هەمان سەرچاوە

ڕووخاندنی شۆڕەویش، گەورەترین و بەهێزترین پاڵپشتی شۆڕشی گەلانی جیهان کرد **(جگە لەشۆڕشی گەلی کورد ، کەزۆر نامەردانە یارمەتی داگیرکەرانی کوردستانیان دا،مستەفا کەمال ، شای ئێران و، سەدام و ئەسەد)** . هەر بۆیە شۆڕشی ڕووسیش کاریگەریەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر بززوتنەوەی چەپ. ئەم شۆڕشەی ڕووسیا ئێنەرجیەکی ئێجگار بە هێزی بە کۆمۆنیستەکان دا. لێ لەسەرەتاوە شۆڕەوی کێشەیەکی گەورەیان لە ئیسپانیا هەبوو. زۆربەی چەپی ئەم وولاتە لە باڵی فکری ستالین و سۆڤێتەوە دووربوون. سەرەکیترین باڵی چەپی ئیسپانیا ئانارشیستەکان بوون ، کە دوژمنێکی سەرەکی ستالین بوون. لێ کاتێک جەنگەکە دەستی پێکرد سۆڤێت یارمەتیەکی زۆری شۆڕشگێرەکانی ئیسپانیا دا[45]. سۆڤێت دەیووبست ئیسپانیا بکەوێتە ژێر رکێفی خۆیەوە نفوزی خۆی لە دەریای سپی ناوەراست بەهێزتر بکات. لەهەمان کاتیشدا دەیووبست لە داهاتوودا، ئیسپانیا بکاتە بنکەیەکی سەرەکی بۆ پشتگیری کردنی بزووتنەوە چەپەکانی باشووری ئەوروپا و باکووری ئەفەریکا .

45- **Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert , Korpf,Wien,S10**

ئەمەریکا

جەنەرالّ فرانکۆ و ئایزنهاوەر سەرۆکی ئەمەریکا

ئەمەریکا لە پاش شۆرشی رووسیەوە، یەکسەر کۆمەڵیک سیاسەتی تایبەتی دژبە کۆمۆنیستی دەرکرد، کە بە سیاسەتەکانی وویلسون دەژمێرێت[46]. ئەمەریکا هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە، وولاّتێکی سەرمایەداری بووە و گەورەترین دوژمنی بیری کۆمۆنیستی و کرێکاری و شۆرشگێری بووە. لە جەنگی ئیسپانیا دا، بەهەموو شێوەیەک دژی کۆماریەکان بوون و حەزیان نەدەکرد کە لە ئیسپانیادا کۆمارێکی کۆمۆنیستی هاوشێوەی رووسیا دروستبببێت. لێ لە هەمان کاتیشدا واین پێشان دەدا کە

Noam Chomsky, Media Control,Europa Verlag,Hamburg, 2003,S29 -46

گوایە دژی جەنەرال فرانکۆشن. هەربۆیە رەسمیەن ئیعلانی بێ لایەنی خۆیان لەم شەڕەدا راگەیاند[47]. بەڵام لەژێرەوە یارمەتی فرانکۆیان دەدا و، تا لە 1 ئەپریلی ساڵی 1939 حکومەتی ئەمەریکا ئیعتراف بە حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ دەکات . واتە پاش دوو رۆژ لە ئیعلانکردنی کۆتایی جەنگی ناوخۆ لەئیسپانیا[48]. هەر پاش چەند ساڵێکی تر ئیسپانیا لە حیلفی ناتۆ وەردەگیرێت و دەبێتە ئەندامێکی سەرەکی شەڕی دژ بە شۆرەوی.

پۆرتووگال

لە ساڵی 1932 لە پوورتوگال حکومەتێکی دیکتاتۆری بەسەرۆکایەتی (سالازار) Salazar دروست دەبێت. ئەم دیکتاتۆرە بەهەموو شێوەیەک پشتگیری فرانکۆ دەکات و دژی کۆماریەکان رادەوەستێت. یەکەمین وولاّتیش کەپەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ فرانکۆ بەست، پورتووگال بوو. چونکە ئەم دیکتاتۆرەش دەترسا گەر کۆماریەکانی لەئیسپانیا سەربکەون، ئەوا ترسێکی گەورەی بۆ حکومەتە دیکتاتۆریەکەی دەبێت[49]. هەربۆیە بەهەموو شێوەیەک کەوتە پشتگیریکردنی فرانکۆی دیکتاتۆر.

Wikipedia, der freien Enzyklopädie، Spanische Bürgerkrieg -47

Der Spanische B□rgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische . -48
Offensive Vorwart, AlbertKorpf,Wien,S18

Wikipedia, der freien Enzyklopädie، Spanische Bürgerkrieg -49

سەرەتای قۆناغێکی نوێ

لە14 ئەپریلی 1931 کۆماریەکان بۆ یەکەمینجار لەمێژووی ئیسپانیادا، لە هەڵبژاردنێکی دیمۆکرات و ئازادا، زۆرینە دەنگیان هانی. بەمەش دووەمین کۆمار دامەزرا. سەرۆکی کۆماریەکان (ئەلکالا زامۆ) (Alcala Zamora) توانی بۆ یەکەمجار پارتێکی نیمچە چەپ بگەینێتە دەسەڵاتی سیاسی. هەر پاش سەرکەوتنی کۆماریەکان، زامۆرا ئیعلانی کۆماری ئیسپانیای کردوو، پادشای لەسەر تەخت لابرد. بەم شێوەیەش قۆناغێکی نوێ دەستی پێکرد[50].

کێشەکانی کۆمارەنوێ یەکە

/ چینە کۆمەڵایەتیەکان

سیستەمی پادشایەتی هەروا بەشەورۆژێک کۆتایی پێ نەدەهات . کۆمەڵگای ئیسپانیا کەبۆماوەی زیاتر لە 5 سەدە ، سیستەمێکی پادشایەتی و دەرەبەگایەتی حوکمی دەکرد. چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگای ئیسپانی لەسەر بنەمایەکی ئابووری کشتووکاڵی دابەشکرابوون . ئەم چینانەش هەروا بەئاسانی تێکەڵی کۆمەڵگای نوێ

Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg.Florain Liehr -50 .www.

نەدەبوون . دەرەبەگەکان خۆیان بەزەرەرمەندی گەورە دەبینی. چونکە ترسی ئەوەیان هەبوو کە کۆمارە نوێ کە ، دەست بە سەر زەویوزارەکانیان بگرێت و ڕۆڵی جارانیان نەمێنێت . هەربۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتنە دژایەتیکردنی ئەم کۆمارە نوێیە[51].

گەرچی جووتیارانیش ، دەیانوویست هەر زوو ریفۆرمی زەوی دەست پێبکات و ، جووتیاران پارچە زەوی خۆیان دەستبکەوێت و کۆتایی بە حوکمی دەرەبەگەکان بهێنرێت . لەهەمان کاتدا هەموو بەتەمای ئەوەبوون ، کە ئەو کێشە زۆرانەی کەچەندین ساڵە هەیانە (برسێتی و هەژاری و نەخۆشی و دواکەوتوویی ونەخوێندەواری ،،،) بەیەک ڕۆژ چارەسەربکرێت . کەئەمەش کارێکی زۆر زەحمەت بوو .

گەرچی چینی کرێکار و زەحمەتکێشی ناوشارەکانیش، هەموو بەو هیوایەوە دەنگیان دابوو بە کۆماریەکان، کە وەزعی ئابووری وکۆمەلایەتیان باشبکات. هەموو بەتەمای ژیانێکی باشتر بوون. لەهەمانکاتیشدا ئەم کۆمارە نەیدەتوانی هەر وابەپەلە وەڵامی هەموو ئەم داواکاریەکان بداتەوە، لەبەر ئەوە، هەرزوو چینە هەژارو کرێکارەکان لێیان پەشێمان بوونەوەو دەستیان بە مانگرتن کردەوە .

Der Spanische B□rgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische -51 Offensive Vorwart, AlbertKorpf,Wien,S20.

/ لەشکر

گەورە ئەفسەرانی لەشکر، لە کورِە ئاغاو دەرەبەگەکان پێکهاتبوو. هەربۆیە هەموو کات لەناو لەشکرو ئەفسەرەکانی دا، لایەنگرانی حوکمی پادشایەتی و فاشیزم زۆربوون، لەهەمانکاتیشدا گەورەترین دوژمنی بیری کۆماریخوازیو کۆمۆنیستی بوون. هەمووکات لەشکر دەزگایەکی سەرکووتکەرو داپلۆسێنەربوو بەدەستی دەرەبەگ و ئاغاکانەوە، بۆ لێدانی هەموو مانگرتن و خۆپیشاندان و راپەرینێکی کرێکاری وجووتیاری. هەر زوو لەناو لەشکردا مقۆمقۆی لەناوبردنی کۆمارو قسەباسی کودەتای سەربازی تادەهات گەرمتردەبوو[52].

سەرەتا هەوڵدرا بەهەرشێوەیەک بووە لەشکر بۆلای کۆمارە نوێکەدا رابکێشرێت. لێ هەموو ئەو هەوڵانە سەرینەگرت. پاشان هەوڵدرا کە رێفۆرم لە پێکهات و بنەمای لەشکردا بکرێت. هەوڵدرا کە لەشکرێکی مۆدێرن و کۆماری دروست بکرێت. بۆ ئەم مەبەستەش کۆمەڵێک ئەفسەری خوێنمژ، هەوڵی لابردن و دوورخستنەوەیاندرا . لێ بەداخەوە هیچ کام لەم هەوڵانە،سەریان نەگرت و هەر ئەم رێفۆرمانەش بوونە هۆی هەڵگیرساندنی شەری ناوخۆ لەلایەن لەشکرەوە[53] .

52- **هەمان سەرچاوە**

53- **هەمان سەرچاوە**

/ چەپ و کۆمارە نوێکە

چەپ لەسەرەتاوە پشتگیری کۆمارەکەی کرد و، لەناوبردنی رژێمی پادشایەتی لای هەموو چەپێک خۆشحاڵیەکی گەورەی بەخشی . لێ بەشێکی زۆری چەپ بەشداری کۆمارەنوێکەیان نەکرد[54] ، ئەمەش گەورەترین هەڵە بوو کە چەپ کردی . چونکە لەو کاتەی کە چ دوژمنانی ناوەوە و چ دوژمنانی دەرەوە ، بە خراپترین شێوە کەوتووبونە دژایەتیکردنی ئەم کۆمارە نوێیە ،نەدەبوو ئەمانیش بەم شێوەیە هەڵسووکەوت بکەن. هەر بۆیە دەبوایە چەپ پشتگیریەکی تەواوی ئەم کۆمارەی بکردایە. دیارە ئەم هەڵەیەی چەپیش لەسەرچاوە سەقەتەکەی بیری ستالینی و ئانارشیستەوە سەرهەڵدەگرێت.

/ ئانارشیستەکان

ئانارشیستەکان هەتا کۆتایی حوکمی ئەم کۆمارە، دژی بەشداریکردنی دەسەڵاتی سیاسی بوون .

ئەمان پێیان وابوو، هەموو دەسەڵاتێکی سیاسی (دەوڵەت و حیزب) دژی ئازادی مرۆڤەو پێویستە لەناوببرێت نەک دابمەزرێت. ئەوان هەموو کات حکومەتیان بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانی و

54- **هەمان سەرچاوە**

هەولّی لەناوبردنی حکومەتیان دەدا. هەموو کات دەیانووت (هەتا ئەمرۆش) **(دەوڵەت ڕەش بێت یان سوور، هیچ جیاوازیەکی نییە)**. هەرئەم بیرە سەقەتەشیان بوو، کە زلەیەکی کوشندەی ئاڕاستەی کۆمارە نوێ کە کرد. هەر چەندە ئانارشیستەکان لەکۆتایی حوکمی کۆمارەکە و سەرەتای شەری ناوخۆ کەمێک ژیر بوون و، بەشداری حوکمە شۆرشگێرەکەیان کرد، لێ هەروەک کورد دەڵێت **(لە پاش تڕێ خەمشەی بڕێ)**

/ کۆمۆنیستە ستالینیەکان

سەردەمانێکی زۆر ستالین تووشی گرێیەکی گەورە بووبوو ، ئەویش گرێی (سۆسیال دیمۆکرات) بوو . ستالین لە بەر نزمی ئاستی هۆشیاری سیاسی و فکری ،نەیدەتوانی شیکردنەوەی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات. ئەمەش تووشی کۆمەڵێک کێشەی جۆراوجۆری کرد (کە چەپی جیهانیش باجێکی گەورەیان بۆ ئەم هەڵە کوشندانەی ستالین دا). ستالین بەهەموو شێوەیەک کەوتبووە دژایەتی سۆسیالدیمۆکراتەکان ناوی لێنابوون (سۆسیال فاشیست). دیارە گەر ستالین تۆزێک ئاستی هۆشیاری سیاسی بەرزبوایە، دەیزانی کە بیری (فاشیزم) و (سۆسیال دیمۆکرات) چەندە دوورو دژ بەیەکن. لێ بەرزکردنەوەی ئەم دروشمە ،قوڕی بەسەر هەموو پارتە کۆمۆنیستە کانی سەر بە خەتی مۆسکۆ کرد.

(هەرچەندە ستالین پاشان لەگەڵ هیتلەر پەیمانی ئاشتی مۆرکرد و لەگەڵ کەپیتالیزمی ڕۆژئاوایشدا چووە بەرەکانی شەری دووەمی جیهانیەوە).

بەهەرحاڵ بەشداری نەکردنی پارتی کۆمۆنیستی ئیسپانی (بە وەحی ستالین) ، زلەیەکی کوشندەتری لەم کۆمارە وەشاند . هەرچەندە ئەمانیش پاشان بە ئەمری ستالین، لەکاتی سەرهەڵدانی شەری ناوخۆدا، بەشداری حکومەتە شۆڕشگێرەکەیان کرد .

/ کێشە دەرەکیەکان

هەر بە سەرکەوتنی کۆماریەکان و لەناوبردنی رژێمی پادشایەتی، لەهەموو جیهانی ڕۆژئاوادا دژایەتیەکی گەورەیان کرد. فاشیستەکانی ئیتالیا و ئەڵمانیای نازی، لەریزی پێشەوەی دوژمنانی ئەم کۆمارە بوون، کەوتنە یارمەتیدانی گرووپە فاشیستەکانی ئیسپانیا و هانی لەشکریان دا، کە کودەتای سەربازی لەدژی ئەم کۆمارە بکات. سۆڤێت و ستالینیش هەروەک پێشتر باسم کرد، ئەوانیش لەسەرەتاوە پشتگیری زۆریان پێشکەش بەم کۆمارە نوێیە نەکردو بەچاوی گومانە وە سەیری کۆمارەکەیان دەکرد. تاکە وولّات کە ئەم کۆمارەی پێخۆش بوو، و پشتگیریەکی زۆری کرد، وولّاتی مەکسیک بوو. دیارە ئەم وولّاتە قارەمانە هەتا کۆتایی بە دۆستێکی گەورەی ئەم کۆمارە مایەوە .

/ مای خوێناوی 1931

لە 1 مای(ئایار) ی هەموو ساڵێکدا ، کرێکاران ئەو یادەیان پیرۆز رادەگرت و ببوە جەژنێکی سەرەکی کرێکاران، و یادێک بوو بۆ ووتار خوێندنەوە و خۆپیشاندان . دیارە زۆر زەحمەت بوو بۆ فاشست و مۆنارشیستەکان دۆڕاندنی هەلبژاردنەکە قبوڵ بکەن . هەربۆیە دایان نابوو تۆڵەی خۆیان بکەنەوە . ئەوەبوو لەم رۆژەدا، فاشست و مۆنارشیستەکان و کارلیستەکانیش خۆیان ئامادەی شەڕێکی خوێناوی کردبوو . دایان نابوو کە ئەو رۆژە بکەنە رۆژی شیوەن و ماتەمینی . ئەوەبوو لە مەدریدی پێتەخت ، شەروپێکدادانێکی ئێجگار خوێناوی ڕوویدا و هەزاران کە س بوونە قووربانی .

یەکەمین مانگرتنی کرێکاری

هەر پاش سێ مانگ لە سەرکەوتنی کۆماریەکان ، کرێکاران حەوسەلەیان نەما و دەستیان بە مانگرتنێکی گەورە کرد، کەئەم مانگرتنە تا مانگی هەشتی خایاند. دیارە ئەم مانگرتنە زلەیەکی کوشندەی لە کۆمارە نوێکە دا، چونکە هێشتا دەستیان بەکارنەکردبوو، شەقامەکان پڕبوونەوە، قەرەباڵخی جارانی دروستکردەوە. ئەمەش هێندەی تر کۆماریەکانی پەشۆکاند. دەبێت ئەوەش بڵێم کەئانارشیست وکۆمۆنیستەکان (ستالینیەکان) ڕۆڵی سەرەکیان لەم مانگرتنە گێرا .

یەکەمین کودەتای سەربازی

مۆنارشیستەکان و هەموو کات لەهەوڵی ئەوەدا بوون ، کە لەڕێگای کودەتایەکی سەربازیەوە ، کۆتایی بە حوکمی کۆماریەکان بهێنن . یەکێک لەهەوڵەکانیان لە ئۆگوستی (ئاب) 1932 ، بەسەرۆکایەتی جەنەرال سانیۆریۆ Sanjurjo بوو[55]. لێ کودەتا سەربازیەکەی سەرنەکەوت و تووشی شکستێکی گەورەبوو. هەر لە پاش سەرنەکەوتنەکەی ، یەکسەر جەنەرال سانیۆریۆ خۆی پێچایەوەو بەرەو پوورتوگال هەڵهات . لێ ئەمە دواین هەوڵی کودەتاچیەکان نەبوو ، بەڵکە هەر خەریکی پیلان گێران و کودەتای نوێ بوون .

یەکەمین هەڵبژاردن و دۆڕاندن

پاش ئەوەی کێشەکان رۆژ بەرۆژ بەرەو تووندوتیژی دەڕۆیشتن ، ئەوەبوو ئیعلانی هەڵبژاردنێکی نوێیان کرد . لە ئەپریلی ساڵی 1933 هەڵبژاردنێکی ئازاد کرا. هێزە راستڕەوەکان توانیان بە هەزارحاڵ زۆرینەی دەنگ بەدەستبهێنن . ئەمەش بووە هۆی دۆڕاندنی کۆماریەکان . لە سیپتەمبەردا سەرۆک وەزیران ئازنا Azna دەستی لەکار کێشایەوەو حکومەتێکی راستڕەوی بەسەرۆکایەتی (لێرۆکس) Lerroux دادەمەزرێت[56]. ئیتر بەمەش

Wikipedia, der freien Enzyklopädie, Karlisten in Spanien -55

56- هەمان سەرچاوە

سەرەتای جەنگی ناوخۆ بەروونی دەردەکەوێت و رۆژ لەدوای رۆژ کێشەکان بەرەو ئاڵۆزی وگرژی دەروات و هەنگاوی ترسناکتر دەنێن .

ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر

لەمانگی شەشی 1934 ئانارشیستەکان داوا لەجووتیاران وکرێکاران دەکەن، کە دەست بەمانگرتنێکی سەرتاسەری بکەن . ئەوانیش دەستدەکەن بە مانگرتنێکی گەورەی بەهێز ،کەهەموو شوێنەکانی ئیسپانیا دەگرێتەوە . بۆ ئەم مەبەستەش لێرۆکسLerroux حکومەتێکی نوێ دادەمەزرێنێت . کەلەم حکومەتەیدا پارتی کاتۆلیکە فاشستەکان CEDA بەشداری دەکەن . ئەمەش هێندەی تر کرێکاران و جووتیاران تووڕە تر دەکات[57] .

قەسابخانەکەی کەتەلۆنیا

لەئۆکتۆبەری 1934 لە کەتەلۆنیا(شاری بەرسەلۆنە بەتایبەت) دەست بە مانگرتنێکی گەورە دەکرێت. مانگرتنەکە رۆژبەرۆژرادیکاڵتر دەبێت و کرێکاران دەست بەسەر کارگەکاندا دەگرن و خاوەنکارەکان دەردەکەن و شورای کرێکاری دروستدەکەن. لەهەمانکاتیشدا ئیعلانی کۆماری کەتەلۆنیا دەکەن . واتە جیاکردنەوەی کەتەلۆنیا لەئیسپانیا ، کەئەمەش خەونێکی مێژینەی گەلی

Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg -57

کەتەلۆنی بوو ، کەخۆیان لەژێردەستی ئیسپانیا ڕزگار بکەن . لێ لەجیاتی ئەم خەونە پیرۆزە ، گەلی کەتەلۆنیا تووشی گەورەترین نەهامەتی و کوشتار دەبێت . بۆ سەرکووتکردنی ئەم ڕاپەڕینە ، لێرئۆکس، خوێناوی ترین ئەفسەری سەربازی دەنرێت ، کەئەویش جەنەڕاڵ فرانسیسکۆ فرانکۆیە Fransisco Franco .

ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی ئەم پیاوە خوێناویەیە. جەنەرال فرانکۆ بە دڕندەترین شێوە پەلاماری بەرشەلۆنە و گەلی ڕاپەڕیووی کەتەلۆنیا دەدات. ئەو گەلە قارەمانەش بەهەموو شێوەیەک بەرەنگاری لەشکرە خوێنمژەکەی ئیسپانیا دەبێتەوەو بەرگری لەخۆیان دەکەن. لێ بە داخەوە پاش مانگێک فرانکۆی خوێنمژ، لەکۆتایی نۆڤێمبەردا بەرشەلۆنە داگیردەکات و کۆمارە ئازادوکرێکاریەکە دەروخێنێت. لەم قەسابخەنەیەی فرانکۆو لەشکرەکەی، زیاتر لە 5 هەزار کەس شەهید دەبن و 30 هەزار کەسیش دەخرێنە زیندانەوەو بەشێکی زۆریان لەئەنجامی ئەشکەنجەدان و خراپی باری ژیانی ناو زیندانەکان ، گیانیان لەدەست دەدەن[58].

Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische -58 Korpf,Wien,S17. Offensive Vorwärt, Albert

جەنەرالْ فرانسیسکۆ فرانکۆ

فرانسیسکۆ فرانکۆ Fransisco Franco ، ساڵی 1892 لە El Ferrol لەدایک بووە. باوکی فرانکۆ نیکۆڵاس فرانکۆ Nicolas Franco ، لە سووپای مارین(دەریاوانی) ئەفسەر دەبێت[59]. هەر لەمندالْیەوە خولیای ژیانی سەربازی دەبێت و زۆر حەزی بەجلی سەربازی دەبێت . دیارە خێزانەکەشیان، بۆ ئەم ئارەزووەی باشترین پاڵپشت دەبێت. باوکی فرانکۆش زۆر حەز دەکات کە منداڵەکەی ببێت بە ئەفسەرێکی گەورە لە سووپای ئیسپانیا. لەساڵی 1904 دەچێتە قوتابخانەی سەربازی (دەریاوانی) یەوە. ساڵی 1907 بەهۆی دەرنەچوونی لە

Deutsches Historisches Museum . Berlin . Fransisco Franco, -59
www. Militär , Politiker

تاقیکردنەوەکان، واز لەقونابخانەی دەریاوانی دەهێنێت. لەساڵی 1910 دەچێتە پەیمانگای سەربازیەوە(واتە کۆلیژی سەربازی لای خۆمان). لەساڵی 1912 بەشداری شەری مەرۆکۆ (مەغریب) دەکات. دیارە مەبەست لە شەری مەرۆکۆ، ئەو راپەرینە مەزنەیە، کە گەلی (مەرۆکی) لەدژی داگیرکەری ئیسپانی کردیان، لەشکرە درندەکەی ئیسپانیاش بە وەحشیترین شێوە پەلاماریان دەدات. هەرلەم شەرەوە ناوی فرانکۆ دەردەکەوێت. پاش سەرکووتکردنی راپەرینەکەی مەرۆکۆ، فرانکۆ پلەی سەربازی بەرزتر دەکرێتەوە . لەساڵی 1913 وە چەندین پلەو پایەی سەربازی گرنگ وەردەگرێت، بەمەش لەناو رێزەکانی لەشکری ئیسپانیادا، ناوبانگ دەردەکات. لەساڵی 1915 دەبێتە فەرماندەی سوپا واتە(سەرتیپ) بەمەش یەکەمین لاو دەبێت کە بگاتە ئەو پلە بەرزەی سووپا .

ساڵی 1916 بەکەمی بریندار دەبێت. ئەم بریندارببوونەشی هێندەی تر گەورەی دەکات. ساڵی 1922 دەبێتە فەرماندەی هێزی دەرەوەی ئیسپانیا (واتە ئەو هێزانەی کەلە دەرەوەی ئیسپانیا کاردەکەن). ساڵی 1923 لەگەڵ کارمن پۆلۆCarmen Polo، خێزان دروست دەکات. کچێکی لەم خانمە دەبێت . پاش تەواوبوونی شەری مەرۆکۆ، ساڵی 1926 دەبێتە بەرێوبەری ئەکادیمیای سەربازی لە ساراگۆسا. Saragossa پاشان دەینێرن بۆ لەکۆرونا و لەوی دەبێتە فەرماندارى سەربازی ناوچەکە لەساڵی 1929 تا 1933 لەوێ دەمێنێتەوە. دیسان ساڵی 1934 دەیگوێزنەوە بۆ شوێنێکی نائارمتر کەئەویش ئاستوورینAsturien . لەوێ زۆر توندڕەوانە هەموو راپەرین و داخوازیەکانی خەڵکی ناوچەکە سەرکووت دەکات . ئیتر لێرەوە ناوی دەچێتە ناو سیاسەتەوە. ساڵی 1935 دەبێتە سەرتیپی سووپای ئیسپانیا. ساڵی 1936 بەیارمەتی ئەڵمانیا و ئیتالیا توانی کودەتایەکی سەربازی لەدژی حکومەتی هەڵبژێردراوی ئیسپانیا بکات. بەیارمەتی ئەڵمانیا دەتوانێت هێزەکانی بە فرۆکەی ئاسمانی ئەڵمانی، لە مەرۆکۆوە بۆ ناو ئیسپانیا بگوێزرێتەوە. بەم هەڵمەتەی فرانکۆو هیتلەریان ووت لگیۆن کۆندۆر Legion Condor[60]. دیارە ئەمە یەکەمینجار بوو، کە چالاکیەکی سەربازی لەو شێوەیە، لەجیهاندا بکرێت. واتە

60- هەمان سەرچاوە.

گواستنەوەی سەربازو چەک وتەقەمەنی بە فرۆکەی ئاسمانی و ، هێرشکردن بۆ سەر خاکی دوژمن. کە دوایی ئەمەریکیەکانیش لە کەنارەکانی نۆرماندی بەهەمان شێوە دابەزین و هێرشیان بۆ ئەڵمانیا کرد . فرانکۆ سەرۆکی ئەو حکومەتە فاشیستە بوو، کە لە دژی حکومەتە کۆماریەکە دایان مەزران . بە دڕەندەترین شێوە پەلاماری شارو شارۆچکە و لادێکانی ئیسپانیا دەدات و، زۆر نامرۆڤانە خەڵکی سیڤیل و شۆرشگێر لەناو دەبات. بە شێوەیەکی ئێجگار فاشیستانە،لەگەڵ باسک و کەتەلۆنیەکان هەڵسووکەوت دەکات.

لە 28 مارسی 1939 مەدریدی پێتەخت داگیر دەکات و کۆتایی بە شەری ناوخۆ دەهێنێت . کاتێک شەری جیهانی دووەم هەڵدەگیرسێت خۆی وەکوو بێلایەنێک پێشان دەدات و بەشداری شەڕ ناکات. لێ لە ژێرەوە لەگەڵ هیتلەر دەبێت و ساڵی1941 لەشکری ئیسپانی لەگەڵ ئەلمانیا بەشداری شەری دژبە سۆڤێت دەکات .

فرانکۆ و هیتلەر

لەکاتی جەنگی دووەمدا هەوڵدەدات خۆی وەکوو پیاوێکی ئاشتی پیشانی جیهان بدات ، ئەوەبوو هەوڵی دا وەکوو ناوبژی کەرێک لەنێوان رۆژئاواو ئەڵمانی کارێک بکات . لێ ئەو دژی راگرتنی شەڕ بوو لەبەرەی سۆڤێت . لێ لەم هەوڵەشیدا سەرنەکەوت . پاش کۆتایی پێهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ، رۆژئاوایەکان زۆر حەزی پێناکەن و دەخرێتە پەراوێزەوە . ئەویش هەوڵ دەدات کە خۆی لای رۆژئاوایەکان جوان بکات . ساڵی 1947 مۆنارشیزمی ئیسپانی دەگەرێنێتەوەو خۆیشی دەکاتە پێشەوای هەمیشەیی وولات . لێ ئەم هەوڵەشی سەرناگرێت . کاتێک نەتەوە یەکگرتووەکان دادەمەزرێت ،

ئیسپانیا ناکرێتە ئەندام . لێ پاشان جەنگی سارد دەستپێدەکات، دیسانەوە دەگەڕێتەوە ناو رۆژئاوا . ساڵی 1951 سەفیری ئەمەریکا دەگەڕێتەوە و پەیوەندیدنان باشتر دەبێت . پاشانیش دەبێتە ئەندامی حیلفی (ناتۆ) و ئەمەریکا یارمەتیەکی ئابووری زۆری دەدات ، چونکە رێگا بە دانانی چەندین سەربازگەی ئەمەریکی دەدات. ساڵی 1962 داوای ئەندام بوونی لە بازاری ئەوروپی دەکات . لێ داواکەی قبووڵ ناکرێت . بۆ باشکردنی سوومعەی خۆی ساڵی 1969 شازاد (ژوان کارلۆس) Juan Carlos دەکاتە جێگری خۆی(واتە پادشای ئێستای ئیسپانیا). ساڵی 1973 لەڕووی تەندروستیەوە وەزعی زۆر خراپ دەبێت، ئەمەش وادەکات کە نەتوانێت حوکمی وولات بکات. هەربۆیە هەموو دەسەلاتێکی خۆی دەداتە شازاد ژوان کارلۆس. لێ باری تەندروستی بەرەو خراپتر دەروات لە 20 نۆڤێمبەر 1975 دەمرێت[61].

فرانکۆ بە یەکیک لە دڕندەترین دیکتاتۆری سەر ڕووی زەوی دەژمێرێت . بۆ ماوەی 35 ساڵ،بەئاگر ئاسن حوکمی گەلی ئیسپانیای کرد . لەسەر بنەمایەکی فاشیستی و سەربازی ، دەوڵەتی دەبرد بەڕێوە . مێژووی فرانکۆ هێندە تاڵە ، کەهەتاوەکوو ئەمرۆش زۆر زەحمەتە لەبیربکرێت ، بەتایبەت بۆ باسک و کەتەلۆنیەکان . چونکە ئەمان لەهەمووان زیاتر بەر تیرۆرو وەحشیەتی فرانکۆ کەوتن .

61- Wikipedia, der freien Enzyklopädie , Fransisco Franco .

براوەی دۆڕاو

لەهەڵبژاردنەکانی 16 ڤێبراوەری 1936 دا، بەرەی گەل زۆرینەی دەنگی بەدەستهێنا[62]. بۆیەکەمینجار هەموو باڵەکانی چەپ بەشداری حکومەتیان کرد و ئەم بەرەیەیان پێکهێنا. لەهەمووی سەیرتر بۆ یەکەمینجار لەمێژووی ئانارشیستەکانی ئیسپانیا و جیهانیش، ئانارشیستەکان بەشداری حکومەتیان کرد[63]. ئەمە خۆی لەخۆیدا گەورەترین گۆڕانی فکری و سیاسی بوو. چونکە هەموو کات دژی حکومەت و دەوڵەت بوون، ئەوان فکرییەن دژی هەموو دەوڵەتێک بوون و بەدەزگایەکی سەرکووتکەریان دادەنا، لێ ئەم بەشداریکردنەیان جێگای سەرنجی هەموو کەسێکە، هەتاوەکوو ئەمرۆش ئەم سیاسەتەی ئانارشیستەکان جێگای پرسیارە لای هەموان. تاکە باڵی چەپ کەئامادەنەبوو بەشداری حکومەتبێت، ترۆتسکیەکان بوون.

62- www.Zaruelo.de.SpanischeBürgerkrieg

63- Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, AlbertKorpf,Wien,S17.

چەخماخەی جەنگ

لەهەموو جەنگێکی گەورەدا، ڕووداوێکی بچووک چەخماخەی گەورەترین جەنگی خوێناوی دادەگیرسێنێت. کوشتنتنی پادشای نەمساوی لەسەرایڤۆ، گەورەترین جەنگی خوێناوی ومالوێرانی، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەرپاکرد. هەرچەندە جێگای داخە مێژوو پڕیەتی لەم ڕووداوکارەساتانە . کاتێک کێشەکان بگەنە ترۆپکیان، پێویستیان بە ڕووداوێک یان کارەساتێک هەیە، کەچەخماخەی شەڕەکان دابگیرسێنێت. فاشیست و راستڕەو دەرەبەگەکان، بەهیچ شێوەیەک چاویان بەرایی نەدەهات، چەپ حکومیان بکات. بردنەوەی بەرەی گەل و یەکبوونی هەموو ریزەکانی چەپ، بوبووە مایەی تێکچوون و پەستی بەرەی راستڕەوەکان، هەربۆیە بۆ شتێک دەگەڕان کە ئەم هەموو ڕق و کینەیان پێ بڕژن. لە 13. 0 دا ئەندامی پەرلەمان وسەرۆکی لیستی ئۆپۆزسیۆنە مۆنارشیستەکان **Calvo Sotelo** تیرۆر دەکرێت[64]. ئەم تیرۆرکردنەش هەموو کارلیست و فەلانگیستەکان و فاشیست و مۆنارشیستەکان، هاردەکات و هێندەی تر دڕندەتر دەبن. لەهەموو شوێنێکی ئیسپانیادا،

64- Deutsches Historisches Museum .de. Berlin.Spanische krieg. Bürger

هەروەها سەیری

Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg.

Wikipedia, der freien Enzyklopädie، Spanische Bürgerkrieg

دەستدەکەن بەشەروئاژاوەنانەوە. لەهەموو لایەکەوە هەولّی تۆلّە سەندنەوە دەکەن و پەلاماری خەلّکی کۆمۆنیست وکرێکارو رەشوروتی ئیسپانیا دەدەن .

کودەتاکەی فرانکۆ

لە 17 . 06 ،1936دا جەنەرالّ فرانکۆ، کە فەرمانداری سووپای ئیسپانیا بوو لە مەرۆک، کودەتایەکی سەربازی دەستپێکرد[65]. هەرچەندە ئەو کاتە لە 80% ی ئەفسەرە بچووکەکانی سووپای ئیسپانیا دژی کودەتاکەبوون، کەزۆرینەی سووپای ئیسپانیایان پێکدەهێنا. لێ لە4% ی سووپای ئیسپانیا لەگەل کودەتاکەبوو. دیارە ئەم کەمینەیەش لە جەنەرالەگەورەکانی سووپابوون، کە هەرئەوانیش بوون توانیان ئەم کودەتا سەربازیە رێکبخەن. سەربازەکان بەگشتی دژی شەربوون، لەهەمووی سەیرتر یەکێک لەبرازاکانی فرانکۆ کەدژی کودەتا کەبوو ، لەیەکەمین هێرشی کودەتاچیەکاندا بۆ ناو ئیسپانیا، شەهید دەبێت[66]. پێکهاتەی هەموو لەشکرەکانی جیهان، بەشێوەیەکی زۆر نامرۆڤانەیە. هەمووکات سەربازەکان لەسەر گوێرایەلّی کوێرانە مەشقپێدەکرێن . ئەم گوێرایەلّیەش بەشێوەیەکە، کە هیچ کات ئەندامە بچووکەکانی ئەم دەزگایە ناتوانن بەشداری

65- . هەمان سەرچاوە

66- Wikipedia, der freien Enzyklopädie،Spanische Bürgerekrieg

بڕیارەکان ببن . گەر یەکێکیش سەرپێچی بکات، ئەوا رەسمیەن دەبێت سزا بدرێت . گوێرایەلّی کوێرانە ، مەرجی هەموو سەربازێکی سووپایە . هەموو کاتیش سووپا هەولّدەدات ، ئەوکەسانەی کەئاستی رۆشنبیریان نزمە ببن بە سەرباز. تڕۆتسکی دەلّێت(جاران لەرووسیا دەیان ووت ، باشترین سەرباز جووتیارەکانن، چونکە بەبێ قەیدوشەرت گوێرایەلّی ئەفسەرەکانیان دەبوون[67]). هەرچەندە یەکێک ئاستی رۆشنبیری بەرز بێت، قەت نابێت بە سەرباز. هەمووکات سووپا وەکوو مێگەلێک وایە ،بەچەند شوانێکی دەبەنگ دەبرێت بەڕێوە. دیارە فرانکۆ پشتی بەو سووپایە بەست، کەلە (مەرۆکۆ) هێنابووی لەگەلّ خۆی . جگەلەمانیش سووپایەکی لە جاشە مەرۆکیەکان پێکهێنابوو، کە گەورەترین خزمەتیان پێشکەشی فرانکۆ کرد.

شەری سالّی 1936

لە 21 ،06 دا فرانکۆ بەیارمەتی ئەلّمانیا ، هێرشی خۆی بۆ ناو ئیسپانیا دەستپێدەکات . بەیارمەتی فرۆکە ئاسمانیەکانی ئەلّمانیا ، هێزەکانی لە (مەرۆکۆ)وە بۆ ناو ئیسپانیا دەگوێزێتەوە. بەم هەلّمەتەی فرانکۆو هیتلەریان ووت: لگیۆن کۆندۆرLegion Condor[68]. دیارە

67-لیون تروتسکی، تاریخ الثورة الروسیة ،ترجمة ، آکرم دیری و الهیثم الایوبی ، الموسسة العربیة للدراسات و النشر . بیروت ، لبنان . 1978

68- Deutsches Historisches Museum .de. Berlin.Spanische krieg. Bürger

ئەمە یەکەمینجار بوو کە کاری هێرشێکی سەربازی لەو شێوەیە لەجیهاندا بکرێت . گواستنەوەی سەربازو چەک وتەقەمەنی وبەفرۆکەی ئاسمانی و ، دابەزینیان لە کەنار دەریاو هێرشکردن بۆ سەر دوژمن ، پێشتر شتی وا ڕووی نەدا بوو . بۆ یەکەمجار کودەتاچیەکان کەنارەکانی ناوچەی ElFerrol (کەفرانکۆخۆی لەوێ لەدایک بووە) داگیردەکەن . ئەم داگیرکردنەش گوزرێکی کوشندە لە کۆماریەکان دەدات . دیارە هەموو بەم هێرشە سەربازیە تێکچوون ،کودەتاچیەکان هێندەی تر خەڵکیان ترساند .

دامەزراندنی حکومەتی فاشی

لە 24 ،06 دا لە شاری Burgos ، حکومەتێکی فاشی بە سەرۆکایەتی فرانکۆ دامەزرا[69].دیارە حکومەتەکەی فرانکۆ لە (فەلانگیستەکان و کاتۆلیکە فاشیستەکان وکارلیستەکان وپیاوانی کەنیسەو مۆنارشیزم) پێکهاتبوو. جگە لەمانەش چەند جەنەرالێکی سەربازی سەرکردایەتی شەرەکانیان دەکرد . کەبریتی بوون لە Vidal ، Emilio Mola، Gonzalo Queipo de Llano

69- Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerekrieg

هێرشی بەردەوام

پاشان هێرشەکانی فرانکۆ بەرەو پێشەوە دەروات و بەشێکی زۆری شارو شارۆچکەکان دەگرێت، بەتایبەت شارە کەناریەکانی باشوور ، هەر زوو شارەکانی Sevilla , Oviedo, Saragossa، Jerez de la Frontera, Cádiz ،Mallorca, Galicien ، داگیردەکات [70] . هەرزووش دەوڵەتە فاشستەکانی جیهان پشتگیری فرانکۆیان کرد . لە 26،06 دەوڵەتەکانی میحوەر* کۆدەبنەوەو پشتگیری بێ قەیدوشەرتی دارایی و سەربازی بە فرانکۆ وچەتەکانی دەدەن. لە 27 سێپتەمبەرداشاری Toledos داگیردەکەن. هەر پاش ئەم سەرکەوتنەی، فرانکۆ سیستەمی جەنەرالێزم(Generalisimo) رادەگەیە نێت. لەهەمان کاتیشدا نازناوی(پێشەوا Gaudillo)لەخۆی دەنێت [71].

پاش ئەوەی هێرشەکانی فرانکۆ بۆ ناوەوەی ئیسپانیا بەردەوام دەبێت، کۆماریەکان ترسی داگیرکردنی مەدریدیان لێ دەنیشێت. هەر بۆیە بیر لەگواستنەوەی دام ودەزگاکانی حکومەت دەکەنەوە بۆ شارێکی تر، کە لە بەرەکانی جەنگەوە دوور بێت. لەکۆتاییدا بریاریاندا، بۆ

70- هەمان سەرچاوە.

* دەولەتی میحوەر لە (ژاپۆن ، ئیتالیا ، ئەڵمانیا) پێکهاتبوو، کەلە دژی وولاتانی (فەرەنسا و بەریتانیا و رووسیاو ئەمەریکا) پێکەوە شەڕیان دەکرد . ئەم بەرەی شەرە لە جەنگی دووەمی جیهانی پێکهاتبوو . خۆشبەختانە جارێکی تر مرۆڤایەتی توانی بەسەر ئەم بەربەریانە داسەرکەوێت .

71- Wikipedia, der freien Enzyklopädie،Spanische Bürgerekrieg

شاری **Valencia** بگوێزنەوە. لە 6 نۆڤێمبەردا حکومەت بۆ **Valencia** دەگوێزنەوە. لە 23 دێدسەمبەردا ئیتالیا زیاتر لە 70 هەزار سەرباز رەوانەی ئیسپانیا دەکات و شان بەشانی لەشکرەکەی فرانکۆ لەدژی کۆماریەکان دەجەنگێن. دیارە ئەم لەشکرەش بە مۆدێرنترین چەک وتەقمەمەنی سەربازیەوە دابەزین، ئەم سووپایە بێجگە لەسەربازو تانک و تۆپ، سەدەیا فرۆکەی مۆدێرنیشیان لەگەڵدا بوو، کە ئەمەش هێندەی تر لەشکرەکەی فرانکۆیان بەهێزترکرد، بگرە ئەم لەشکرە بە یەکێک لەقاکتەرە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی فرانکۆ دەژمێرێت. پاش ئەوەی کەفاشیستەکان لەشکرەکەیان دابەزاند، ئینجا ستالین لە گوێی گادا خەبەری بوویەوەو دەستی بە کۆمەک و هاوکاری کردو ، خۆبەختکەری ڕەوانەی ئیسپانیا کرد[72].

شەڕی ساڵی 1937

لەمانگی ڤێبراوەر، فرانکۆ بە هێزێکی گەورەوە ،کە زۆربەیان لەجاشە مەرۆکیەکان پێکهاتبوو، هێرشێکی بەرفراوان بۆ مەدریدی پێتەخت دەکات . لێ خۆشبەختانە هێزە شۆڕشگێرەکان زۆر قارەمانانە بەرگری دەکەن و هێرشەکەی فرانکۆ دەشکێنن . فرانکۆش ناچار پاشەکشە بە هێزەکانی دەکات[73].

72- www. Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg

73- Wikipedia, der freien Enzyklopädie، Spanische Bürgerekrieg

فرۆکە ماڵوێرانەکانی ئەڵمانیا

گەورەترین پاڵپشتی هێزەکانی فرانکۆ، فرۆکە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیا بوون. ئەم فرۆکانە توانیان موعادەلەی شەڕەکە بۆ لای فرانکۆ رابکێشن. هەموو کات هێزی ئاسمانی بڕیاردەری هەموو سەرکەوتنێکی سەربازیە. هەربۆیە بۆ هەموو هێرشێکی سەربازی، پێویستە پێشتر ئاسمانی گۆڕەپانی شەڕەکە مسۆگەر بکەیت،ئینجا دەتوانیت سەرکەوتن بەدەستبهێنیت. بەیارمەتی فرۆکە جەنگیە درندەکانی ئەڵمانیا، هێرشەکانی فرانکۆ بەردەوام دەبێت و لەچەند شوێنێکدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و چەند شارێک داگیردەکات. لە 8 ڤێبراوەردا شاری Malaga داگیردەکەن. لە 28 ی ئەپریلیشدا شاری Guernica داگیردەکەن[74].

لە مانگی ئایاردا هێزە کۆماریەکان، بۆ ئەوەی ڕێگا لە پێشکەوتنی هێزەکانی فرانکۆ و هاوپەیمانەکانی بگرن، هێرشێکی بەربڵاویان دەستپێکرد. ئەوەبوو هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر ناوچەی Segovias دەستپێکرد. هەرچەندە ئەم هێرشەی کۆماریەکان کارێکی هەڵە بوو، چونکە هێزەکانی خۆیان زۆرهیلاک و ماندوو کرد. لەهەمانکاتیشدا، و بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکیان دەستبکەوێت، قووربانیەکی زۆریان

74- هەمان سەرچاوە

دا[75].(جێی ئامازەیە، نەبوونی ئەزموونی سەربازی یەکێک بوو لەفاکتەرەکانی سەرنەکەوتنی کۆماریەکان، کەپاشتر باسی هەڵەکانی کۆماریەکان دەکەم).

شەری 1 ئایاری ئانارشیستەکان و ستالینیەکان

لە 1 ئایاردا، ئانارشیستەکان و سەندیکای کرێکارانی CNT (کە سەر بە خۆیان بوو)، کاتێک لە لووتکەی جەژن و خۆشیدا شاری بەرشەلۆنە شایی دەکرد، کەچی ستالینیەکان هاتن و جەژنەکەیان کرد بە شیوەن. شەروپێکدادنێکی ئێجگار خوێناوی لەنێوان هەردوو پارتەکە ڕووەدات، کەزیاتر لە 2000 کەس بوونە قووربانی ئەم شەڕە[76].

75- Deutsches Historisches Museum .de. Berlin.Spanische .www. Bürger krieg

76- هەمان سەرچاوە

هۆکاری شەڕەکە

ئیسپانیا بەگشتی وشاری بەرسەلۆنە بەتایبەتی، تەواو لەژێر کۆنترۆڵی ئانارشیستەکان بوو. دیارە ستالینیەکان هەتا یارمەتیەکانی مۆسکۆ نەهات، کاریگەری وایان بە سەر شەقامی ئیسپانیاوە نەبوو. لێ کاتێک کە مۆسکۆ یارمەتی کۆماریەکانی دا، هەوڵی زیادکردنی نفووسی خۆی دەدا . ئەوەبوو بە هەموو شێوەیەک دەیویست لەرێگای پیاوەکانیەوە (ستالینیەکان) دەست بەسەر حکومەتی کۆماریەکاندا بگرێت. ئەم سیاسەتە سەقەتەی ستالین، زلەیەکی کوشندەی لە کۆمارەکە وەشاند.

مردن یان کووشتنی جەنەرال مۆلا

یەکێک لە کارە شاراوەو نادیارەکانی شەری ناوخۆی ئیسپانیا، کەوتنە خوارەوەی فرۆکەکەی جەنەڕال مۆلا بوو. لە 07،03 جەنەڕاڵ مۆلا لە فرۆکەتایبەتیەکەی خۆیدا دەکەوێتە خوارەوە[77]. ئەم جەنەڕاڵە بەباڵی راستی فرانکۆ دەژمێرا. پێکەوە بڕیارێ کودەتا خوێناویەکەیان دا، لێ لەکۆتاییدا مۆلا بەم شێوەیە دەمرێت . زۆرکەس گومانیان بۆ ئەوە دەچێت کە هەر فرانکۆ خۆی کووشتبێتی. لەم جۆرەڕووداوانە لەمێژووی دیکتاتۆرەکانی جیهان زۆرە. بۆ نموونە کاتێک مارشاڵ رۆمێر (کە بە ڕێوی بیابان ناسراوبوو)، کە لەگەڵ هیتلەر

77- Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerkrieg

تێکچوون ، هیتلەر بە رووداوێکی ئۆتۆمبیل، لەناوی بردو،بەشداری جەنازەکەشی کرد. لەهەمان کاتیشدا، بە قارەمانیشیان لەقەڵەم دا. سەدامی دیکتاتۆریش ، پاش کۆتاییپێهاتنی جەنگی ئێراق و ئێران، وەزیری بەرگری (عەدنان خێرەڵڵای) بە هۆی کەوتنەخوارەوەی فرۆکەکەی، لەناوی بردوو بەشداری جەنازەکەشی کرد.

داگیرکردنی شاری تر

فرانکۆ و هاوپەیمانەکانی بەردەوام دەبن لە هێرشکردن بۆ سەر شاروشارۆچکەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماریەکان. لەمانگەکانی هاویندا، شارەکانی Aragon, Santander,Gijon داگیردەکەن. هێرشەکان بەرەو ناوەوەو باکووری ئیسپانیا بەردەوام دەبێت.

کوورسی پیرۆز*

مۆسۆلینی تەنها لەڕووی سەربازی و داراییەوە یارمەتی فرانکۆی نەدەدا، بەڵکو لەهەموو ڕووەکانەوە یارمەتی ئەم درندەیەیان دەدا. ئەوەبوو بەیارمەتی مۆسۆلینی، لە28 ئۆگستدا فرانکۆ لەلایەن پاپاوە کورسی پیرۆزی پێبەخشرا. بەم شێوەیەش هێندەی تر شەرعیەتی بەخۆی دا. لێرەشدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کەچەندە

* جاران هەموو پادشاکانی ئەوروپا دەبوایە پێشتر ڕەزامەندی پاپای فاتیکانیان وەربگرتایە ، ئینجا بۆیان هەبوو حوکمی ووڵات بکەن . واتە پاپای فاتیکان تاکە بڕیاردەری شەرعی ئەوروپا بوو ، ئەوان شەرعیەتیان بە حوکمی پادشا ملهوورەکانی ئەوروپا دەدا . هەربۆیە جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت ، دورشمێکی سەرەکی هەموو لیبڕاڵ و سۆسیالیزمەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمی ئەوروپا بوو .

ڕۆلی فاتیکان پیس وقیزەون بووە لەم شەڕەدا، ئەوانیش گەورەترین پشتگیریان پێشکەشی ئەم گوورگەفاشستە کرد (78).

شەڕی ساڵی 1938

لە یانوەرو ڤێبراوەردا شەڕ لە Teruel گەرم دەبێت، لە 22 ڤێبراوەر پاش بەرگریەکی زۆر، کۆماریەکان ئێرەش بەدەستەوە دەدەن. فرانکۆ لە 14 ئەپریلەوە هێرشێکی گەورە، لەکەنارەکانی دەریای سپی ناوەڕاستەوە دەستپێدەکات. ئەم هێرشە تەواو کۆماریەکان سەخڵەت دەکات و پشێویان تێدەکەوێت.

یەکەمین هەوڵی ئاشتی

لەمانگی ئایاردا کۆماریەکان بۆ یەکەمینجار پەیامێکی ئاشتی ئاڕاستەی فرانکۆ دەکەن، و داوای چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەی ئاشتیانە دەکەن . لێ فرانکۆ لەجیاتی بەپیری پێشنیارەکەی کۆماریەکانەوە بچێت، بەپێچەوانەوە کەپووی هێندەی تر زل دەبێت . فرانکۆ پێشنیاری کۆماریەکان ڕەتدەکاتەوەو داوای تەسلیم بوونی بێ قەیدووشەرتیان لێدەکات . ئەمەش یەکێکە لەهەڵە گەورەکانی کۆماریەکان،ئاخر یەکێکی وەکوو فرانکۆ ،کەی هی ئەوەیە کە تۆ داوای ئاشتی

78- Wikipedia, der freien Enzyklopädie،Spanische Bürgerekrieg .

لێبکەیت. دیارە ئەمەش یەکێکە لە سیاسەتە سەقەت و سازشکاریەکانی ستالین، کە بە میراتیش بۆ هاوبیرەکانی بەجێهێشت و قوربکرد بەسەر نەوەکانی پاشخۆیشیدا[79].

کۆماریەکان پاش ئەوەی وەلامەکەی فرانکۆیان بە دەستگەیشت و زانیان کە فاشیزم تەنها باوەڕیان بە شەڕە، ئینجا لە 24 مانگی شەشدا، هێرشێکی گەورە و زۆر بەهێز یان ،بۆ سەر هێزەکانی فرانکۆ کرد. ئەم هێرشە تا 26 نۆڤێمبەر بەردەوام دەبێت. دیارە ئەم هێرشە بەڕبلاوەش، هێندەی تر هێزەکانیان هیلاک دەکات، لێ فرانکۆ سوود لە هیلاکی ئەمان وەردەگرێت و ،هێرشێکی بەربلاو بۆ بەرشەلۆنە دەستپێدەکات. هەندێک لە مێژوونووسان ئەم هێرشە بە هەڵەیەکی گەورەی کۆماریەکانی لەقەڵەم دەدەن.

شەڕی ساڵی 1939 ، ساڵی کۆتایی

لەمانگەکانی یانوەرو ڤێبراوەردا شەڕەکە تا دێت گەرمتر دەبێت . هێزەکانی کۆماریەکان، رۆژ لەدوای رۆژ ناوچەکانیان لەدەستدەدەن ، لەشکرە خوێناویەکی فرانکۆش لە هێرشەکەی بەردەوام دەبێت . لە14 یانوەردا Tarragona داگیردەکرێت .

Katalanische Frage und Spanische Autonomien,Ulrich -79
Matthee,Paderborn:Schöningh, ,S127

پێتەختی شۆرش گیرا

لە 26 یانوەریشدا بەرشەلۆنە داگیردەکرێت. هەموکات بەرشەلۆنە بە پێتەختی هەموو شۆرش و ڕاپەڕین و مانگرتن دادەنرا. هەربۆیە هەموکات بەر ڕقی پیسی دەسەلاتداران دەکەوت. لەلایەکی تردوە، بەرشەلۆنە پێتەختی کەتەلۆنیایە، ئەو گەلەی کە فرانکۆ ڕقی زۆری لێبوون. هەر بە داگیرکردنی بەرشەلۆنە، یەکسەر تورک و عەرەب ئاسا، شارەکەیان تالان کردوو، کەوتنە پەلاماردانی ژن وکچی شارەکەو، بە دڕندەترین شێوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ گەلی کەتەلۆنی قارەماندا کرد . هەر پاش داگیرکردنی بەرشەلۆنە، یەکسەر فرانکۆ حوکمی ڕەشی خۆی دەرکردوو، هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارێکی بە زمانی کەتەلۆنی قەدەغە کرد، تەنانەت قسەپێکردنیش بە زمانی کەتەلۆنی قەدەغە کرد[80]. کە ئەم یاسایە پێشتر تەنها (مستەفاکەمالی) هاورێی دەریکردبوو، کەزمانی کوردی قەدەغە کرد . دیارە پاشتریش ستالین هەمان یاسای لەدژی ئەڵمانیەکانی سۆڤێت بەکارهێنا.

لە 5 ڤێبراوەریشGirona داگیردەکرێت. پێنج رۆژ پاشتریش هەموو کەتەلۆنیا داگیردەکرێت.

80- هەمان سەرچاوە

ئیعتراف پێکردنی فەرەنسا و بەریتانیا بە حکومەتی فرانکۆ

لە 27 ڤێبراوەردا هەردوو دەوڵەتی فەرەنسا وبەریتانیا ، رەسمییەن ئیعتراف بە حکومەتەکەی فرانکۆ دەکەن. گەر جاران بە ناڕاستەوخۆ پشتگیریان لێدەکرد ، ئەوا ئێستا بەئاشکرا پشتگیری فاشیستەکانی ئیسپانیا دەکەن .

داگیرکردنی مەدریدی پێتەخت

بە بەشداریکردنی دڕندەترین تیپی لەشکری ئیسپانیا، کۆڵۆنیای 5 (سوپایەکی تایبەت بوو، وەکوو حەرەس جمهووری سەدام وابوو. ئەم سووپا تایبەتە، پاشتریش لەلایەن فرانکۆوە زۆر ئیهتمامی پێدرا و بووە بڕبڕەی پشتی حکومەتە فاشستەکەی فرانکۆ) . لە 28 مارسدا مەدریدی پێتەخت تەسلیمی لەشکرە دڕندەو وەحشیەکەی فرانکۆ دەبێت . دیارە یەکسەر دەستدەکەن بەگرتنی هەرچی لاوو گەنج شارەکەیەو ڕەشبگیری هەموو شارەکە دەگرێتەوە. مەدریدیەکان عەرەبە بەربەریەکانی جارانیان بیرکەوتەوە ، دیارە ئەمانیش هەروەک عەرەبەکان پەلاماری خەڵکی شارەکەیان دا دەستیان کرد بە دزی و تاڵانیکردنی شارەکە[81] .

81- هەمان سەرچاوە

داگیرکردنی ڤەلێنسای پێتەختی شۆڕش

هەر بەداگیرکردنی مەدرید ئیتر لای هەموو کەس ئاشکرابوو ، کە چیتر کاتی بەرەنگاریبوون و شەرکردن نەماوە . لە 30 مارس دا ڤەلێنسای پێتەختی کۆماریەکان داگیرکرا. بەم شێوەیەش دواین شوێنی ئیسپانیا تەسلیمی فرانکۆ و چەتەکانی بوو.

کۆتایی شەرەکە

لە 1 ئەپریل ساڵی 1939 ، فرانکۆ رەسمیەن ئیعلانی کۆتایی پێهێنانی شەری ناوخۆی ئیسپانیا کرد . بەم بەیانەی فرانکۆش، کۆتایی بە حکومەتی کۆماریەکان هاتوو ، حوکمی دیکتاتۆری وفاشیستی فرانکۆ دەستی پێکرد[82].

82- هەمان سەرچاوە

سەرچاوەکانی بەشی دووەم

1. Wikipedia, der freien ، Spanische Bürgerekrieg. Enzyklopädie

2. Katalanische Frage und Spanische Autonomien,Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh, ,

3. Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerkrieg

4. Deutsches Historisches Museum .de. Berlin.Spanische Bürger krieg . . www.

5. Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg . www.

6 . ليون تروتسكى، تاريخ الثورة الروسية ،ترجمة ، آكرم ديرى و الهيثم الايوبى ، الموسسة العربية للدراسات و النشر . بيروت ، لبنان . 1978

7. Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , . . Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien,

8. www.Zaruelo.de.SpanischeBürgerkrieg

9. Noam Chomsky, Media Control,Europa Verlag,Hamburg, 2003,

10. Nationalsozialismus 1 , Informationnen zur politischen Bildung , 251 bpb

11. Traditione und Moderne im Spanischen Faschismus in der Zweite Republik(1931-1936), ManfredBöcker,www.Fundus.de

12 . صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمى ، صموئيل هنتنغتون، نقله ال العربية. د.مالک عبيد ابو شهيوة
د. محمود محمد خلف. دارالجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان . بنغازى . 1999

بەشی سێ یەم

قووربانیەکانی جەنگ

شەر ئەو حالەتە بەربەریەی مرۆڤە ، کە تێیدا ئارەزووی لەناوبردن و کووشتن و وێرانکاری ، زاڵن بەسەر تەواوی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤدا . کاتێکیش شەر دەبێتە بڕیارێکی گشتی کۆمەڵ ، ئەوا مانای لەناوبردنی کۆمەڵەکە خۆیەتی . هەروەک هەموو شەرێک ، خەڵکانی سیڤیل ، گەورەترین زەرەرمەندی ئەم شەرەی ئیسپانیا بوون. ئەم شەرە ژیانی ملیۆنەها ئیسپانی خستە ژێر رەحمی پۆستاڵی سەربازیەوە. قووربەسەر ئەو گەلەی ،کەژیانی دەکەوێتە ژێر رەحمی پۆستاڵەوە.

پرۆسەی لەناوبردنی مرۆڤ

لە شەش مانگی ساڵی یەکەمدا، ژمارەی قووربانیان گەیشتە 40 هەزار . لێ پاش سێ ساڵی تر ژمارەی قووربانیان بەرزبوویەوە بۆ نیوملیۆن .

بەپێی بۆچوونی زۆربەی زۆری مێژوونووسان ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەم شەرەدا گیانیان لەدەستدا، دەگاتە نزیکەی نیوملیۆن کەس[83] . دیارە بەشێکی زۆریان

83- Der Spanische Bürgerkrieg, Florian Liehr .de.Hausarbeiten
www.
هەروەها سەیری www.Zaruelo.de.SpanischeBürgerkrieg و
Microsoft Encarta,2003, Spanische B□rgerkrieg

خەلکی سیڤیل بوون. لەم شەرەدا مۆدێرنترین و ماڵوێرانترین چەکی تێدا بەکارهێنرا. دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەڵمانیا بەشی شێری لە ماڵوێرانیکردنی خەڵکی ئیسپانیا بەرکەوت . چەکە مۆدێرنەکان، بەتایبەت فڕۆکە جەنگیەکان ، ڕۆڵێکی سەرەکیان ، بۆ لەناوبردنی ئەم ژمارە زۆرەی خەڵکی سیڤیلی ئیسپانیا بینی . جگە لەبەشداربوونی 20 هەزار سەربازی دڕندەی ئەڵمانی،کە بەشداریەکی سەرەکیان لە کوشتاری خەلکی ئیسپانیا کرد .

کۆچی بە کۆمەڵ

لەگەڵ داگیرکردنی هەر شارولادێیەکدا ،بە هەزاران کەس خۆی کۆدەکردەوەو ڕێگای پڕ نەهامەتی کۆچی دەگرتە بەر . لێ پاش داگیرکردنی تەواوی ئیسپانیا و کۆتایی پێهاتنی حوکمی کۆماریەکان، بە هەزاران کەس بەرەو دەرەوەی ئیسپانیا بەتایبەت فەرەنسا هەڵهاتن . کە لەساڵانی یەکەم و دووەمی شەرەکەدا ژمارەیان لە فەرەنسا، گەیشتە نزیکەی400 هەزار کەس[84]. دیارە تاکە شتی باش، کە فەرەنسیەکان لەبەرامبەر ئیسپانیەکان کردبێتیان ، یارمەتیدانی ئەو خەلکە ئاوەرەیەی ئیسپانیا بوو. هەرچەندە بەداگیرکردنی فەرەنسا لەلایەن ئەڵمانیاوە ، وەزعی ئاوەرەکان تێکچوو ، بەشێکی زۆریان بەتایبەت کۆمۆنیستەکان ، لەلایەن ئەڵمانیاوە گیران و سزادران. لێ فەرەنسا پاشتر بوو بە وولاتی دووەمی ئیسپانیەکان و ، چەندین کەسیان توانی لەناوکۆمەلگای فەرەنسیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. بۆ نموونە هەردوو وێنە کێشی جیهانی بەناوبانگ(پاولۆ بیکاسۆ و سیلڤادۆر دالی) . دیارە بیکاسۆ هەر لە پاریس مرد. لەهەمانکاتیشدا فەرەنسا بوو بە مەڵبەندێکی چالاکی هەموو پارتە سیاسیەکانی ئیسپانیا [85]
.

84- هەمان سەرچاوە

Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. -85
Entwicklungsaspekte ein autoritärenDiktaur ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977, S 37

لەناوبردنی ئابووری

وەکوو هەموو شەرێک، ئابووری ئیسپانیاش زەرەرێکی گەورەی لێکەوت. لەناوبردن و وێرانکردنی کارگەکان، خاڵی سەرەکی فرۆکەجەنگی یەکان بوو. جگە لەوەش ژێرخانی ئابووری، تەواو لەناوبرا. بەشێکی زۆری بەندەرو هێڵی شەمەندەفەرو ڕێگا سەرەکیەکان، تێکدرابوون و زەرەریان زۆر لێکەوتبوو. ئەم کاولکاریەی ئابووری، پاشتر ئیسپانیا زۆری بەدەستەوە نالاند. لەلایەکی ترەوە ، زۆربەی ئابووری ئیسپانیا، بەکارهێنرا بۆ چەکوتەقەمەنی و خەرجی شەرەکان. لەهەمان کاتیشدا فرانکۆ بۆ ئەوەی ئەڵمانیا چەکو یارمەتی سەربازی بۆ بنێرێت، وولاتەکەی کردبووە مەزادخانەیەک بۆ کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا[86].

Derwirtschaftliche Einfluß des nationalsozialistischen Deutschlandsaufden Spanischen Bürgerkrieg,KaiSteenbuck , -86

وێرانکردنی شارستانی

ئیسپانیا خاوەنی شارستانیەکی کۆنە. دیارە کەنیسە، بەشێکی زۆری مێژوو وشارستانی ئیسپانیای داگیرکردووە. هەر بۆیە کەنیسەکان و کۆشکەکانی پادشاکان، پێگەیەکی سەرەکیان لەشارستانی ئیسپانیا هەیە. بەهۆی ئەم شەرە نەگریسەشەوە بەشێکی زۆری شوێنەوارەکۆنەکانی ئیسپانیا وێرانکران. دیارە فرۆکەکانی ئەڵمانیا، رەحمیان بە زیندووەکان نەدەکرد، ئیتر چۆن رێز لە کاری مردووەکان دەگرن . دیارە کەنیسە ببووە هۆی چەوسانەوەی هەژارانی خەڵکی و پشتگیریشی لە فرانکۆو فاشیستەکان دەکرد. ئەمەش هێندەی تر خەڵکی تووڕەکرد ،دیارە رقی خەڵکی هێندە زۆربوو، کە کۆماریەکان نەیانتوانی سنووردار بۆ سووتاندن و وێرانکردنی کەنیسەکان دابنێن. جگە لەوەش چەند

لایەنێکی رادیکالیش هەبوون دەستیان بەم کارانە کرد. لێ سەیر لەوەیە بەشێک لە مێژوونوسە رۆژئاوایەکان، هێندە بۆ سووتاندنی کەنیسەکان دەگرین، ئەوەندە بۆ سووتاندنی نیوملیۆن مرۆڤ ناگرین.

دروستکردنی گەورەترین درز لەناو کۆمەڵگادا

ئەم شەڕە بووە هۆی دابەشبوونی کۆمەڵگای ئیسپانی بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا. ئەم دابەشکردنەش درزێکی گەورەی خستە ناوکۆمەڵگای ئیسپانیاوە. لەلایەکی ترەوە تراژیدیاکانی شەرەکە، کاریگەری خۆی بۆ چەندین ساڵی ترو، بۆ نەوەکانی پاشخۆی بەجێهێشت.

لەبیرچوونەوەی تراژیدیاکانی شەرەکە زۆر زەحمەت بوو. دیارە حوکمی دیکتاتۆری فرانکۆش هێندەی تر تراژیدیاکانی قوولتر کرد . پێش چەند ساڵێک ریپۆرتاژێکم بینی ، کابرایەکی کەتەلانی ووتی(چەندجار تیپی بەرسەلۆنە گۆل لەدژی ریال مەدرید تۆمارەدکات ، لە دەروونەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم. لەگەڵ هەموو یاریەک ، ساڵانی شەرم بیردەکەوێتەوە) .

کۆچکردنی بەشێکی زۆری رۆشنبیرو زاناوروواناکبیران

ئەم شەرە بووە هۆی کۆچکردنی بەشێکی زۆری نووسەرو رووناکبیران وزانایان ئیسپانی بۆ دەرەوەی وولاّت . بەتایبەت نووسەران بەشێکی زۆریان وولاّتیان بەجێهێشت[87]. دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت ، کەبەڕووخاندنی کۆماریەکان ، حوکمێکی دیکتاتۆری و فاشیستی لە ئیسپانیادا پەیدا بوو. حکومەتە فاشیستەکەی فرانکۆش ، بووە هۆی کۆچکردنی بەشێکی زۆری نووسەران بۆ دەرەوەی وولاّت بەتایبەت بۆ هەردوو وولاّتی (فەرەنسا و مەکسیک) .

لەوانە(Maria Zambrano ,Leon Juan Larreeas, , Flipe,Americo Castro)، جگە لەهەردوو وێنەکێشی بەناوبانگی ئیسپانی و جیهانی (پابلۆ بیکاسۆو سیلڤادۆر دالی) کەئەم دوانە بۆ فەرەنسا کۆچیان کرد .

تراژیدیاکانی گەلی باسک

باسکەکان چ لەلای کۆماریەکان و چ لەلای فرانکۆ حسابی دوژمنیان بۆ دەکرا. باسکەکان لەپێشدا کەمێک خۆیان لە کارلیستەکان نزیک دەکردەوە، هەندێکیان

Maria Fatima Gallego , Exil- und Schreiberfahrung Spanischer Intellektueller in Mexiko, Peter Lang, Europäischer Verlag der Wissenschaften, frankfurt am Main, 2004,S110-160 . -87

سۆزیان بۆ لای ئەمان زیاتر دەجووڵا تا بۆ لای کۆماریەکان. باسکەکان، پێش شەڕەکە نیمچە ئۆتۆنۆمیەکیان هەبوو، لێ لە 1ی ئۆکتۆبەری 1937 دا پەرلەمانی ئیسپانیا، ئەم ئۆتۆنۆمیەی لە باسکەکان سەندەوە. سەرۆکی کۆمار مانوێل ئازنا لە یەکێک لە کۆبوونەوە جەماوەریەکان ووتی (باسکەکان ئامادەنین بۆ کۆمار و گەلی ئیسپانیا شەربکەن، بەڵکە تەنها ئەوەی کە بیری لێدەکەنەوەو ئامادەن شەڕی بۆ بکەن، ناوچەکانی خۆیانە. ئەوان تەنها ئامانجیان دەستکەوتنی ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆ بوونە. ئەوەی ئەوان دەیکەن دژی کۆمارەکەمان و گەلی ئیسپانیایە. ئەم هەوڵەی ئەوان، ترسی بۆ سەر یەکگرتوویی خاکی ئیسپانیا هەیە [88]).

لەلایەکی ترەوە بەشێکی زۆری ناوچەکانی باشوور لەگەڵ یەکەمین هێرشی فاشیستەکان، کە بەسەرۆکایەتی جەنەرال مۆلا بوو، تەسلیم بوون .سووپاکەی مۆلا پێکهاتبوو لە 50 هەزار سەرباز، کەبەشێکی زۆریان لە چاشە مەرۆکیەکان و سەربازەئیتالیەکان پێکهاتبوو. جگە لەبەشداریکردنی 100 فرۆکەی ئەڵمانی. 5هەزار سەربازی یەدەگیشیان لە بەندەرەکانی مەغریب ئامادەکردبوو. دیارە ئەم جەنەرالەش زۆر کەسێکی درندە بوو. زۆر فاشیستانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ

Baskische Geschichte , Michael Kasper , Wissenschaftlische Buchgesellschaft, Darmstadt,1997,S153- 160 -88

باسکەکان کرد . کاتێک لە 18 سێپتەمبەر دا گەیشتە ناوچەی ناڤارا Navarra، دەستی بەڕەشبگیریەکی گەورە کرد، کەزیاتر لە 3000 کە سی بەسێدارەو رەمی کردن کوشت . لەناوچەی سان سێبەستیان San Sebastian یش زیاتر لە 1600 کەسی لەسێدارەدا. فرۆکەکانی ئەڵمانیا بەدڕندەترین شێوە پەلاماری ناوچەکەیان دا، شاری Gernika بۆ ماوەی 3 سەعات و نیو ،لەلایەن فرۆکەکانی ئەڵمانیاوە بۆمباران کرا. کەبەتەواوەتی شارو خەڵکەکەشی پێکەوە سووتێنرا. تەنها لە شارۆچکەی Durango فرۆکەکانی ئەڵمانیا 280 کەسی شەهید کرد . هەرچەندە باسکەکان،زۆر قارەمانانە لەدژی فاشیستەکان بەرەنگاریان کرد . سووپای باسکەکان زیاتر لە 40 هەزار چەکداریان هەبوو . لێ نەیانتوانی لەگەڵ ئەو لەشکرە مۆدێرن وفرۆکە ئاسمانیەکانی ئەڵمانیا بجەنگێن . لەساڵی 1937 هێرشەکە بەرەو باکووری باسک هەنگاوی نا . هەرچەندە لێرەش گەلی باسک زۆر ئازایانە بەرەنگاری هێرشەکەی فرانکۆیان کرد ، لێ پاشان ناچار بوون، تەسلیم بن و پاشەکشێ بە هێزەکانیان بکەن[89] .

89- هەمان سەرچاوە

کۆڕەو

لەبەهاری ساڵی 1992 پاش سەرنەکەوتنی راپەرینەکە ، گەلی کوردستان ناچار بوون لەترسی لەشکرە دڕندەکەی سەدام کۆچێکی بەکۆمەڵ بکات . کاتێک لەشکرە دڕندەکەی فرانکۆش لە ئەپریلی 1937 دەگاتە ناوچەی Iparralde ، زیاتر لە 40 هەزار باسکی لەدەستی هێزەکانی فرنکۆ ڕادەکەن . دیارە کۆی دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بەگشتی دەگەیشتە 190 هەزار . لەمانگی 5 تا مانگی 9 ی 1937 زیاتر لە 116 هەزار باسکی بەرەو فەرەنسا بەگەشتی کۆچیان کرد[90]. کەبەشێکی زۆریان لەبەندەری بۆردۆی باشووری فەرەنسا دابەزین . دیارە لەفەرەنساش باسکەکان کێشەیان هەبوو، چونکە لێرەش باسکی لێبوو. هەروەک دەزانین باسکیش وەکوو کورد گەلێکی دابەشکراون، کەلەنێوان فەرەنساو ئیسپانیا وولاتەکەیان دابەشکراوە . لەبەر ئەوە فەرەنساش حەزی نەدەکرد کەژمارەی باسکەکان لەفەرەنسا زیاتر بێت . جێی ئاماژەپێکردنە ، باسکەکانی فەرەنسا ، هەتاوەکوو ئەمرۆش هیچ ماڤێکی سیاسی وکولتووریان نییە.

90- هەمان سەرچاوە

تراژیدیاکانی گەلی کەتەلۆنی

گەلی کەتەلۆنی پاڕووی چەوری هەموو جەنەڕاڵە درێندەکان و سیاسیە فاشیستەکانی ئیسپانیا بوو. مافەڕەواکانی گەلی کەتەلۆنی هیچ کات بۆ ئەم بەربەریانە قبووڵ نەدەکرا . بەحوکمی ئەوەی بەشی سەرەکی پیشەسازی ئیسپانیا لەناوچەی کەتەلۆنیا بوو، هەرلەبەرئەوەش بوو کە بزووتنەوەیەکی کرێکاری وکۆمۆنیستی بەهێزی تێدا جێگیربوو بوو . بوونی مانگرتنی کرێکاری و خۆپیشاندانی لایەنە چەپ و کۆمۆنیستەکان،کەتەلۆنیای کردبووە گۆڕەپانی شەڕێکی بەردەوام . تەنها لە خۆپیشاندانەکەی ئۆکتۆبەری ساڵی 1934 دا زیاتر لە 5 هەزار کەس شەهید بوون .

دواین قەبری کەتەلۆنیزم

ساڵانی1936/ 1939، بە ساڵانی بوژانەوەی بیری ناسیۆنالیزمی کەتەلۆنی دەژمێرێت. لەم ساڵانەدا کەتەلۆنیەکان حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆیان پێکهێنابوو و خۆیان حوکمی خۆیان دەکرد. ئەمەش هێندەی تر فاشیستەکانی تووڕە کردبوو، هەربۆیە داگیرکردنی بەرشەلۆنە، خەونی فاشیستەکان بوو. کاتێک لە 26 یانوەری 1939 دا بەرسەلۆنە داگیردەکرێت، کەبۆ ئەم هێرشەش سووپا وەحشیەکەی جاشە مەرۆکیەکان و سووپای کۆلۆنی 5 یان لەگەڵدا بوو. جگە لە بەشداربوونی فرانکۆ خۆییو، چەندین جەنەڕاڵی تر. سەرۆکی فاشیستە فەلەنگیەکان (ژوزێ ئەنتۆنیۆ ریڤێرا) Jose Antonio Primo de Rivera. کاتێک بەرشەلۆنەیان داگیرکرد ووتی :

(ئەمە دواهەمین قەبری کەتەلۆنیزم[91]). ئەمە بروسکەی ئەو ئەفسەرە تورکەم بیردەهێنێتەوە، کەلەپاش سەرکووتکردنی ڕاپەرینەکەی (شێخ سەعیدی پیران)و سەربرینی دواهەمین منداڵی کورد، بەم شێوەیە بروسکەیەک بۆ مستەفاکەمال دەنووسێت(گەورەم سەرۆکی کۆمار، مستەفا کەمال. بەدڵنیایەوە ئەمڕۆ سەری دواهەمین کوردمان بۆ یەکجاری لەناوبرد). ئەم

91- Katalanische Frage und Spanische .1988,S88 Autonomien,Ulrich Matthee,Paderborn:Schöningh,

قسانە لەدیرۆکی هەموو گەلێکی ژێردەستەدا هەیە . زۆرجار گەلانی داگیرکەر ،بەلەناوبردنی شۆڕشێک و لەسێدارەدانی سەرکردەکانی ، وایان زانیووە کە ئەو گەلە لەناو دەبەن. لێ ئەم شۆرشانە هەموو بوونەتە ئەزموونی پڕ بایەخ بۆ نەواکانی ترو بوونەتە ئێنەرجی بۆشۆرشەکانی پاشتر .

لەناوبردنی زمان

لەگەڵ داگیرکردنی بەرشەلۆنە ، کە پێتەختی کەتەلۆنیا یە. یەکسەر فرانکۆ زمانی کەتەلۆنی یاساغ کرد. هەرچی گۆڤارو رۆژنامەی کەتەلۆنی هەبوو داخران. ئەمەش لەڕووی کولتووریەوە زلەیەکی گەورەی لە گەلی کەتەلۆنی دا. دیارە ئەم یاسایە بەردەوام بوو، تا لە 20 نۆڤێمبەری1976، پەرلەمانی ئیسپانی هەردوو زمانی باسکی و کەتەلۆنی بەزمانی ڕەسمی ناوچەکە ناساند [92] .

کۆڕەو

زۆربەی ناوچەکانی کەتەلۆنی رۆژانە لەلایەن فرۆکەکانی ئەڵمانیاوە ، زۆر بە خەستی بۆمباراندەکران . لەلایەکی ترەوە وەحشیەتی سووپاکەی فرانکۆ وهاوپەیمانەکانی ، تەواو خەڵکی کەتەلۆنی ترساندبوو.

92- Spanien nach Franco , L.Bernecker und CarlosCollado,Oldenbourg Verlag,München,1993,S104

لەهەمان کاتیشدا گەلی کەتەلۆنی ، فرانکۆیان باش دەناسی . هەموو ساڵی 1934 یان لەبیرنەچووبوەوە . دەیانزانی فرانکۆ چ دڕندەیەکە . هەر بۆیە بەداگیرکردنی بەرشەلۆنە و دەڤەرەکانی ، زیاتر لە نیوومیلیۆن کەس کۆچیان بۆ سنووورەکانی فەرەنسا کرد[93]. هەرچەندە لەوێش زۆر بەساردی پێشوازیان لەم ئاوارانەکرد . هەر لەبەر ئەوە بەشێکی زۆری کەتەلۆنیەکان بەرەو وواڵاتانی (مەکسیک و ڤێنزوێلاو ئەرجەنتین) کۆچیان کرد . ئیتر ئەم وواڵاتانە بوونە مەڵبەندی پارتە سیاسی و کۆمەڵە کوولتوریەکانی کەتەلۆنیەکان .

پاکتاوکردنی سیاسی وئیداری

کاتێک فرانکۆ هەموو ناوچەکانی ئیسپانیای داگیرکرد، کەوتە گرتن و لەناوبردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دووروو نزیک پەیوەندیان بە کۆماریەکانەوە هەبوو. ئەوەبوو زیندانەکانیان، لە کەسانی سیاسی و رۆشنبیر و نووسەر پڕ کرد. لەلایەکی تریشەوە فرانکۆ دەستی کرد، بە دەرکردنی زیاتر لە 80 هەزار موچەخۆری دەوڵەت[94]. ئەوەی رۆژێک موچەخۆری حکومەتە کۆنەکە بووبێت، ئەمان لەکاردەریانکردن ، تەنانەت خەڵکی

93- Katalanische Frage und Spanische Autonomien,UlrichMatthee,Paderborn:Schöning, .1988,S99

94- Der Spanische Bürgerkrieg, Florian Liehr Hausarbeiten .de.www.

وایان لەکار دەرکرد ، کە کارەکەی زۆر ئاسایی بووە، وەکوو(کرێکارانی شارەوانی و باخەوان وپۆستەچی) . فرانکۆ بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لەناوبردنی هەموو شتێکی بچووک و گەورەی کۆماریەکانی دا . دەیویست مێژووی کۆماریەکان، بەتەواوەتی بسڕێتەوە. لەلایەکی تر‌ەوە فرانکۆ دەستی کرد بەدروستکردنی دەزگایەکی بیرۆکراتی دەوڵەتی، کە دەبوو هەموو ئەندامەکانی ئەم دەزگایە سەر بەپارتی فاشیستی فرانکۆ بن* .

بۆچی کۆماریەکان لەشەرەکەدا سەرنەکەوتن

کۆماریەکان پاش ئەوەی بۆ ماوەی چەندین ساڵ قارەمانانە بەرەنگاری فرانکۆو هاوپەیمانانی بوونەوە، بەڵام پاشان شەرەکەیان دۆراند وکۆمارەکەشیان لەناوچوو. چەندین ڤاکتەری ناوخۆیی و دەرەکی رۆلیان لەم ژێرکەوتنەی کۆماریەکان هەبوو . من هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی ئەو ڤاکتەرانە بکەم .

* ئەم دیاردەیە مۆسۆلینی دایهێنا ، واتە بە حیزبی کردنی حکومەت . فرانکۆش خوێندکارێکی مۆسۆلینی بوو ، هەربۆیە ئەویش ئەم یاسایەی پێڕەو کرد . جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەم سیاسەتە بەعسیەکانی عیراق و سووریاش بەکاریان هێناو بۆ یەکێتی و پارتیشیان بەجێهێشت . هەتاوەکوو ئەمرۆش لەکوردستان ئەم سیاسەتە پێڕەو دەکرێت.

1. بێ بەرنامەیی و نەبوونی دیسپلینێکی بەهێز.

دیارە ئەم شەرە کاتێک دەستی پێکرد، کۆماریەکان بێ ئاگا بوون و هیچ خۆئامادەکاریەکیان پێشتر بۆ نەکردبوو. هەربۆیە کاتێکیش کە ڕووبەرووی شەرەکە بوونەوە، شپرزەیەکی زۆر بەکارەکانیانەوە دیار بوو. شێنەیی و خاوخلیچکی لەکارەکانیان، وای کرد بەماوەیەکی زۆر کەم بەشێکی زۆری ئیسپانیا لەلایەن فرانکۆوە داگیربکرێت.

2. بوونی چەند پارتێکی سیاسی دژ بەیەک

حکومەت پێکهاتبوو لەبەرەیەکی سیاسی، کەلە کۆمەڵێک پارتی سیاسی جیاوازی فکری دروست بوو بوو. ئەم بەرەیە کەلە(پارتی کۆماریەکان، کۆمۆنیستە ستالینیەکان، تڕۆتسکیەکان، ئانارشیستەکان، سۆسیال دیمۆکراتەکان) پێکهاتبوو. ئەم پارتانەش هەموو فکریەن زۆر دژی یەکبوون، زۆرجار بۆرجوازی بچووکیش هەول دەدات، پەمپی جیاوازە فکریەکان بدات، تائاگری شەڕی نێوان باڵە جیاوازەکانی چەپ تووندتربکات. دیارە جیاوازی فکری نێوان ئانارشیستەکان و کۆمۆنیستەکان، مێژوویەکی ئێجگار دووری هەبوو. لەبەرئەوە هەموو کات تووشی شەڕوپێکدادانی تووند دەبوونەوە. بۆ نموونە لە ڕۆژی یەکی ئایاری 1937 لە بەرشەلۆنە ، شەروپێکدادانێکی ئێجگار تووند لەنێوان ستالینی

وئانارشیستەکان رووبدا[95]. هەرچەندە ستالینیش ڕۆڵیکی خراپی لەم شەڕەدا هەبوو. سەیر دەکەیت لەو گەرمەی شەڕەدا، دووبالّی سەرەکی حکومەتەکە خەریکی شەڕێکی ناوخۆیی ترن. ئیتر چۆن دەتوانیت ئەم کۆمەڵە جیاوازانە پێکەوە کۆبکەیتەوەو لەدژی حکومەتێکی سەربازی شەڕ پێ بکەیت. لەلایەکی ترەوە ئەم گرووپانە هەموویان لەرووی سیاسیەوە هۆشیاریەکی بەرزیان هەبوو، ئەمەش وای دەکرد کە رۆژانە گفتووگۆی بێ سەرووبەرانەی چەپانە دروست ببێت، کەئەمەش بەنەخۆشی چەپڕەوەکان دەژمێرێت، کەزۆرجار لەم گفتووگۆیانەوە شەروپێکدادان رووی داوە. دیارە ئەمەش یەکێکە لەسیفەتەخراپەکانی بیری چەپ. لەهەمان کاتیشدا هەریەک لەم پارتانە بەشێوەیەکی خۆبەخۆکاری دەکرد. بۆنموونە ئانارشیستەکان سەندیکا ولەشکرو دەزگای راگەیاندنی تایبەتی خۆیانیان هەبوو. بەهەمان شێوەش پارتی (POUM)، ئەوانیش سەندیکا ولەشکرو دەزگای راگەیاندنی تایبەت بە خۆیان هەبوو[96]. کەهەریەکەیان نیمچە حکومەتێک بوون بۆ خۆیان، کەئەمەش هێندەی تر حکومەتەکەی بێهێزتر دەکرد.

95- www.Zaruelo.de.SpanischeBürgerkrieg

96- **Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien**

3. نەبوونی بەرنامەیەک بۆ بەرەنگار بوونەوە

کاتی هەموو شەڕێک دەستپێدەکات، دەبێت حکومەت بەرنامەیەکی باش وتۆکمە بۆ ڕاپەراندنی کارووباری دەوڵەت دابنێت. دەبێت هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی وئابووری وکشتوکاڵی وپیشەسازی و تەندروستی لەبەرچاوبگرێت. دەبێت لانی کەمی پێویستیەکانی جەماوەر دابینبکات. بەداخەوە کۆماریەکان نەیانتوانی بەرنامەیەکی واتۆکمە دابڕێژن، کە بتوانن بەرەنگاری کودەتاچیەکان ببنەوە. دەبوایە حکومەت جەماوەری لەهەموو رووەکانی ژیاندا هۆشیاربکردایەتەوەو، بۆ ئەم شەڕە ئامادەی بکردنایە. لێ بەداخەوە کۆماریەکان کەمتەرخەمی زۆریان لەم بوارەدا کرد.

4. سازشکاری و درەنگ هەستکردن بە کێشەکان و نەناسینی دوژمن .

لەو کاتەی کەدەنگوباسی کودەتا نەک لەناو لەشکر، بەڵکو لەناوشەقامەکانیش باسی لێوە دەکرا. کەچی کۆماریەکان گوێگرانەکانیان تەنها بە تۆپەکانی فرانکۆ خەبەری بوویەوە. جەنەرال(مۆلا) Mola چەندین جار بەئاشکرا هاواریکردبوو، کە(ئێمە کودەتای سەربازی

دەکەین[97]). دەبوایە هەرزوو لەشکریان لەم جەنەڕاڵە درێندانە پاکبکردایەتەوە. کەچی ئەمان کاتێک حکومەتیان دروستکرد، ناردیان بەدوای ئەم جەنەراڵە خوێناویە و فرانکۆی فاشیستدا. داوایان لێکردن و(لێیان پاڕانەوە)، کەبەشداری حکومەتەکەیان بکەن و بەڵێنیشیان پێدان کە هەردوو وەزارەتی(ناوخۆ و بەرگری) یان بدەنێ. لێ ئەوان ئەم پێشنیارەیان ڕەتکردەوە[98]. دیارە ئەم سیاسەتە سازشکاریەیان، جارێکی تریش لەگەڵ فرانکۆ دووبارە کردەوە، ئەوەبوو لەگەرمەی شەڕەکەدا، داوای ئاشتیان لەم درێندەیە کرد. کەچی ئەو هەروەک جاری یەکەم پێشنیارەکەی ئەمانی ڕەتکردەوە. بگرە هێندەی تر، ئەم پێشنیارە ئەوی بەهێزترکرد. چونکە فرانکۆ هەستی کرد کەئەوان بەرەو پاشەکشێ و دۆراندن دەچن،ئەمەش ووڕەی لەشکرەکەی فرانکۆی بەرزکردەوە .زۆر درەنگیش دەستیان بە لێدانی دوژمنانی شۆڕش کرد، کەپێکهاتبوو لە: (دەرەبەگەکان، سەرمایەداران، کەنیسە، بۆرجوازی ناوشار) ، کەدەبووە هەر زوو ڕەگووڕیشەیان لەبنا دەربهێنرێت و ،هەموو سامان و زەوی وزاریان داگیربکەن . چونکە ئەمانە هەموو سەروەت و سامانیان خستە خزمەتی فرانکۆوە . لێ لەبەر ئەوەی بەشێکی زۆری کۆماریەکان،خەڵکانی ووردەبۆرجوازی ناو شاربوون، ئەم چینەش هەموو کات

97- هەمان سەرچاوە . ل 8
98- هەمان سەرچاوە

سیاسەتەکانی بەوە ناسراوە کە (ترسنۆک و سازیش کارو ڕاڕاو دووروون). لێ بەداخەوە هەروەک لە هەموو شۆڕشەکان دا دیارە، ئەم چینە خۆی دەکاتە پێشڕەوی شۆڕشەکان. ئەم چینە هەمووکات حەزدەکات چینە سەردەستەکان بەچاوی بەزەییەوە سەیری بکەن و ڕێزی لێبگرن . هەربۆیە دەکەوێتە ئەم سیاسەتە سازشکاریانەوە .

5. نەبوونی لەشکرێکی مۆدێرن وتۆکمە و نیزامی

بەحوکمی ئەوەی بەشێکی زۆری جەنەرالەکانی دژی کۆماریەکان بوون، توانیان لەشکر بۆخۆیان داگیربکەن. لێ کۆماریەکان نەیانتوانی لەشکرێکی نیزامی پتەو دروستبکەنەوە. زۆربەی زۆری لەشکری کۆماریەکان لە خۆبەختکەرە ئیسپانی و جیهانیەکان پێکهاتبوو. دیارە ئەمانیش ئەزموونێکی سەربازی وایان نەبوو. لەهەمان کاتیشدا هیچ پەروردەیەکی سەربازی باشیان پێنەدەکرا. لەڕووی چەک وتەقەمەنیشەوە، زۆربەی ئەو چەکەکانی کەبەکاریان دەهێنا، چەکی کۆن و خراپ بوون، کەچی فرانکۆ لەشکرەکەی بە باشترین شێوەی چەک،ئامادەیکردبوو. کەئەمەش وای کرد، ئەنجامی شەرەکان بۆلای خۆی رابکێشێت و کۆماریەکان بەدۆڕاندن بدات . کۆماریەکان دەبوایە حسابێکیان بۆ ئەو چەکەمۆدێرن و کووشندانەی فرانکۆ بکردایە. دەبوایە

بەلایەنی کەمەوە حسابیان بۆ ئەو فرۆکە ئەڵمانیانە بکردایەو ، هەوڵی پەیداکردنی چەکی مۆدێرنی دژە ئاسمانیان بدایە . دیارە فرۆکە ئەڵمانیەکان ،رۆڵی سەرەکیان لەشەڕەکەدابینی و کۆماریەکانیان بە دۆڕاندن دا. ئەم فرۆکانە زۆر بێ بەزەییانە، پەلاماری شاروشارۆچکەکان و لادێکانی ئیسپانیای دا . دیارە پاشانیش هەروا بێ بەزەییانە،بەربوونە گیانی شاروشارۆچکەکانی ئەوروپا .

6. کەمتەرخەمی لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا

.

لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا،زۆرخراپ کاریان کرد . ئەم کۆمارە هەتا کۆتایی تەمەنی ، تەنها دوو ووڵات دانی پێداناو یارمەتیان دەدا ، ئەوانیش (مەکسیک و سۆڤێت) بوون . راستە سیاسەتی جیهانی ئەو کاتە رێگرێکی گەورە بوو لەبەرامبەرکۆماریەکان ، لێ دەبوایە ئەمانیش زۆر چالاکانە لەبواری سیاسەتی نێودەوڵەتیدا کاریان بکردایە . چونکە تەنها دوو دەوڵەت بەس نییە بۆ سەرکەوتنی کۆمارێکی تازە پێگەیشتوو . دەبوایە بەلانی کەمەوە هەندێک دەوڵەتی ئەوروپی و ئەمەریکای لاتینیان ،قەناعەتی پێبکردایە،کە پەیوەندی دیبلۆماسیان لەگەڵدا ببەستێت و یارمەتیان بددەن. لێ ئەمان لە بواری دیبلۆماسی نێودەوڵەتیدا، زۆر خراپ کاریان دەکرد.

7 . بوونی کەمەنەتەوەی باسک وکەتەلۆنی

بوونی چەند نەتەوەیەکی جیاواز هێندەی تر رِیزەکانی حکومەتەکەیان بێ هێز کرد . چونکە ئەم نەتەوانە هەریەکەو لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی نەتەوەیی خۆیان بەشداری شەڕەکەیان کردبوو. لەهەمان کاتیشدا ، کۆماریەکان لە پرسی ئەم نەتەوانەش تێنەدەگەیشتن . کاتێک دەبینیت ئەمانیش نەیاندەتوانی ئەوە قبوڵ بکەن ،کە ئەم کەمە نەتەوانەش ماڤی خۆیانە گەر جیاش ببنەوە . سەیر دەکەیت سەرۆک کۆمار ،باسکەکان بە جوداخوازو دوژمنی گەل ناودەبات[99]. لەهەمان کاتیشدا نەدەبوو ئەمان حکومەتەکە بگوێزنەوە بۆ کەتەلۆنیا ، چونکە فرانکۆ ئەمەی بەکارهێناو هەستی ناسیۆنالیزمی لەدژی کۆمارەکە بەکارهێنا . لەشکری ئیسپانیا بە کوشتاری کەتەلۆنیاکان راهاتبوو. لەهەمان کاتیشدا هەموو کات مەدرید پێتەختی کۆمار بووە ، ئیسپانیەکان فێری سەردەستی کەتەلۆنیاکان بوو بوون ،زەحمەت بوو، قبوڵی ئەوە بکەن کە پێتەختی ووڵات بۆ شوێنی نەتەوە ژێردەستەکانیان بگوێزرێتەوە . بە رای من ئەمە شتێکی زۆر خراپ بوو کە کردیان .

Baskische Geschichte , Michael Kasper , -99
Wissenschaftlische Buchgesellschaft,Darmstadt,1997,S153-160

8 . خامۆش کردنی هەستی نەتەوایەتی

کۆماریەکان زۆرکەم گرنگیان بەم بوارەدا ،دەبوایە زۆرباش هەستی نەتەوەیی ، لەدژی فرانکۆ بەکاربهێنن. دەبوایە خەڵکیان هانبدایە بۆ بەرەنگاربوونەوەی فرانکۆ و تاوانباریان بکردایە ،کە بۆتە پیاوی بێگانە و لەشکری بێگانەی (ئەڵمانی و ئیتالی و جاشەبەربەریە مەرۆکیەکانی) هێناوە، بۆئەوەی ئیسپانیا داگیربکات . لێ بەداخەوە ئەمەیان نەکرد . لەجیاتی ئەوەی ئەمان فرانکۆ بە دوژمنی نەتەوەیی ئیسپانیا تۆمەتبار بکەن ، کەچی ئەو ئەمانی بەوە تۆمەتباردەکرد . فرانکۆ هەستی ناسیۆنالیستی، زۆر باش بەکارهێناو توانی بەم درۆیانەشیەوە، جاشایەتی خۆی بشارێتەوەو سەرکەوتنیش بەدەستبهێنێت. بەداخەوە ئەمە کێشەی هەموو پارتە چەپەکانە، کە لە مەسەلەی ناسیۆنالیزم تێناگەن، گەر تێشبگەن زۆر بە گەوجی تێدەگەن. هەرکەتێشگەیشتن دەبنە فاشی.

بۆچی فرانکۆ و هاوپەیمانەکانی لەشەرەکەدا سەرکەوتن

فرانکۆ و هاوپەیمانەکانی پاش سێ ساڵ لەشەڕو کوشتارێکی خوێناویدا ، توانیان کۆمارە ئازادەکەی ئیسپانیا بڕووخێنن . بۆ دواهەمین جار، ئالاو بیر و ووشەی کۆمار لە ناو ئیسپانیادا نەهێڵن . دیارە فرانکۆ و هاوپەیمانەکانی، چەندین ڤاکتەری جۆراوجۆر رۆڵیان لەسەرکەوتنیان بەسەر کۆماریەکان گێرا. من هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی ئەو خاڵە بەهێزانە بکەم، کەبووە هۆی سەرکەوتنی فرانکۆو حکومەتەکەی .

1 . بوونی لەشکرێکی تۆکمەو مۆدێرن

فرانکۆ توانی لەماوەیەکی ئێجگار کورتدا ، ئەو لەشکرەی لەبەردەستیدا بوو، بە باشترین و مۆدێرنترین چەک ئامادەی بکات. لەهەمان کاتیشدا توانی بە پتەوترین دیسپلینی سەربازی، سەربازەکانی پەروەردە بکات. هەموو سەربازەکانی بەباشترین شێوە فێری هونەری سەربازی دەکردن. ئەم لەشکرەش هەموو پێویستیەکانی بۆ دابینکرابوو. باشترین ئیمکاناتی سەربازی ودارایی لەبەردەستدا بوو. بەمەش توانی سەربازەکانی لەژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دڵنیابکات.

دەبێت ئەوەش بڵێم، کەئەو کاتە لەئیسپانیاش لەشکر وەکوو کارگەیەکی گەورەی کار بووە، خەڵکی بۆ بژێوی ژیانی،خۆیکردۆتە سەرباز. دیارە ئەم دیاردەیە لەلای خۆشمان تاسەردەمانێکی زۆر هەبوو .

2 . بوونی هێزێکی ئاسمانی بەهێز

دیارە فرۆکەی ئاسمانی جەنگی، لەهەموو شەڕێکدا بڕیاردەری سەرەکی شەرەکانە. فرانکۆش وەکو جەنەڕاڵێکی سەربازی باش لەم راستیە تێگەیشتبوو.هەربۆیە زوو هەوڵی پەیداکردنی باشترین ومۆدێرنترین فرۆکەی جەنگی دەدا. ئەوە بوو ئەڵمانیا 900 فرۆکەی مۆدێرنی سەربازی بۆ فرانکۆ نارد[100]. دیارە یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی فرانکۆ، بوونی ئەم فرۆکانە بوو. کە توانی ئەنجامی شەڕەکە بۆلای خۆی رابکێشێت و بە سەر کۆماریەکاندا سەربکەوێت.

3 . بەکارهێنانی ئایین و پشتگیری کەنیسەو پاپای فاتیکان

دیارە هەموو کاتێک کەشەرلەنێوان دوولایەندا روودەدات، جگە لەسەربازو چەکوتەقەمەنی، پێویستیشیان بە لایەنێکی رۆحیش دەبێت، بۆ ئەوەی

100- www.Zaruelo.de.SpanischeBürgerkrieg

سەرباز و خەلکیشی پێ هەڵبخەڵەتێنن. کۆماریەکان ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستیان وەکوو لایەنێکی رۆحی شەرەکە بەکاردەهێنا. بەڵام فرانکۆ هەر لەسەرەتاوە کەنیسەو پاپای فاتیکانی، کردە لایەنی رۆحی شەرەکەی[101]. لە هەمان کاتدا کەنیسە جگە لەیارمەتی رۆحی، یارمەتی دارایی و سیاسی و کۆمەڵایەتیشیان پێشکەش بە فرانکۆ کرد. کەنیسە خاوەنی ئیمکاناتێکی گەورەی ئابووری بوو. لەهەمان کاتیشدا پایەیەکی باشیشی لای خەڵکی هەبوو، بەتایبەت خەڵکانی پیر . ئەمانیش لەڕووی پروپاگەندەوە، خواهەڵناگرێت زۆر یارمەتی فرانکۆیان دا. پیسترین پرووپاگەندەیان لەدژی کۆماریەکان دەکرد. دیارە لەدەرەوەش بەهەمان شێوە پرووپاگەندەی خراپیان لەدژی کۆماریەکان کرد. کەنیسەی ئیسپانی تۆڕێکی گەورەی پەیوەندی جیهانی هەبوو، لەرێگای ئەم تۆڕی پەیوەندیەشەوە، توانیان خزمەتێکی باشی فرانکۆ بکەن.

4 . بوونی یارمەتیەکی زۆری دەرەکی

فرانکۆ توانی لەماوەیەکی ئێجگار کورتدا ، پشتگیری بەشێکی زۆری وولاتە زلهێزە جیهانیەکانی ئەو سەردەمە بە دەستبهێنێت. دیارە هەر زوو (ئەڵمانیا و ئیتالیا) گەورەترین یارمەتی فرانکۆیان دا. گەر یارمەتیە سەربازی و دارایی و سیاسیەکانی ئەم دوو وولاتە

101- Wikipedia, der freien Enzyklopädie·Spanische Bürgerekrieg

نەبوایە، من دڵنیام فرانکۆ سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا(**لە شوێنێکی تردا بە درێژی باسی دەکەم**). لەهەمان کاتیشدا توانی یارمەتی لە ئەمەریکا وەربگرێت و خۆی لای ئەوان وەکوو دوژمنێکی کۆمۆنیست لەقەڵەم دەدا. ئەمەریکاش هەر لەیەکەم رۆژی شۆرشی رووسیەوە، گەورەترین دوژمنی کۆمۆنیست بووە. مەگەر ئەڵمانیا و فاشیستەکان، هێندەی ئەمەریکا دژایەتی کۆمۆنیستیان کردبێت . لەهەمان کاتدا فرانکۆ توانی هەردوو زلهێزی جیهان (فەرەنسا و بەریتانیا)، پشتگیری کۆماریەکان نەکەن و هەڵوێستێکی بێ لایەنانە وەربگرن. کەئەمەش گەورەترین خزمەتی بە فرانکۆ کرد. دیارە کۆماری فاتیکانیش بەهۆی کەنیسەی ئیسپانیاوە، بوویە گەورەترین پشتگیریکەری فرانکۆ و،لەهەموو کەنیسەکانی جیهاندا، دووعایان بۆ فرانکۆ دەکرد .(دیارە پاشانیش کاتێک کەشەری سارد دەستی پێکرد، فاتیکان هەمان هەڵوێستی نەگریسی دژی سۆڤێت و کۆمارو پارتە سۆسیالیستەکانی جیهان بەکارهێنا).

5 . بوونی جاشە مە غریبیە کان

فرانکۆ بۆ خۆی فەرمانداری سووپای ئیسپانی بوو لەمەرۆکۆ . دیارە هەروەک هەموو کۆڵۆنیایەک، ئیسپانیاش هێزێکی جاشی مەرۆکی هەبوو، کەلەجیاتی خۆی لەوێ شەری بۆ دەکردن و زۆرجاریش پێکەوە لەگەڵ

سوپای ئیسپانیا بەشداری شەر دەبوون ، زۆرجار ئەم جاشانە لە سوپای ئیسپانی خراپتر بوون . کاتێک فرانکۆش دەستی بە کودەتاکەی کرد،ئەم جاشانەش رۆڵێکی سەرەکیان گێڕا. سوپایەکی گرنگ وپرچەکیان هەبوو، کەژمارەیان دەگەیشتە34 هەزار چەکدار[102]. ئەم جاشانە کە وەکوو یەکێک لە مێژونوسەکان دەڵێت (خۆشەویسترین چەک لایان، چەقۆ و شمشیرەکانیان بوون، بە پیسترین شێوە تاڵانی وکووشتن وبڕین و پەلاماری سێکسی ژنان و منداڵان و ئەتکردنیان دەکرد[103]) . دیارە دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، ئەم جاشانە هەموو خەڵکانی بەربەری دوور لە شارستانی بوون. ئەم سوپایە هەموو لەو خێلە بەربەریانەی عەرەب پێکهاتبوون، کە هەر کولتوریان بریتی بووە لە(ڕاو ڕووت کردن و پەلاماردان) . هەروەک بیرمەندی گەورەی عیراقیش(عەلی وەردی) دەڵێت: (ڕاو ڕووت کردن، بەشێکە لەکولتووری خێڵە بیابانیەکان، ئەوەی ڕاوو ڕووت نەکات لای ئەمانە پیاو نییە[104]). هەروەک ئیبن خەلدونیش ئاماژەی پێکردووە، (عەرەب چووبێتە هەر شوێنێکەوە وێرانی کردووە[105]) . هەر لێرەشەوە شەڕی بەربەریەت و شارستانی دەستی پێکردووە. لەهەمان کاتیشدا دەبێت ئەوەش بڵێم کە ئەم عەرەبانە خەڵکی وولاتەکە نەبوون، رقێکی زۆریشیان لەخەڵکی ئیسپانیا بووە. کەئەمەش مێژوویەکی کۆنی هەیە .

102- **www. Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg,**

103- **هەمان سەرچاوە**

104- **علی الوردی ، دراسة فی الطبیعة المجتمع العراقی**

105- **. ابن الخلدون ، المقدمة ،ص453**

6 . بوونی کاریزمایەکی وەکوو فرانکۆ

فرانکۆ زۆر باش کۆمەڵگای ئیسپانی دەناسی ، زۆر زیرەکانە هەڵسووکەوتی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دەکرد. فرانکۆ بەحوکمی ئەوەی کەسێکی سەربازی بوو، توانی حکومەتێکیش لەسەر هەمان بنەما دروست بکات . حکومەتێکی دیکتاتۆری سەربازی ، کەس بۆی نییە بچووکتری گفتوگۆبکات . هەر سەرپێچیەکیش لەلایەن ئەندامانیەوە بکرێت ،یەکسەر سزادەدرێت . جگە لە بەکارهێنانی ترس و سەرکووتی و تۆقاندنی ئەندامانی حکومەتەکەی . بەم شێوەیە هەموو حکومەتەکە وەکوو دەزگایەکی تۆندوتۆڵی سەربازی کارەکانی بەرێوە دەبرد . کەئەمەش ئالەو کاتەدا ، رۆڵێکی گەورەی هەبوو ، چونکە هەر لێکترازان وجیابوونەوەیەک ، بە زەرەر ومااڵوێرانی کۆتایی پێدەهات . بەراستی کاریزمایەکی وەکوو فرانکۆ ، فاکتەری سەرەکی بوو ، بۆ مانەوەی ئەو تۆندوتۆڵیەی کودەتاچیەکان .

ڕۆڵی زلهێزەکانی جیهان

دیارە هەروەک لە سەرەتاوە باسم کرد، کەئەم شەڕەی ئیسپانیا، شەڕی زلهێزەکانی ئەو کاتەی جیهان بووە. هەریەکەو ئیسپانیایان کردبووە گۆڕەپانێک بۆ تاقیکردنەوەی (چەک و توانا سەربازیەکانیان) و پیشاندانی ماسوولکەکانیان بە وواڵاتانی تر. دیارە لەپێش هەموشیانەوە وواڵاتانی (ئەڵمانیا وئیتالیا و سۆڤێت) ڕۆڵی سەرەکیان لەم شەڕەدا هەبوو . دەتوانم بڵێم یەکەمین قۆناغی شەڕی سارد لەوواڵاتی ئیسپانیاوە دەستی پێکرد . بەاڵم ئەو کاتە شەرەکە لەنێوان ئەو سێ دەوڵەتەدا بوو . هەر پاش کۆتایی پێهاتنی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، یەکسەر جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکرد . لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کورتی باسی ڕۆڵی ئەو وواڵاتانە لەم شەڕەدا بکەم .

ئەڵمانیا

زۆرجار هیتلەر دووپاتی کردۆتەوە، کە شەڕی ئیسپانیا پرۆژەیەکە بۆ شەڕێکی گەورەتر[106]. هەر زوو هیتلەر

Die internationale Dimension des Spanischen Bürgerkrieges: Intervention und Nichtintervention, von WALTER L. BERNECKER, Nürnberg -106

دەستی خۆی گەیاندە لای فرانکۆ و یارمەتیەکی زۆریدا. خوا هەڵناگرێت فرانکۆش زۆرپیاوانە یارمەتیەکانی لێوەرگرت.

هەڵمەتی ڕیوگەن Operation Rügen

لەئۆکتۆبەری 1936 دا فرۆکەکانی ئەڵمانیا جۆری JU 52(He 51,)، توانیان لەماوەیەکی ئێجگار کەمدا، 13500، سەرباز و 270 تەن شمەکی سەربازی ، لەباکووری ئەفەریکاوە(مەرۆکۆ) بۆ ناو ئیسپانیا بگوێزنەوە. دیارە ئەمەش گەورەترین پشتگیری لەشکرەکەی فرانکۆی کرد[107]. لەهەمان کاتیشدا ئەڵمانیا 900 فرۆکە و فرۆکەوانی بەشداریان کرد . جگە لەبەشداربونی 19500 سەربازی ئەڵمانی و، چەندین ئەفسەرو جەنەراڵ و پسپۆری سەربازی و، سیخور و پۆلیسی تایبەت و ئەندازیار ،،. هەروەک لەپێشیشدا ئاماژەم پێدا ، کە فرۆکەکانی ئەڵمانیا ڕۆڵیکی سەرەکیان لەم شەڕەدا گێڕاوە،زیاتر لە 21 ملیۆن تەن بۆمبیان لەدژی خەڵکی ئیسپانیا بەکارهێنا. ئەمان توانیان باشترین یارمەتی فرانکۆ بدەن . لەهەمانکاتیشدا چەندین جەنەرالی سەربازی ئەڵمانی بەشداری شەڕەکەیان کرد لەوانە:

General Hugo Sperrle; Hellmuth Volkmann
Wolfgang von Richthofen

107- هەمان سەرچاوە

ئەم جەنەڕالانە سووپاکەی ئەڵمانیایان بەڕێوە دەبرد . دیارە ئەمانە هەموو خاوەنی ئەزموونێکی گەورەی سەربازی بوون ، چەندین شەڕیان بینی بوو. پاشان بەم ڕێکەوتنە سەربازی و سیاسیەی ئەڵمانیا وئیسپانیایان ووت ، لیگیۆن کۆندۆر Legion Condor .

جگە لەوەش بە سەدەیا ئەفسەر وخوێندکاری ئیسپانی لەزانکۆ وپەیمانگاکانی ئەڵمانیا دەیانخوێند. چەندین دەورەی جۆراجۆریان بۆ کادیر وکارمەندەکانی حکومەتەکەی فرانکۆ کردەوە.

لەڕووی ئابووریشەوە، ئیسپانیا ڕێگای بە ئەڵمانیا دا هەموو کان و سامانە سروشتیەکانی ئیسپانیا بەکاربهێنێت . بۆ ئەم مەبەستەش دوو کۆمپانیایان دروست کرد بەناوی هیسما ورۆکا

HISMA *(Compañía Hispano-Marroquí de Transportes Ltda.* und ROWAK *(Rohstoff- und Wareneinkaufsgesellschaft m.b.H.)*

ئەم دوو کۆمپانیایە ،کاریان گەیاندنی چەکوتەقەمەنی و شمەکی سەربازی و مەدەنی و ئازووقە ، لەئەڵمانیا وە بۆ ئیسپانیا بوو[108]. لەهەمانکاتیشدا ، هێنانی نەوت و خەڵوزو بەرهەمی کشتوکاڵی لەئیسپانیاوە بۆ ئەڵمانیا . لەهەمان کاتیشدا کۆمپانیای ڕۆکاROWAK بەشێکی زۆری کانە خەڵوزیەکانی ئیسپانیای کڕیبووەوە. جگە

108- **Spanischen BürgerkriegDer wirtschaftliche Einfluß des nationalsozialistischen Deutschlandsaufden,Kai Steenbuck ,**

لەوەش سەرمایەگوزاری زۆری لەئیسپانیادا دەکرد . جگە لەم کۆمپانیایەش کۆمپانیاکانی Siemens,Thyssen,BASF, Lufthansa,DeutscheBanK

سەرمایەگوزریان لەئیسپانیادا دەکرد . دیارە ئەڵمانیا گەورەترین پشتگیریکەری فرانکۆ بوو، بە دڵنیایەوە، گەر یارمەتیەکانی ئەڵمانیا نەبوایە فرانکۆ سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا.

ئیتالیا

لەپاش ئەڵمانیا، ئیتالیا گەورەترین پشتگیریکەری فرانکۆ و حوکمەتەکەی بوو. مۆسۆلینی، هەر زوو دەستی پیرۆزی گەیاندە، دەروێشە ئیسپانیەکانی. ئەمیش بێ ئەندازە یارمەتی دارایی و سەربازی و سیاسی، کودەتاچیەکانی دا. ئیتالیە فاشیستەکان ،لە ئەڵمانیەکانی هاوڕێیان، زیاتر بەتەنگ ئەم شەڕەوە هاتن. بگرە یەکێک لە گەورە لێپرساوەکانی حکومەتی فاشیستی ئیتالیا، گالیسۆ کاینۆ،Galeazzo Caino ووتی (ئەم شەڕە، شەڕی ئایدۆلۆژیایەی فاشیزمە[109]). لەبەرئەوە، مۆسۆلینی هەموو چالاکی خۆی بۆ ئەم شەڕە تەرخان کردبوو. هەروەک یەکێک لەمێژوونوسە ئەڵمانیەکان دەڵێت: (ئیتالیایەکان هێندە بەگەرمی ئیهتمامیان بەم شەڕە دابوو، کە هەروەک بڵێیت ئەم

Galeazzo Caino,Tagebücher,1937-38.Hamburg,1949 -109

شەڕە لەئیتالیادا دەکرێت. ئەمان پێیان وابوو، کەچارەنووسی ئیتالیا بەم شەڕەوە بەستراوەتەوە[110]). لەبەر نزیکی ئایدۆلۆژی هەردوولا، هێندەی تر پەیوەندیان بەهێزتر بوو. هەرلەبەر ئەوە دەبینین بەهەزاران فاشیستی ئیتالی بەشداری ئەم شەڕەیان کرد. لەڕووی سەربازشیەوە، ئیتالیا، لەئەڵمانیا پشتگیری زیاتری فرانکۆی کرد. سەرەتای پشتگیری ئیتالیا، بە فڕۆشتنی بۆمبی مۆدێرنی 12Savoia,S81 دەستی پێکرد، ئەم جۆرە بۆمبانەش، بەزانستی ترین شێوە، زۆرترین بۆردوومانی دەکرد. هەر زوو ئەم بۆمبانەیان بۆ فرانکۆ نارد. پاشان یارمەتیەکانی ئیتالیا، لەکاتی شەرەکە، بەشێوەیەکی ئێجگار زۆر زیادی کرد.

Die internationale Dimension des Spanischen -110
Bürgerkrieges: Intervention und Nichtintervention, von .WALTER L. BERNECKER, Nürnberg

دروشمی بژی ئیسپانیا ، بژی ئیتالیا، بژی ئەڵمانیا ، بژی پۆرتووگال

ئیتالیا هەزار فرۆکەی جەنگی مۆدێرن و، 2000 تۆپ، 1000 ئۆتۆمبیلی سەربازی، 3500 چەکی ڕەشاش و، 10 هەزار چەکی ئۆتۆماتیکی. هەتا کۆتایی شەڕەکە، زیاتر لە 80 هەزار ئیتالی بەشداری شەڕەکەیان کرد. کەپێکهاتبوون لە 40 هەزار سەرباز، 6هەزار فرۆکەوان، 30 هەزار فاشیستی خۆبەختکەر[111]. جگە لەوەی، کە ئیتالیا لەڕووی دیبلۆماسیەوە گەورەترین خزمەتی پێشکەش بە فرانکۆ کرد. تاکە پشتگیری کەری فرانکۆ لەجیهاندا، ئیتالیا بوو، کە بەهۆی فاتیکانەوە، زۆرترین پشتگیریان بۆ فرانکۆ کۆکردەوە.

ستالین و سۆڤێتەکەی

ستالین یەکەمجار ، زۆربەساردیەوە سەیری شەڕەکەی کرد ، ئەوەش لەبەرسێ هۆ بوو.:

1. لەبەرئەوەی ستالین ئەوکاتە خەریکی پاکتاوکردنی کۆمۆنیستە تڕۆتسکیەکان بوو، کەبە پڕۆسەی دادگاکانی مۆسکۆ ناسراوە. لەهەمان کاتیشدا ئەوکاتە ستالین زیاتر

111- هەمان سەرچاوە

لەبەر کێشە ناوخۆیەکانی ، ئاگای لە کێشە دەرەکیەکان نەبوو.

2 . لەبەر ئەوەی لەئیسپانیا ، هیچ لایەنێکی کۆمۆنیستی ستالینی بەهێزی تێدانەبوو. بگرە زیاتر ئانارشیستەکان و تڕۆتسکی و سۆسیال دیمۆکراتەکان بەهێزبوون. ئەم سێ لایەنەش ، بەگەورەترین دوژمنی ستالین ناسراون .

3 . لەبەر باوەڕبوونی ستالین ، بەئاشتی لەگەڵ هیتلەرو مۆسۆلینی . ستالین لەڕووی سیاسیەوە، کابرایەکی دیکتاتۆربوو، باوەڕی تەنها بەخۆی بوو. لەهەمان کاتیشدا ، ئاستی بیرکردنەوەی قوڵی نەبوو. لەڕوی ئایدۆلۆژیشەوە، هۆشیاری کەمی هەبوو. یەکێک لەگەورەترین هەڵەکانی ، خوێندنەوەی چەوتی، بۆ فاشیزم و هیتلەربوو. ئەم پێی وابوو ، کەدەتوانێت لەگەڵ فاشیزمدا ، ئاشتی ببەستێت. لێ ئەمەش هەڵەیەکی کوشندەبوو،زیاتر لە 25 ملیۆن سۆڤێتی بوونە قووربانی ، ئەم سیاسەتە چەوتەی ستالین .

یارمەتیەکانی مۆسکۆ

هەروەک ووتم سۆڤێت زۆر درەنگ هەستی یارمەتیدانەی جوولا. لە ئۆکتۆبەری 1936، ئینجا یارمەتیەکانی مۆسکۆ گەیشتە ئیسپانیا. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم، کە هەتا کۆتایی شەڕەکە، سۆڤێت گەورەترین و باشترین یارمەتیدەری کۆماریەکان بوو.

بەپێی یەکێک لە لێکۆڵینەوەکان، سۆڤێت ئەم چەکانەی بۆ کۆماریەکان ناردووە :

/ 300 هەزار پارچە چەکی بچووک
/ 10500 چەکی ئۆتۆماتیک
/ 5150 هەزار چەکی سووک
/ 900 دۆشکە
/ 3 ملیۆن قونبەلەی بچووک
/ 400 فرۆکەی ئاسمانی
/ 40 تانکی سووک
/ 400 تانکی قوورس
/ 760 ملیۆن فیشەکی هەمەجۆر
/ 10 تۆپی قوورس
/ 55 تۆپی ئاسایی
/ 4 کەشتی دەریایی جەنگی
/ 2 هەزار ، ئەفسەر وئەندازیار وپسپۆر و سەرباز.

جگە لەناردنی، ئازووقە: گەنم، نۆک، لۆکە، رۆن، شەکر، جلووبەرگی سەربازی ومەدەنی، تەنانەت جگەریشی بۆ دەناردن. هەروەها هەتا شەرەکە کۆتایی پێهات، هەموو سووتەمەنی ئیسپانیا، لەنەوت وگاز و بەنزین، لە سۆڤێتەوە بەدیاری بۆیان دەهات. هەموو یارمەتیەکانی مۆسکۆ بە 135 ملیۆن دۆلار دەخەملێنێت (112).

112- هەمان سەرچاوە
هەروەها بڕوانە ئەم سەرچاوانەی تریش

لەڕووی سیاسیشەوە ، سۆڤێت هەوڵیدا، لەهەموو جیهاندا، بەتایبەت لەناو پارتە کۆمۆنیستەکاندا، پشتگیری وهاوکاری، بۆ کۆماریەکان کۆبکاتەوە. هەر ئەو پشتگیریەی سۆڤێتیش بوو، وای کرد لەهەموو جیهانەوە، شۆڕشگێران بەرەو ئیسپانیا بەڕێبکەون، ئەوکاتە ئیسپانیا، بووبوە، مەککەی هەموو شۆڕشگێرە جیهانیەکان. دیارە ئەوکاتە،هەستی یارمەتیدان و هاوکاری، لەناوجیهاندا زۆربووە ، هێشتا مۆڕاڵی سەرمایەداری ئەمەریکی، بەسەرجیهاندا، وەکوو ئەمڕۆ زاڵنەبوو بوو.

Viñas,in Manuel Tuñón de Lara u.a, Der Spanische Bürgerkrieg. Eine Bestandsaufnahme, Frankfurt am Main 1987, S. 257 f.
Wolfgang Schieder/Christof Dipper (Hg.)
Der Spanische Bürgerkrieg in der internationalen Politik (1936-1939). 13 Aufsätze, München 1976, S. 249-255).

شۆڕشگێڕە جیهانیەکان

لەگەڵ سەرهەڵدانی شەری ئیسپانیا، لەهەموو جیهانەوە شۆڕشگێڕە ئینتەرناسیۆنالەکان، وواڵاتی ئیسپانیایان کردە وواڵاتی خۆیان. بەهەزاران شۆڕشگێڕ خۆیان کردە قوربانی بۆ ئازادی ئەم کۆمارە ئازادە. بۆ یەکەمجار لە 13 ئۆکتۆبەری 1936دا، 600شۆڕشگێڕ گەیشتنە بەندەری Alicant. ئەمەش سەرەتای کاروانی شۆڕشگێڕان بوو[113]. هەتاوەکوو ئێستاش لەووی ژمارەیانەوە، مێژوونوسان ڕێک نەکەوتوون، هەندێک دەڵێن 80 هەزار کەس بوون [114]، هەندێک دەڵێن59 هەزار بوون[115]، هەندێکی تر دەڵێن 40هەزار کەس بوون[116]. ئەم جیاوازیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەریەکەیان لەووڵاتێکەوە هاتوون، لەهەمان کاتیشدا لەچەندین پارت و گروپی جیاوازیش پێکهاتوون، کەسیان ئاگاداری ئەوی تریان نەبووە. لەلایەکی ترەوە، بەشێکی زۆری، دۆکۆمینتەکانی حکومەتە کۆماریەکە، لەشەڕەکەدا نەماوە . لێ بەشێکی زۆری ئەم جەنگاوەرانە، لەپاریس لەلایەن Josip

---

Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , -113
Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert Korpf,Wien

Wikipedia, der freien Enzyklopädie،Spanische Bürgerekrieg . -114

Die internationale Dimension des Spanischen -115
Bürgerkrieges: Intervention und Nichtintervention, von
.WALTER L. BERNECKER, Nürnberg

Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , . -116
Sozialistische Offensive Vorwärt, AlbertKorpf,Wien,S12

Broz،[117] کە(پاشان بەتیتۆ ناسراو ،سەرکردایەتی شۆرشی گەلانی یۆگۆسلاڤیای کردوو ، پاشانیش توانی وواڵاتی یۆگۆسلاڤیا دروستبکات). دیارە ئەم شۆڕشگێرانە زۆر قارەمانانە دژی فرانکۆ دەجەنگان، بەتایبەت لەشەڕەکانی ساڵی 1936 نزیک مەدرید، ساڵی 1937 لە ئاراگۆن، دواشەڕیش لەبەرشەلۆنە، زۆر قارەمانانە دەجەنگان. دیارە گەورەترین کێشەی ئەم شۆڕشگێرانە ئەوەبوو، بەشێکی زۆریان لەهونەری سەربازی و جەنگ شارەزاییان نەبوو. لەرووی پرەنسیپیشەوە کێشەیان زۆربوو. دیارە ئەم شۆڕشگێرانە بەپێی وواڵاتەکانیان، بەتالیۆنی تایبەتیان بۆدانرابوو. بەشێکی زۆری ئەم شۆڕشگێرانە لەفەرەنسا وئەڵمانیاو ئەمەریکا وبەریتانیا وئیتالیا وئەمەریکای لاتین،،، هاتبوون. دیارە بەشی زۆرینەی شۆرشگێرەکان، لە فەرەنسیەکان پێکهاتبوون . ئەمەش بەهۆی نزیکی هەردوو وڵاتەوە بووەو ، ئەو تێکەڵیە بەردەوامیە نەبراوەی هەردوولا ، رۆڵی سەرەکی هەبووە . دیارە لەم شەڕەشدا سەدەیا نووسەر وڕوناکبیرو ڕۆشنبیری ئەو سەردەمە، بەشداری ئەم شەڕەیان کردووە . لەوانە:

Pablo Picasso, Joan Miró, Ernest Hemingway, Georg Orwell Heinrich ,Thomas Mann, Albert Camus , André Malraux.

Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg, Florian Liehr -117
www.

بۆچوونی چەند نووسەرێکی جیهانی لەسەر ئەم شەڕە

جۆرج ئۆرویل Georg Orwell

نووسەری گەورەی ئینگلیزی، لە 25 یانوەری 1903 لە Motihari لەهیندستان لەدایک بووە. خاوەنی چەندین خامەی ئەدەبی گەورەو گرنگە. چەندین رۆمان و چیرۆکی هەیە، لەوانە :

رۆژێک لەبورما، کەسالّی 1934 نووسیویەتی. کچی قەشەکە، سالّی 1935 نووسیویەتی. کەتەلۆنیاکەم، سالّی 1938 نووسیویەتی. رێگای ڤیگان پیێر، سالّی 1937 نووسیویەتی. بەهێزترین رۆمانیشی (سالّی 1984) ە، کەسالّی 1949 نووسیویەتی. ئەم رۆمانەی بە گەورەترین، رۆمانی رەخنە ئامێز دەژمێرێت، کەلەدژی سیاسەتی ستالینی نووسراوە. دیارە ئۆرویل، کەسێکی شۆڕشگێر بووە، زۆر دژایەتی ئیمپریالیست و کەپیتالیزم و ستالینزمی کردووە. یەکێک بوو لەو شۆڕشگێرە ئینگلیزانەی، کەچەکی شۆڕشی کردە شان و بەرگری لە کۆمارە ئازادیخوازەکەی ئیسپانیا کرد[118].

Microsoft Encarta,2003, Georg Orwell. -118

جۆرج ئۆرویل دەڵێت :

پیاو لەم شەڕەدا، هەستێکی بەرزی خۆبەختکەرانەی وای لادروست دەبێت، کە شەرەفێکی گەورەیە، پیاو ژیانی خۆی، بەرامبەر ئازادی و یەکسانی مرۆڤایەتی دابنێت. لەم شەڕەدا رۆحە مرۆڤیەکان، تێکەڵی رۆحە زیندووەکانی تر دەبن. ئێمە ئامادەنین، وەکوو تەرەسێکی دەبەنگ، ژیانی خۆمان بکەینە قووربانی ماکینەکانی کەپیتالیزم[119].

Franz Borkenau

کاتێک گەیشتینە نزیکی *Ramblas* (شارۆچکەیەکە نزیکی شاری بەرشەلۆنە). لە پڕ تووشی کارەساتێکی ئێجگار ترسناک بووین. تووشی کوشتارێکی ئێجگار ترسناک هاتین. کە مرۆڤەکان بەرگی درندەترین گیانلەبەریان پۆشیبوو. ئەو جیهانەی کەبینیم، جیهانێکی ئێجگار جیاوازبوو، لەو جیهانەی کە پێشتر بینی بووم [120].

119- Spanische Bürgerekrieg، Wikipedia, der freien Enzyklopädie

120- هەمان سەرچاوە

Anton Beevor

هەندێک پێیان وابووکە، شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، شەڕە لەنێوان بیری دیمۆکراتی و بیری فاشیزم. سەرەتا هەموو چەپەکان پشتگیری شەڕی ناوخۆیان کرد. وایان زانی کەئەم شەڕە زوو کۆتایی پی دێت و، سەرکەوتنیش بۆ کۆمۆنیستەکان دەبێت. بەڵام پاشان هەموو تێگەیشتن، کەئەم شەڕە چ وێرانکاریەکی بۆ گەلی ئیسپانیا هێنا . تێگەیشتین، کەچ تاڵی وتراژیدیایەکی بێ وێنەی لەمێژوودا تۆمار کرد. دیارە ئەم شەڕە، شەری نێوان ستالینی دیکتاتۆر، بەربەریزمی فاشیزمی بوو [121].

Pablo casals

ئەی ئازادیخوازانی جیهان. بێ دەنگ مەبن لەو کاولکاری و ووێرانیەی، کەئەمرۆ بەدەستی فاشیستەکان لەئیسپانیادا دەکرێت. جا تکاتان لێدەکەین، وەرن بە پیریمانەوەو یارمەتیمان بددەن. چونکە دڵنیابن، ئەم شەڕە، شەڕی هیتلەرەو، هەر سەرکەوتنێکیش، سەرکەوتنە بۆ هیتلەر. گەر ئەمرۆ شارولادێکانی ئیسپانیا وێران بکرێت، بەدڵنیایەوە، سبەینی هەموو شارولادێکانی

121- هەمان سەرچاوە.

ئێوەش وێران دەکرێت. رۆژێک دێت هیتلەر، تەواوی ئەوروپا وێران و خاپوور دەکات [122].

لیۆن تڕۆتسکی Leo Trotzki

تڕۆتسکی پێی وابوو کە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، یەکێکە لە ئەزموونە گرنگەکانی کۆمۆنیزم و بزووتنەوەی کرێکاری. لێ ئەو پێی وایە کە ستالینیزم و سیاسەتی زلهێزەکان، بوونە هۆی دروست بوونی تراژیدیایەکی گەورەی جیهانی .هەروەک خۆی دەڵێت: (ئەزموونی ئیسپانیا، تراژیدیایەکی نوێی جیهانییە، کە زلهێزەکان جیهان، بەشداری ئەم چەتەگەری و ناپاکیەیان کرد [123]).تڕۆتسکی وەکوو ڕەخنەگرێکی بەردەوامی ستالین ، سیاسەتی ستالین لەم شە ڕەدا، بەچەوت و ناڕاست و دەبەنگ و دژە کۆمۆنیستی دادەنێت. هەروەک خۆی دەڵێت : (لەم شەڕەدا، سیاسەتی دژە کۆمۆنیستی ستالین، بەتەواوی بۆ جیهان دەرکەوت). پاشان دەڵێت : (خەڵکی حکومەتی فرانکۆی بۆچییە ، ئەوەنییە ستالین دەسەلاتێکی بیرۆکراتی گەورەی بۆ کۆماریەکان دامەزراندووە [124]). تڕۆتسکی ستالینیزم و بۆرجوازی بچووک دەخاتە قاڵبێکەوە. ئەو پێی وابوو کە کۆماریەکان

122- هەمان سەرچاوە

123- Leo Trotzki: Die Spanische Lehre - eine letzte Warnung . Wien .S19

124- . هەمان سەرچاوە

هەڵگری بیری بۆرجوازی بچووکن و سیاسەتە ریفۆرمیستەکان و شازشتەکانیان لەبەرامبەر فرانکۆ، دژی شۆڕشی مەزنی ئیسپانی بوو. هەروەک خۆی دەڵێت :(ئەم بۆچوونە سەقەتەشیان، گورزێکی کوشندەی لە پرۆلیتاریای ئیسپانی و جیهانیش وەشاند.[125])

دەربارەی ئانارشیستەکانیش، تڕۆتسکی پێی وابوو ،کە سیاسەتی سەقەتی دژە دەوڵەتی ئانارشیستەکانیش، ڕۆڵی خراپی لەم شەڕەدا گێڕا. ئەوەتا دەڵێت :

(ئانارشیستەکان، لەجیاتی ئەوەی بێن شورا و حکومەتی کۆمۆنیستی دروستبکەن، دەهاتن سەندیکای کرێکاریان دروست دەکرد. بە بۆچوونی سەقەتی ئەمان، سەندیکاکان باشترین ئەلتەرناتیفی دەوڵەتن. ئانارشیستەکان هەموو کات دەیانووت {ستالینزم، بەرهەمی مارکسیزم وبۆلشەفیزمە} . هەر ئەم بۆچوونە سەقەتەشیان دەربارەی دەوڵەت، گورزێکی کوشندەی لە پرۆلیتاریای ئیسپانی وەشاند .[126])

125- . هەمان سەرچاوە

126- . هەمان سەرچاوە

ئەو دەرسانەی لەم شەڕە وەرگیران

ئەم شەڕە لای زۆربەی ئەکادیمی و سیاسیەکانی جیهانەوە جێگای قسەو باسێکی زۆرە. بە هەزارەها کتێب و ووتاریان لە سەر نووسیوە. چ کۆمۆنیستەکان، چ بۆرجوازیەکان، هەریەکە بە شێوەی خۆی، هەوڵی شرۆڤەکردنی ڕووداوەکانی ئەم شەڕەیان داوە. لێ من هەوڵ دەدەم لە بۆچوونی تایبەتی خۆمەوە، ئەو ئەزمونانەی لەم شەڕەدا بۆم دەرکەوتووە، بیانخەمە ڕوو.

1 . گرنگی بوونی پارتێکی شۆڕشگێڕ و جەماوەری :

لە ئەزموونی ئیسپانیا بۆمان دەردەکەوێت، کە بوونی پارتێکی شۆڕشگێڕ، چەندە گرنگە بۆ سەرهەڵدان و سەرخستنی شۆڕشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. لەم ئەزموونە دا بۆمان دەرکەوت، کە هۆی سەرەکی پەرتوو بڵاوبوونی لایەنە سیاسیەکان، نەبوونی پارتێکی سیاسی گەورە بوو، کەبتوانێت رابەرایەتی شۆڕشەکە بکات. پێ دەچێت پارتی سەرتاسەری و بەهێز، ڕۆڵی سەرەکی لە هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕاپەرینەکاندا نەبێت، بەڵام بەدڵنیایەوە، گەورەترین ڕۆڵی لەسەرکەوتن و پێشخستنی

هەموو شۆڕش و راپەڕینێک دەبێت. بوونی چەندین گروپی جیاوازی فکری و سیاسی، گوزرێکی کوشندەی لە شۆڕشەکەی ئیسپانیا وەشاند. لەهەمانکاتیشدا، ئەزموونی ئیسپانیا، ئیسپاتی کرد، کە سیاسەتی (بەرەی نیشتمانی) کە شیرینترین سیاسەتی ستالینیەکان بوو، سیاسەتێکی چەوت و خراپە و، هیچ کاتێکیش کۆمەڵگا بەم سیاسەتانە نابرێت بەڕێوە.

2. ریفۆرمی زەوی و کشتوکاڵی

یەکێک لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، ئەو جیاوازی و ناعەدالەتیە کۆمەڵایەتیە بوو، کە کۆمەڵگای ئیسپانی کردبووە دووبەشی دژبەیەکەوە. بوونی کەمایەتیەکی دەرەبەگ و دەوڵەمەند، کەزۆربەی زەویە کشتوکاڵیەکانی لەژێردەستدا بوو. بەرامبەر بە زۆرینەیەکی جووتیاروکرێکاری هەژارو زەحمەتکێش. خۆشی ژیانی دەرەبەگەکان، بووبوە هۆی خراپی و ناخۆشی ژیانی جووتیاران و کرێکاران. هەربۆیە لەهەموو کۆمەڵگایەکدا، پێویستە ریفۆرمی زەوی بکرێت. گەر نەکرێت، دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشە و شەڕو پێکدادانی بەردەوام. لەهەمان کاتیشدا ، پێویستە جیاوازی و ناعەدالەتی نێوان چینەکۆمەڵایەتیەکان کەمبکرێتەوە، هەرچەندە ئەمرۆ ئەم ناعەدالەتیە زۆربەرۆژ بەهێزترەدبێت، دەوڵەمەندەکان هەر دەوڵەمەند دەبن، هەژارەکانیش هەژارتر دەبن.

3 . رۆڵی خراپی کەنیسە و پاپای فاتیکان

لەم شەڕەدا کە نیسەی ئیسپانیا خراپترین ڕۆڵی بینی. لەجیاتی ئەوەی پشتگیری هەژاران و کرێکاران بکات ، کەوتە دژایەتی کردنی داواکاریەکانی خەلکی زەحمەتکێشی ئیسپانی . بگرە کەنیسە بۆخۆشی، بەشێک بوو لەکێشە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. کەنیسەی ئیسپانی، بەهەموو شێوەیەک هەوڵی دا، کە ئیسپانیا لە گۆڕانکاریەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیەکان ئەوروپا بەدوور بگرێت. بەڵام پاشان بۆیان دەرکەوت، کەئەم کارەیان بۆ ناکرێت. کەنیسە هەموو کات پشتگیری حوکمی نارەوای پادشاو دەرەبەگەکانی دەکرد، بۆ خۆشی بەشێکی زۆری زەوی زارە کشتوکاڵیەکانی داگیرکردبوو، هەربۆیە دژی هەموو ریفۆرمێکی زەوی دەوەستایەوە. دیارە پاپای فاتیکان، پاش ئەم شەڕەش دژایەتیکردنی کۆمۆنیزمی، کردبوو، بە گەورەترین بنەمای سیاسەتی فاتیکان. لەهەرکوێیەک کودەتای سەربازی دژی کۆمۆنیستەکان بکرایە، پاپای فاتیکان پشتگیری دەکرد. لە هەمان کاتیشدا بوو، بە گەورەتری دوژمنی سۆڤێت و لەگەڵ ئەمەریکاش بەهێزترین هاوپەیمانی بەستبوو. پێکڕا دژایەتی کۆمۆنیزم و سۆڤێتیان لەجیهاندا دەکرد. پاپا و فاتیکانەکەی، نەگریسترین رۆڵیان لە شەڕی بەناو (سارد) دا بینی ، بەتایبەت لە ئەمەریکای لاتین.

4 . بەکارهێنانی لەشکر و کودەتای سەربازی لەدژی کۆمۆنیزم

لەپاش شەڕی ئیسپانیاوە، کودەتای سەربازی بوو بە عادەتێکی نەگریسی سیاسی، لەهەرلایەک کۆمۆنیستەکان، بەرێگای شەرعی دەسەڵاتی سیاسیان دەستبکەوتایە، یەکسەرلەشکر کودەتای سەربازی دەکرد . لەماوەی سەدەی پێشوودا، خوێناویترین کودەتای سەربازی بەڕێوەچوو . پیاو دەتوانێت، سەدەی پێشوو، بە سەدەی کودەتای سەربازی بژمێرێت ،چونکە هیچ کات هێندەی ئەو سەدەیە، کودەتای سەربازی نەکراوە. دیارە بەشی زۆری ئەم کودەتا سەربازیانەش لە وڵاتانی جیهانی سێ یەم (ئاسیا، ئەفەریکا ،ئەمەریکای لاتین) ڕوویان داوە. هەرهەموشیان تراژیدیایەکی گەورەو ماڵوێرانیان، بۆ گەلانی جیهان خوڵقاندووە. هەموو کودەتاسەربازیەکانیش، دەستێکی دەرەکی، یان دەوڵەتێکی زلهێزی جیهانی لەپشتیەوە بووە. لەهەمان کاتدا، بەکارهێنانی لەشکر لەدژی کۆمۆنیستەکان، بوو بە سیاسەتێکی بەردەوامی ئەمەریکا، کەلە هەموو جیهاندا ئەم سیاسەتەنەگریسەی بەکاردەهێنا. ئەمەریکاو هاوپەیمانەکانی، زۆرباش سوودیان لەئەزموونی ئیسپانیا وەرگرت، بەتایبەت دەزگا داپلۆسێنەروسەرکووتکەرەکان، و سیاسەتە دژە کۆمۆنیستەکانی فرانکۆ. و لە ئەمەریکای لاتین و جیهان لەدژی کۆمۆنیستەکان بەکاریان هێنا. تەنانەت بەشیکی زۆری لە ئەفسەرە دڕندەکانی سووپای ئیسپانیایان، بۆ شەڕی دژە کۆمۆنیزم لە ئەمەریکای لاتین بەکارهێنا.

ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی هەمان سیاسەتیان لەم وڵاتانە بەکارهێنا:

/ . یۆنان.

هەرپاش تەواوبوونی شەری دووەمی جیهانی، ئاگرێکی گەورە وڵاتەکۆنەکەی یۆنانی گرتەوە. بەهەمان شێوەی ئیسپانیا، شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی لەنێوان کۆمۆنیستەکان و فاشیستەکان رووویدا[127]. ئەم شەڕەش ،لە ساڵی 1944 تا ساڵی 1949 ی خایاند. دیارە تراژیدیای گەلی یۆنانیش، لەتراژیدیاکانی گەلی ئیسپانیا کەمتر نەبوو . بەهەمان شێوە، بەهەزاران بوونە قوربانی و بە سەدان هەزاریش ئاوەڕەو دەربەدەری وڵاتانی دراوسێ بوون، کەزیاتر لە نیوملیۆن کەس گیانیان لەدەست دا ، زیاتر لە 90 هەزار کۆمۆنیستیش وڵاتیان بەجێهێشت[128]. سەیر لەوەیە ستالین زۆر لەجاری جاران، خراپتر هەڵسوکەوتی لەگەڵ ئەم شەڕەش کرد . ستالین لەبەر سیاسەتی ئیمپریالی خۆی ، رازی بوو، بە دابەزینی لەشکری بەریتانی لەیۆنان ، چونکە بەپێی پەیماننامەی یاڵتا ، یۆنان بەر ئینگلیز دەکەوت . دیارە لەم پەیماننامەیەدا ، جیهان بە سەر دووەوڵەتی چەتەی گەورە(سۆڤێت و ئەمەریکا) دابەشکرابوو. دیارە

127- **Microsoft Encarta,2003,Die Gerichische Bürgerkrieg (1944-1949)**

128- **هەمان سەرچاوە**

ئەم شەڕەش بە دابەزینی لەشکری بەریتانی و داگیرکردنی یۆنان کۆتایی پێهات .

/ . ئەندەنووسیا

لەپاش رزگاربوونی ئەندەنووسیا لەدەستی هۆلەندا، سۆکارنۆ توانی حکومەتێکی نیشتمانی سەربەخۆ پێکبهێنێت. دیارە سۆکارنۆ* خاوەنی سیاسەتێکی سەربەخۆ بوو ،لەهەمان کاتیشدا یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی وولاتە بێ لایەنەکان). بەڵام ئەمەریکاو ڕۆژئاوا زۆر دژی سیاسەتەکانی ڕاوەستانەوە. لەهەمان کاتیشدا پارتی کۆمۆنیستی ئەندەنووسی، هەوادارو لایەنگرێکی ئێجگاری زۆری هەبوون. کەئەو کاتە ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی دووملیۆن ئەندام.

لە 30 سێپتەمبەری 1965 دا، جەنەرال سوهارتۆ، کودەتایەکی سەربازی خوێناوی ئەنجام دا، کە بە خوێناوی ترین کودەتای سەربازی لەمێژوودا دەژمێرێت.

* سۆکارنۆ Sukarno (1901 / 1970) . سالی 1927 یەکەمین پارتی نەتەوەیی ئەندەنووسی دروست کرد . توانی ڕابەرایەتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەندەنووسی بکات و ، سالی 1945 وولاتەکەی لەژێردەستی هۆلەندا ڕزگاربکات . لەسالی 1950 وە هەوڵی دا (سۆسیالیزمی دەوڵەتی) پێڕەو بکات . سالی 1965 بە کودەتایەکی سەربازی کە ئەمەریکا پشتگیری دەکرد ، لە سەر حوکم لابرا . سۆکارنۆ یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی (عدم الالنحیاز، ڕێکخراوی وولاتانی بێ لایەن) .

لەم کودەتایە، زیاتر لە 1 ملیۆن کەس شەهیدکران، زیاتر لە 750 هەزار کەسیش گیران و خرانە زیندانەوە[129].
دیارە ئەم کودەتایەش، ئەمەریکا نەخشەی بۆ دارشتبوو، گەورەترین یارمەتی سەربازی ودارایی و لۆجیستیکی پێشکەش بە سووپا دڕندەکەی سۆهارتۆ** کرد .

/ . عێراق

لە8 فێبراوەری 1963 ، بە یارمەتی ئینگلیزو ئەمەریکا ، کودەتایەکی سەربازی دژی عەبدول کەریم قاسم ڕێکخرا . لەئەنجامی ئەم کودەتایە ، قاسم لابراو ،دەستیش کرا بە پاکتاوکردن و لەناوبردنی کۆمۆنیستەکانی عێڕاق . کە بەپێی هەندێک سەرچاوە زیاتر لە 35 هەزار کەس بوونە قوربانی ئەم کودەتا سەربازیە . لەهەمان کاتیشدا سەرەتای حوکمی بەعسیە فاشیستەکان لەعیراقدا دەستی پێکرد .

129- 501 سنة الغزو مستمر ، نعوم تشومسکی ، ترجمة می النبهات ، دار المدی،دیمشق/ سوریا ل204

** سۆهارتۆ Suhartu (1920 لەدایک بووە) . لەسالی 1965 بەیارمەتی ئەمەریکا کودەتایەکی سەربازی لەدژی حکومەتی سۆکارنۆ ئەنجام دەدات و دەستدەکات بە پاکتاوکردن و لەناوبردنی کۆمۆنیستەکان . سالی 1968 دەبێتە سەرۆکی ئەندەنووسیا . حوکمێکی دیکتاتۆری عەسکەری بەڕێوە دەبات . بەڵام سالی 1998 ، خۆپیشاندانی خویندکاران و کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەندەنووسیا ، کۆتایی بە حوکمی نەگریسی دەهێنن .

7 / . ئەمەریکای لاتین

ئەمەریکا بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاببوونەوەی بیری کۆمۆنیزم و نەهێشتنی هاتنەسەرکاری کۆمۆنیستەکان، کەوتە یارمەتیدانی لەشکرو فاشیستەکانی ئەمەریکای لاتین. ئەوەبوو هەر زوو دەستی کرد، بە دروستکردنی هاوپەیمانیەک لەگەڵ هەموو جەنەڕاڵە درندەو گروپە فاشیستەکان. لە وولاتانی (نیکاراگوا لەدژی ساندیستەکان دەجەنگی، لە شیلی بەیارمەرتی جەنەڕاڵ پینۆشی، لە 11 سیپتەمبەری 1973 توانی کودەتایەکی سەربازی بەسەر حکومی هەڵبژێراوی سیلڤادۆر گۆسێنە بکات[130]. هەروەها لە نیکاراگواو مەکسیک و بەرازیل و ئەرجەنتین و سیلڤادۆر و هیندۆراس ،، ،،، .) هەمان سیاسەتی نەگریسی دژە کۆمۆنیستی بەکارهێنا . دیارە گەلانی ئەمەریکای لاتین، لەئەنجامی ئەم سیاسەتە نەگریسەی ئەمەریکا، زۆرترین قووربانیان دا. کەهەتاوەکوو ئەمرۆش، کاریگەری خراپی ئەو کودەتا سەربازیانە هەرماوە. ئەمەریکا ئێستاش دڵی ئاوو ناخواتەوە، هەر کاتێک بزانێت حکومێکی نیشتمانی لەو وولاتانە خەریکە بێتە سەر کار، یەکسەر دەستدەکاتەوە بە پیلان دارشتن و هەوڵی کودەتای سەربازی دەدات .

130- Microsoft Encarta,2003, Die Regierung Pinochet , Chile.

5 / ڕۆڵی وولاتانی زلهێز

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، ئیسپاتی کرد کە وولاتانی ناوچەیی و زلهێز، ڕۆڵی سەرەکیان لە هەموو شەرە ناوخۆیەکان هەیە. هەروەک ساموێل هینگتۆنیش دەڵێت(بەهۆی نائارامی سیاسی و کۆمەلایەتی و بێ هێزی ئابووری، شەری سارد لە وولاتانی جیهانی سێیەم کرا[131]). هەر لەبەر ئەوە نابێت هیچ کاتێک، ڕۆڵی خراپی وولاتانی زلهێز لەشەرەناوخۆیەکان لەبیربکەین. هیتلەر پێی وابوو کە(شەری ناوخۆی ئیسپانیا، پێوانەی ئیماکاناتی سەربازی و سیاسی ئەڵمانیا دەردەخات) واتە ئیسپانیا گۆڕەپانێک بوو، بۆ مەشقپێکردن و تاقیکردنەوەی هێزەکانی ئەڵمانیا.

لەشەری ئیسپانیادا، چەندە هێزە ناوخۆیەکان ڕۆلیان هەبوو، دەهێندەش وولاتانی زلهێز، ڕۆڵیان لە گەرمکردنی شەڕەکەدا هەبووە. بگرە هێزە ناوخۆیەکانی ئیسپانیا، بووبونە وەکیلی وولاتە زلهێزەکانی ئەو کاتە، لەجیاتی ئەوان شەڕەکەیان دەکرد. هەربۆیە ئەم مۆدیلی ، گوێزرایەوە بۆ تەواوی جیهان، کە پاشتر بە شەری (سارد) ناودەبرێت، کەلەنێوان (ئەمەریکاو سۆڤێت)

131- صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمى ، صموئيل هنتنغتون، نقله ال العربية. د.مالک عبيد ابو شهيوة
د. محمود محمد خلف. دارالجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان . بنغازى . 1999 . 73

رووبدا. دیارە ئەم شەڕەش بە وەکالەت لە وولاتانی جیهانی سێیەم دا کرا و، گەلانی هەژارو زەحمەتکێشی ئەمەریکای لاتین و ئاسیا و ئەفەریکا، بوونە قوربانی شەڕی نەگریسی ئەم دوو هێزە ئیمپریالیەی جیهانن.

سەرچاوەکانی بەشی سێ یەم

1- Chile .. Die Regierung Pinochet Microsoft Encarta,2003,

2 . Microsoft Encarta,2003,Die Gerichische Bürgerkrieg (1944-1949)

3 . Leo Trotzki: Die Spanische Lehre - eine letzte Warnung . Wien .S19

4.. Wikipedia, der freien Enzyklopädie‹Spanische Bürgerekrieg

5.Microsoft Encarta,2003, Georg Orwell

6 . Der Spanische Bürgerkrieg , 1936 bis 1939 , Sozialistische Offensive Vorwärt, Albert ,Peter Hubert Köppinger , Hürth/ Köln. 1977.S12

7.. Wikipedia, der freien Enzyklopädie‹Spanische Bürgerekrieg

8- Die internationale Dimension des Spanischen Bürgerkrieges: Intervention und Nichtintervention, von WALTER L. BERNECKER .Nürnberg

9. www.Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg, Florian Liehr

10- Viñas,in Manuel Tuñón de Lara u.a, DerSpanische Bürgerkrieg. Ein Bestandsaufnahme,

Frankfurt am Main 1987, S. 257 f.
11- Wolfgang Schieder/Christof Dipper (Hg.): Der Spanische Bürgerkrieg in der internationalen Politik
(1936-1939). 13 Aufsätze, München 1976, S. 249-255).

Galeazzo Caino,Tagebücher,1937-38.Hamburg,1949 **.12**

. 13

Der Wirtschftlische Einflußdes nationalsozialistischen Deutschland auf den spanischen Bürgerekrieg,Kai stenbuck

. 14 ابن خلدون ، المقدمة ، الطبعة لجنة البيان العربى، القاهرة،ص453
15 .، على الوردى ، دراسة فى الطبيعة المجتمع العراقى ، بغداد،

. Baskische Geschichte , Michael Kasper , 16
Wissenschaftlische Buchgesellschaft, Darmstadt -1997,S153-16

Spanien nach Franco , L.Bernecker und .17
CarlosCollado,Oldenbourg Verlag,München,1993,S104
Katalanische Frage und Spanische Autonomien,UlrichMatthee .18
,Paderborn:Schöningh,1988,S99.

Hausarbeiten .de.Der Spanische Bürgerkrieg, Florian Liehr .19
www

. Maria Fatima Gallego , Exil- und Schreiberfahrung 20
Spanischer Intellektueller in Mexiko, Peter Lang ,
Europäischer Verlag der Wissenschaften, frankfurt am Main, 2004,S110-160 .

.Legitimität und Pressekontrolle im Franco –Regime. 21
Entwicklungsaspekte ein autoritären Diktaur ,Peter Hubert Köppinger, Hürth/ Köln. 1977, S 37

www.Zaruelo.de.Spanische Bürgerkrieg .22

Microsoft Encarta,2003, Spanische Bürgerkrieg . 23

24. صدام الحضارات و اعادة بناء النظام العالمى ، صموئيل هنتنغتون، نقله ال العربية. د.مالک عبيد ابو شهيوة
د. محمود محمد خلف. دارالجماهيرية للنشر والتوزيع والاعلان . بنغازى . 1999 . 73

دوا ووشە

لەکۆتایدا دەبێت ئەوە بڵێم، کە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا، کۆمەڵگای ئیسپانی تووشی قە یرانێکی گەورەکرد، کەئەم قەیرانەش بۆ ماوەی چەندین ساڵ پڕنەبوویەوە. بە بروای من ئەم شەڕە، تەنها گۆڕەپانێکی مەزن بووە، بۆ زلهێزەکان ،بۆ ئەوەی ئیمکاناتە سیاسی و سەربازی و فکریەکانیان، بەسەر لاشەی ئیسپانیەکانەوە تاقیبکەنەوە. ئەم شەڕە هەموو ئیسپانیای وێران کرد. هەموو بستە خاکێکی ئیسپانیا، وێرانی و سووتاندنی بەرکەوت. هەر خێزانێک، بەشی خۆی لە کارەساتەکانی شەڕ بەرکەوت. ئاوارەیی و دووری وواڵاتی، بەشیکی تری تراژیدیاکان بوو. خەڵکانێکی زۆر، بەناچاری وواڵاتە جوانەکەی ئیسپانیایان بەجێهێشت و بەرەو هەندەران بەڕێکەوتن. هەر پاش تەواوبوونی ئەم شەڕە، یەکسەر ئاگری شەڕێکی ماڵوێرانەتر هەڵگیرسا . تەواوی ئەوروپای سووتێنراو ، بەملیۆنەها کەسیش بوونە قوربانی خەونە گڵاوەکانی هیتلەرو مۆسۆلینی و چرچڵی خوێنمژ . بەدڵنیایەوە، گەر مرۆڤایەتی بیتوانیایە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیاڕابگرێت، ئەوا دەشیتوانی شەری جیهانی دووەم رابگرێت . بەلام بەداخەوە ئەمەرووی نەدا . ئەزموونی تاڵی ئیسپانیا، پاشتر بۆ گەلانی تری جیهان بەکارهێنرا، بەتایبەت گەلانی ئەمەریکای لاتین، هەمان تاڵی و ناخۆشی شەڕی ناوخۆیان بینی . ئەم شەڕە

تاقیکردنەوەی هێزی وواڵاتانی فاشیزم (ئیتالیا و ئەڵمانیا) بوو لەبەرامبەر وواڵاتی سۆڤێت . بەداخەوە هەرزوو هیتلەر زانی ، کە سۆڤێت لەڕووی سەربازیەوە زۆر بێ هێزەو ، هەربۆیە یەکسەر بڕیاڕی هەڵگیرساندنی جەنگی دووەمی جیهانی داو، کەوتە پەلاماردانی گەلانی سۆڤێت و زیاتر لە 25 ملیۆن خەڵکی سۆڤێت، بەدەستی لەشکرە خوێناویەکەی هیتلەر شەهیدکران. لە هەمان کاتدا، بزووتنەوە چەپەکانی جیهان، نەیانتوانی سوود لەهەڵەکانی هاوڕێ ئیسپانیەکانیان بکەن و تووشی هەمان دەردنەبن. بەگشتی ئەم شەڕە، پیسترین و خوێناویترین قۆناغی لەمێژووی گەلی ئیسپانیا تۆمارکرد. هەتاوەکوو ئەمرۆش، کاریگەری خراپی ئەو شەڕە هەرماوە. یەکێک لەسیفەتەکانی تری ئەم شەڕە، ئەو هاودەنگی و هاوکاریە جیهانیە بوو، کە لەکاتی ئەم شەڕەدا پەیدابوو. ئەم دیاردەیە، یەکەمینجاربوو کە شتی وا لەجیهاندا ڕووبدات. بەهەزاران کەس (کۆمۆنیست و فاشیزم)، بەشداری ئەم شەڕەیان کرد. بەبڕوای من، ئەمە گرنگترین سیفاتی ئەم شەڕەبوو. کەپاشتر هەمان دیاردە، لە وواڵاتانی (ڤێتنام و ئەمەریکای لاتین) بینرا. بەڵام بەگشتی ئەم ئەزموونە تاڵە، گەلی ئیسپانیای فێری زۆر وانەی ژیان کرد. کە پاش40 ساڵی تر، گەلی ئیسپانیا توانی خۆی لەکۆت و زنجیری بیری دەرەبەگایەتی و دیکتاتۆری ڕزگاربکات، و کۆمەڵگایەکی دیمۆکرات و مۆدرێن دروست بکات. بەگشتی ئەو ڕووداو ناخۆشیانەی

شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا ، لەکوردستانیش دووبارە بووەوە . لێ جێگای داخە ، ئێمەی کورد هەتاوەکوو ئەمڕۆش، هەر ترسی شەڕی براکوژیمان هەیە و، هەروا ئاسانیش نییە ، کەلەم بیرە نەگریسە ڕزگارمان بێت .

هیودارم، رۆژێکیش بێت گەلی کوردستانیش، نەهێڵێت جارێکی تر،ڕۆڵە قارەمانەکانی، بەناهەق بکرێنە سووتەمەنی، بۆ شەڕی نەگریسی پیاوە بوودەڵەکانی شەڕی ناوخۆ.



BARRICADA
DE LA
C.N.T. F.A.
A.I.T.

¿QUE FAIS-TU POUR
EMPÊCHER
CELA?
MADRID
WAS TUST DU UM DAS ZUVERHINDERN?
MINISTERIO DE PROPAGANDA



171

172

ناوەڕۆك

پێشەکی

بەشی یەکەم

روداوە مێژوویییەکانی پێش شەڕەکە

سالّی هەرەس

یەکەمین حکومەتی فاشستی لە ئیسپانیا

کێشەکانی لکۆمەلگای ئیسپانی

پارتە سیاسییەکانی ئیسپانیا

پارتە چەپڕەوەکان

پارتە ڕاستڕەوەکان

چینی کرێکاری ئیسپانی

بەشی دووەم

سەرەتای تراژیدیاکان

هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆ

هۆکارە ناوخۆییەکان

هۆکارە دەرەکییەکان

ڕۆڵی هێزە گەورەکانی جیهان

سەرەتای قۆناغێکی نوێ

یەکەمین کودەتای سەربازی

جەنەڕاڵ فرانسیسکۆ فرانکۆ کێیە

کودەتاکەی فرانکۆ

شەڕی سالّی 1936

شەڕی سالّی 1937

شەڕی سالّی 1938

کۆتایی شەڕەکە

بەشی سێهەم

قوربانیانی جەنگ

لەناوبردنی مرۆڤ

کۆچی بەکۆمەڵ

وێرانکردنی ئابووری

لەناوبردنی شارستانی

تراژیدیاکانی گەلی باسك

تراژیدیاکانی گەلی کەتەلۆنی

بۆچی لکۆماریەکان سەرنەکەوتن

بۆچی فرانکۆ سەرکەوتنی بەدەست هێنا

ڕۆڵی وڵاتانی زلهێزی جیهان (ئەڵمانیا ،ئیتالیا ، سۆڤیەت)

بۆچوونی چەند نووسەر و ڕوناکبیر و سیاسی جیهانی لەسەر شەڕی ناوخۆی ئیسپانیا (جۆرج ئۆریل، فرانس بۆرکێنا، بابلۆ کەسالّس، ئەنتۆن بێفۆڕ، لیۆن ترۆتسکی)

دوا ووشە